دورکەوتنەوە لە ئەمریکا بە رووکردنە ڕێگەی تری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا لە لایەکی ترەوە. زەرشتی دەرخست بێ ئەوەی ئاگاداری قسەکانی بێت یان بەمەست بوو لەم کاتەدا، دەرخستنی جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە نهێنیە دارێژراوە کە زەرخەك لەم ماوەیە باسی دەکەن و بە هاوکاری هێزی ناوچەیی و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان هەنگاوی بێ دەنێن و بەرژەوەندەیەکانی خۆیان دەپارێزن، کەچی کوردیش لە گوێی گادا نوستووە . ئەردۆگان دەڵێت؛ هیچ سزایەك ریگە لەتورکیا ناگرێت پێشینەی کارەکانی ئەوە بێت دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی بپارێزیت و ئەو لەو ڕێگەدایە کە تیرۆر بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بنبر کۆتایی پێبهێنێت! مەبەستی کۆتاییهێنان بە پەکەکەیە لە قەندیل وەکو چۆن زەرجار بەرپرسەکانی لێدوانیان لەوبارەوە داوە.
بەڵام پرسیارەکە لەوێدایە چۆن کۆتایی بە بەناو تیرۆرەکەی دێنێت و کێ یارمەتیدەری دەبێت و بەرژەوەندی ستراتیجی کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پیلانەکەی تورکیا سەربگرێت و نیوەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی هەتاهەتایی تورکیا و ئەو خەونە دێرینەی سەتەنەتی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ و شارەزور بێتە دی. هەر لەوێدا ئەردۆگان ڕووی دەکاتە ئەمریکا و دەڵێت فڕۆکەی ئێف 35 مان نادەنێ؟ باشە مافی خۆمانە ڕوو بکەینە شوێنێتر، بەڵام دەستبەرداری موشەکی ئیس 400 نابین.
ئەوەی ڕوونە بێ ئەمریکا کە کێشەکەی لەوێدا نیە موشەکی ئیف 400 بگاتە تورکیا و تا ماوەیەکی تر نەیخاتەگەر کە ئەندامی ناتۆشە بەقەد ئەوەی لە ڕووی ستراتیجی گۆڕینی سیاسەت و ڕووی تورکیا بەرەو ڕوسیا خەریکە بێ ئەمریکا ڕوون و یەکلایی دەبێتەوە، کە تورکیا لە ئەمریکا و ئۆرپا بێئومید بووە و ڕێگەی شەنگەهایی پێباشترە، باشترین بەگەشێ ئەوەیە کە ڕوسیا نەك هەر موشەکەکەی پێدەدات بەکو بە پێی قسەی ئەلیکسەندەر میخاییفی بەرێوەبەری کۆمپانیای (ڕوسی ڕسێربێرن ئیکسپۆرت)ی ڕوسی بێ هەناردەکردنی چەکی حکومەتی ڕوسیا ئەوەیە کە لەوانەیە لەمەودوا هەندێك لە بەشەکانی ئەو موشەکە لە تورکیا بەهەمبەهێنێت، ئەمە جگە لە هەلیکۆپتەر و کەتیبەی موشەکی بەرگری ئاسمانی و دژە فڕۆکەی تر وتەنانەت لە بواری وزەشدا، ئەمەش زەرشت ڕوون دەکاتەوە کە تورکیا تەنها موشەك ناکڕێت بەکو ئەگەر داواکاریەکانی لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێ نەکرێت ئەوا بەیەکجاری ڕوودەکاتە ڕوسیا و پشت لە ئەمریکا و ئەوئەگەرەش لە ئارادادەبێت کە لە هاوپەیمانی ناتۆ دەربکرێت و ئەم وڵاتە ببێتە چەقی شێوە ململانێیەکی ترسناکی جیهانی لەم ناوچەیە کە بێ حەوت سەدەیە بەم شێوەیە نەبینراوە.

ئستاش ئەمریکا و تورکیا لە قناغکی چارەنوسسازدان لە پەیوەندی و چنتی گەیشتن بە رگەی سیەم، بەام خزاندنی تورکیا بو نو لیستی سزاکانی ئەمریکا بە پی یاسای کاتسا لە ئارادایە کە تا ئستا ترامپ بە بەهانەوە دوو دیەوە لەوەدەروانت و بیاری یەکلاکەروە لەو کاتەدا دەدرت ئەگەر ئەمریکا بە تەواوی ئومدی لە تورکیا ببرت و یەکلایی بتەوە کە بواری گەانەوەی نیە.
ئەوەی مەبەستمانە لرەدا بیین ئەوەیە؛ ئایا تورکیا دەتوانت بەیەکجاری وەکو خی دەت بنبی هەمیشەیی تیرر بکات کەمەیەستی پەکەکەیە و، چن ئەردگان ئاوا بە ئاشکرا و بە بوغراییەوە لەم کاتەدا بەم شوەیە باس لەوە دەکات؟ کو یارمەتیدەری دەبت و لەم بارەوە رکەوتنی پشوەختەی لەگە کدا کردووە و رلی کورد یان پارتی و یەکتی لەم ئامانجە چیە و چن مامەی لەگەدا دەکەن و هەوستی کتاییان چی دەبت؟ ئەگەر ئەم پیلانە سەربگرت کوردی هەرچوار پارچەکە توشی چی دەبن؟ بدەنگی ئران چی دەگەیەنت؟ ئایا ئەو هەی باس دەکرت بو گەمارۆدانی قەندیل سەری سەرانی هەرمی کوردستان و ئەزمونەکەی کوردیش ناخوات کە تا ئستا نوتقیان باوە تا ئستاش کە خەریکە هە پانەکەی ئەم پیلانە دەردەکەوت کەچی ئەمان قروپیان لکردووە؟
بچی تا کاتی بەسەرەوە ماوە خەك و رکخراوە مەدەنی و راگەیاندنە بە هەوستەکان و زرك لە حزبەکانی کوردستان لەمەر ئەم ترسە بدەنگن و بچی جموجوی پویست ناکرت و هەوستی کەس روون نیە ؟ عیراق رلی چی دەبینت و ئایا ئەویش بەشدارە لەم پیلانە کە جگە لە کورد کەس زیانی تدا ناکات؟ ئەمە و پاش دەرکەوتنی راشکاوانەی سەرەداوی پیلانەکە وا پویستە خەك کە خی خاوەنی پرس و کشەکەیە لە چاوەروانی ئەشبەتاییکی تر دەستەوەستان نەبیت و ترسناکی ئەم پیلانە قزەونە کە رژ لە دوای رژ زیاتر دەردەکەوت بو رای گشتی و هەموو لایەك روونبکرتەوە و ئەوەی لە توانادایە کاری لەسەر بکرت و رگری لە سەرکەوتنی بگیرت و ئەگەر بکرت بە هەموو توانایەك بو بەربەستی بخرتەبەر بخرتەگە و چاوەری دەسەلاتی کوردستان نەبت، با بو سەدەیەکی تر میلەتەکەمان نەکەوتە ژر دەستی عوسمانی و عەرەب و عەجەم و ئەزمونی حوکمرانی کورد دیزەبەدەرخونە نەکرت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەعقولە سەرکردایەتی و دەسەلاتی گەندەی کورد درك بەو مەترسیە نەکەن و هیچ هەوستك نە نونن و بەکو لەوانەیە لەوەدا ژربەژر لەبەر بەرژەوەندیەکی تەسك و کورتبینی و هەی ستراتیجی گەورە کە لە کتاییدا سەریان دەخوات لە پیلانەکە بەشدار بن. لە کتاییدا دەبت ئەوە بین کە ترسناکیەکە لەوایە ئەگەر ئەوە خەبت هەندك

وەاتی قەزەون کە مژووی پرە لە پیلانگێڕی و کەسیش ناوی ناهێنێت لەم پیلانە بەشداربێت، ئەگەر بزانێت سەد ساڵی تریش قازانجە ئابووری و سیاسیەکانی خۆی لەسەر حسابی خەڵکی ئەم ناوچەیە دابین دەکات.

ژوورەکەت بۆچی بۆ هەشت ؟ … نەوزاد بەندی

گاڵتەم کرد ، ووتم وا هاتم ..
قاوەکەت بۆ نەخواردەوە ،
گاڵتەم کرد ،گاڵتە..
کە ووتم
دە دەقیقەی تر
لێ لاتم ..!

ناتوانم بڕم ..
تەنانەت گەر خەشت بوەم ..
ناتوانم بڕم ..

من لەگەڵ تۆ
دانیشتووی ئەم جیهانە نیم
دانیشتووی ناو خەیاڵاتم ..

/نەوزاد بەندی /

ئاوودەبوون بە سەکس … ئەحمەد

کامەران

کاتێك گومان لە وشەی ئاووەبون دەبێت هەنگە ئاستەوخۆ بیرمان بۆ خواردنەوە کحولیەکان و کشانی مادە هۆشبەرەکان بۆوات، بەڵام لە بنچینەدا چەندین بابەتی تر هەن یان چەندین ئامرازی تر هەیە بۆ ئاووەبونی تاکەکانی کۆمەڵگا, کە لە نۆیشیاندا ئاووەبوونە بە سێکس کە ئەمەش واتە خۆ بەدەستەوەدان بۆ حەزوو ئارەزووەکان یان بەشێوەیەکی تر واتە کێلە بوون بۆ ئارەزووە سێکسیەکان, هەروەها مەترسیدارترین ئاووەبونی سێکسی بریتیە لە سێکسی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت , چوونکە ئەم جۆرە سێکسە ڕۆژانە تاکی کۆمەڵگا بەتایبەتیش گەنجان لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێك دا لەڕێگەی مۆبایل و لاپتۆپەکەیانەوە بینەری ئەو ڤیدیۆ سێکسانە دەبێت کە لە نێو سایتەکان دانراون, بەبێ هیچ جۆرە سانسۆر دانانێك .
ئەمەش لە ئەنجامدا وا لەو تاکە یاخود ئەو گەنجە ئەزیزە دەکات کە نەتوانێت لە
نێو کۆمەڵگادا ڕووبەروی سەرجەم بەربەستەکان ببێتەوە کە دێنە پێشی یاخود ناتوانێت بیر لە چۆنیەتی بنیاتنانی داهاتووی خۆی بکاتەوە,چوونکە ئەو لە بنەڕەتدا ئاووەبونی هەڵبژاردوە بە هۆی نەبوونی ئەو ئاستە ڕۆشنبیریەی بۆ بابەتەکان بۆیە لێرەدا پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و لەنێوشیاندا چینی گەنجان کە گرنگترین چینی کۆمەڵگان خۆیان لەسەرجەم بابەتەکاندا ڕۆشنبیر بکەن چوونکە ئەمە لە ئێستادا لە سەردەمێکداین کە ڕووبەوی شتی زۆر مەترسیدار دەبینەوە بۆ سەر ژیانمان دا بۆیە هەتاکو چەند بە ڕۆشنبیریەوە هەنگاو بۆ ژیان بدەین ئەوا ژیانێکی ئاسوودەو تەندروستمان دەبێت بۆ خۆمان و خێزان و کۆمەڵگاکەمان.

هیوا خوازم گەنجی کۆمەڵگاکەم کە خۆیان لە شتە بێ کەڵك و زیان بەخشەکان بە دوور ڕابگرن و بڕۆنە لای ئەو شتانەی کە سوودو خزمەت بەخۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەکات.
*گەنجی ئەزیز پێش ئەوەی تۆ دەست لە مۆبایلەکەت یاخود لاپتۆپەکەت بدەی بیر لەوە بکەوە تۆ چ شتێکی پێ دەکەیتەوە.

ئایا دەڕۆیتە نێو ئەو سایتە سێکسیانەوە کە زیانی خۆتی بۆ ئاووە دەکەیت و زیانی تەندروستی لە خۆت و دوایش لە کۆمەڵگاکەت دەدەیت؟ یان بە پێچەوانەوە بۆیاری ژیرانە دەدەیت و لەو سایتە بۆ کەڵکانە بە دوور دەکەوێەوە وە ئەڕۆیتە نێو ئەو سایتە جوانانەی کە خزمەت بە ئاستی ڕۆشنبیری تۆ دەکەن لە کۆمەڵگ بواری جۆراوجۆردا.

ئیتر لەرەوە بەیار دان دەکەوتە ژێر دەستی خەت چوونکە تۆ تاکەکی ئازاد و سەربەستی لە بەیاردان لەسەر گۆڕینی ڕەوی ژیانتدا.

*هیوای کۆمەڵگایەکی تەندروست و ئارام دەخوازم بۆ سەرجەم تاکەکانی

ئەحمەد کامەران| قوتابی کۆلێژی ئاداب

لە چاوچنۆکییەوە بۆ نامۆ بوونی مرۆڤ لە سیستەمی کاپیتالیزمدا ... ئاسۆس

لە ئێستادا سیستەمی سەرمایەداریی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، کە جەخت لەسەر ئابووری و بازاڕی بێناو ئازاد دەکاتەوە. لە ئەنجامی ئەم سیستەمەدا کە لەبەرژەوەندی کەمایەکی بچووکدایە، بەڕابەرایەتی چینی بەرژوازیی، جیهان و مرۆڤایەتی تووشی قەیران و کاولکاریی زیاتر دەبێتەوە ئەمەش بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر. بۆ ئەوەی بۆ باشی لە ڕۆخشێنەکانی سیستەمی کاپیتالیزم تێبگەین دەبێ بگەڕێینەوە لای "کارڵ مارکس" وەک بلیمەترین و حەکیمترین کەس، بۆ ئەوەی چارەسەر و ڕۆخشێنەکانی کاپیتالیزممان بۆ دیاری بکات و بەرەو ئایندەیەکی باشتر بچین.
مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) لە شاری تریەری ئەڵمانیا لە دایک بووە. مارکس هەر زوو پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیزمەوە دەکات، کە گروپێکی ڕۆشنبیران بوون. ئامانجیان نەهێشتنی چینایەتی و مۆنۆکایەتی تایبەت بوو. مارکس خاوەنی چەندان کتێب و وتارە، لەسەر کێشەی ئابووری و سیستەمی سەرمایەداری دەدوا، هەر چەندە لەسەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی وای نەبوو، بەڵام لە سەتەی بیستەمدا دەبێتە مەشخەڵی زۆربەی شۆڕشگێڕان. مارکس کێشەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی ئابووری کە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە. هەروەها بۆلای ئەوە چاوچنۆکیی و زیادەخۆریی هەزی بزوێنەری مەڕووی مرۆڤایەتی بووە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ لە جۆهەری مرۆیی خۆی بکەوێت و وەک نامرۆڤ دەربکەوێت.

ئارەزوی زیدەخۆریی و چاوچنۆکیی ئیدی تەنێ لە لای سەرمایەدار و چینی بۆرژوا قۆتیسنەماوە، بەڵکو سیستەم ئەمڕۆی هەناوەتەوە ناو چینی کرێکار و پرۆلیتاریاوە، لە جیهانی نامۆ بووی سەرمایەداریدا کرێکارانیش پەلکەشکراون بۆ ئەو گەمەپانەی سەرمایەدارەکان بۆ زیدەخۆریی و چاوچنۆکیی دایانهێناوە، ئیدی کرێکار کەیلەیە لەبەرامبەر سەرمایەدا (پارە – خوای سەرمایەداریە). مارکس پێیوایە مرۆڤ بە پەرستنی پارە وەک سەروەرێکی بە دەستهێنات، وەک هەزێکی هووخنەر دەرکەوتووە، کە دەتوانێ تەکەڵەی بەها و پێوەندیەکان دژی خۆی هەڵگەڕێتەوە. بە جۆرێک پارە دەتوانێ باشە بە خراپە، خراپە بە باشە و کەیلە بە سەروەری و سەروەری بە کەیلایەتیی، خۆشەویستی بە نەفرەت و نەفرەت بە خۆشەویستی، هۆشیاریی بە نەزانی و نەزانی بە هۆشیاریی …هتد بگۆڕێت و هەڵیگەڕێتەوە، ئەمە سیحری بەهای پارەیە لە سیستەمی کاپیتالیزمدا.

کاتێک پارە بەها بە هەموو شتەکان دادەنێت، بەهایەکیتر نامێنێت مرۆڤ بۆرو نامەیی لە خۆی و بۆرهەم هێنانیش دەچڕێت، ئەمە وادەکات مرۆڤ نامۆ بێت بەرو جیهانە و کارەی تێیدایە. مارکس نامۆ بوونی مرۆڤ دابەش دەکات بەسەر چوار جۆر لە نامۆ بوون: یەکەم: نامۆ بوونی مرۆڤ لە بۆرهەمی کاری خۆی. دووەم: نامۆ بوون لە پرۆسەی بۆرهەم هێنان. سێیەم: نامۆ بوونی مرۆڤ لە سروشتی کۆمەڵایەتیی خۆی. چوارەم: نامۆ بوونی مرۆڤ لە هاوکار و هاوپیشەکانی خۆی. مارکس پێیوا بوو کاپیتالیزم مرۆڤ تووشی ئەو نامۆ بوونە دەکات.

١_ نامۆ بوونی مرۆڤ لەبۆرهەمی کاری خۆی: بەبۆچوونی مارکس دەتواندرێت ئیشکردن یەکێک بێت لە سەرچاوە گەورەکانی ئاسوودەیمان، بەڵام دەبێ کارکەرەکان خۆیان لەو ئیشەدا بدۆزنەوە کە دەیکەن، بە واتایەکیتر خۆیان لەناو بۆرهەمەکانی خۆیاندا بدۆزنەوە، بەڵام کارەکانیان بکەن. کرێکار لە سەرمایەداریی بەپێشەزایی بوودا لە بۆرهەمەکانی خۆی نامۆ دەبێت، بۆرهەمی ئەو هی ئەو نییە، بەڵکو لەلاین بەگانەکان وەک خاوەنی تایبەتی ئەوان سوودیان لێوەردەگیرێت. جگە لەمەدا کرێکار توشی ئەوە دەبێتەوە، کە هەرچی زیاتر بۆرهەم بهێنێت بەهای قازانجەکەی کەمتر دەبێتەوە. هەروەها تاوەکو کاڵا بەهەرزانتر بۆرهەم بهێنێت خۆی وەک کاڵایەک هەرزانتر دەبێت. هەروەها کرێیەکی کەم وەردەگرێت بەبۆراود بەو قازانجی لەبۆرهەمەکەی دەکرێت.

٢_ نامۆ بوون لە پرۆسەی بۆرهەمهێنان: کاپیتالیزم وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە شەڕاو بێت و وابەستی دەکات بە کار و دەخێکی

ناچارکراو، چونکە لەم سیستەمدا کرێکار وەک هەکارێکی نێو هەکارکانیدیکەی بەرهەمهێنان حسابیان لەگەڵ دەکرێ، لە کاپیتالیزم هەر کاتێک کرێی کرێکار بەرز بووەوە، لەسەر کارکەی دووری دەخرێتەوە، یان ئەگەر تواندرا بە تەکنەلۆژیا و بابەت شوێنی پەدەکرێتەوە. هەر وەک مارکس دەڵێت: "کرێکار تەنیا لە دەرەوەی کار هەست بە خۆی دەکات، هەروەها لە ناو کاریشدا هەست بە دەرەوەی خۆی دەکات." واتە مرۆڤ هەرچەندی زیاتر کار بکات زیاتر تووشی نامۆبوون دەبێت و کەمتر وەک مرۆڤ دەردەکەوێت، دووردەکەوێتەوە لە ژیانی ئاسایی و ئەو چێژەی پەیوستە لە ژیانیدا وەریبگرێت.

٣_ نامۆ بوونی مرۆڤ لە سروشتی کۆمەڵایەتیی خۆی: لە دیدی مارکس مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سروشتییە و هەمیشە لە گەشەدایە. مرۆڤ وەک ئافرێنەر لە جیهاندا دەردەکەوێت، بوونی خۆی دەسەلمێنێت هەر وەک مارکس دەڵێت: "گشت مێژووی جیهان بەجگە لە بەرهەمی مرۆڤ لە هەگەی کاری خۆیەوە، شتێکیتر نییە." واتە مرۆڤ ئافرێنەرێکی کۆمەڵک شتە کە لە سروشت و کولتووری مرۆیی بەرهەمیهێناون. لە کۆمەگەی سەرمایەداریدا کرێکار لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی نامۆ دەکات. بە دیدە مارکسییەکەیەوە مرۆڤ بە پێچەوانەی گیانەوەرانەوە، کە تەنها بە پەداویستییەکانیان کاردەکەن، مرۆڤ بە سەرجەم مرۆڤایەتی کاردەکات و زانست و کولتوور بە سەرجەم جیهان بەرهەمدەهێنێت. بەڵام سیستەمی سەرمایەداریی کۆششی مرۆڤ لە بەرهەمهێنان بە سەرجەم مرۆڤایەتیی، تەنها لە ڕازیکردنی پەداویستییە جێستەییە کەسییە تایبەتییەکان کورت دەکاتەوە.

٤_ نامۆ بوونی مرۆڤ لە هاوکار و هاوپیشەکانی خۆی: سەرمایەدارەکان لە سیستەمی کاپیتالیزمدا هەمیشە کرێیەکی کەم دەدەن بە کرێکارەکان، لەسەر هێزی هەزر و بازوی ئەوان سەرمایەیەکی زەر کەدەکەنەوە، ئەوان دەوڵەمەندتر و دەوڵەمەندتر دەبن، لە کاتێکدا کرێکارەکان هەژارتر و هەژارتر دەبن. لە ئاکامدا کرێکارەکان لەم سیستەمە تووشی لە خۆ نامۆ بوون دەبن، بەهۆی ئەو کێبەکێیەی لەکار بەیان دروست دەبێت بە بەدەست هێنانی سەرمایەی زیاتر، ئەمەش نامۆ بوونی مرۆڤ لە مرۆڤ دەنێتەکایەوە. واتە مرۆڤ یان کرێکار لەگەڵ هاوپیشەکەی لە ئەنجامی کێبەکێدا لە نەوانیان تووشی نامۆ بوون لە سروشتی زاتی مرۆڤ دەبن.

مرۆڤ بەهۆی پاڵنەرە غەریزیەکانی بە بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتر و دانانی کاتی زیاتر بۆ کارکردن و خۆ دوورخستنەوە لەو ئەرگانە سەرەکیانەی کە پەیوستە لە ژیانێکی ئاساییدا هەبێت، بەرەو نامۆیی

و نا ئاسوودەیی دەچێت، تاوەکو زیاتر خەی لێناو کار و بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتر قوربکاتەوە زیاتر لە خەی و مرۆڤکانی دەوروبەری نامە دەبێت. کاپیتالیزمیش هەکاری سەرکیەیە بە هەشتنەوەی ئەو دەخەی مرۆڤ، بەمەش مرۆڤ هەمیشە لە شۆڕان و نامەبووندا دەمێنێتەوە.

ئاسۆس

قەسیدەی (هەوڕین) … عبدالله احمد

زەمانێکە هەڵدەوڕم…!
بەسەر دار، دیوار
بەم خەرابات‌دا هەڵدەزنم!
بە یادگاریەکانی منداڵیم دەگەڕێم!
وێ دەبم،
هیچیانم بە نادەزرێنەوە!
چەندە غەمگینم "لەرە"
یەکێکیان سەر لەو تەنیایی و ئاکۆاکی خیاڵەم نادەن!
نە تۆ، نە نیشتیمان، نە ئازووە دەرینەکانم!
هەناوم پڕیاتی لە دەردە سەری زەمانێکی دەرین و داوخاو، وێران وێران!
بەجێماوم لە ئاوێنەیەکی وردوخاش بوو،
لە ئێستەڕی هەوڕیوو،
لە بەدبەختی ئەواریەکی نەهاتوو
هەشتا چاوەڕێی خەر ئاوا بوونێک دەکەم!
ئەو من بووم دەگریام!
ئەو من بووم هاوارم دەکرد!
لەبەردەم دەرگایەکی ژەنگاوی کە پیت بە پێت و وشەگەلێکی سەیر سەیرم لەسەر دەنوسینەوە!
ئەمئێستا ئەم پیت و وشانە بەیەکەوە نووساون…
کە لە دانیشگا و پەیمانگاکان دەخوێنرێنەوە،

وەڵە بەیان لەکنادرێتەوە!
بەنی ژەنگی دەرگاکە و هەوەرینی منیـــــــان لە دەت...!
کە سەیری ئەرە دەکەین، هەمووی گڵاوە.
کڵانەکان پەبوون لە تەوژمی بـــاوبەران...!
پەن لە هەناسەیی بەن سارد
پەن لە بەنی باڵندەی مردوو...
کڵانەکانی ئەرە
زەمانەکە خەریان لە ئاوا بووە
هەزاران ساڵە تاریکی باڵیان بەسەردا دەکێشێت...
ئیتر کڵستانەکە کڵانەکانی ئەم نیشتیمانەی لەباوەش گرتووە...!

تەماشاکە ئەی دەست!
بەسەر خەرابا تەکی کەندا هەڵـــەوەریووین،
گشت بەدەنمان بەتە تەپو تەز و خەڵ،
بیابانەکمان لەخەم،
لە بەکەسی،
لە نەداری و هەنجڵـــیدا دروستکردووە...!
ئەی دەست،
ئەی ئەحبابی من؟
تە نازنی ئەز چەند بریندارم؟
هەموو ئاوازەکانی مردنم لەبەر کردووە،
وەک گڵایەك کە پایزان وەرینی خەی لەیـــادە...!
چەندین جار کەوتومەتە بەر شاڵاوی مردن و
چەندین جار خۆنم بینیووە.
بینیم
لەژەر لولەی تفەنگ و زرمە و هەڵەی قەنداغە تفەنگکانی ئەو چاو
هەنگووینییە لووت درێژانەدا خوێن دەڕژا،
دەمبینی خوێن لەسەروگوڵاکی ئەو کیژە شەخانە دەتکا
کە بەشەڵەفی خەیان سوێندان دەخوارد:
هەرگیز ماچ لەلەویان نەکراوە،
لەمسی خەشەویستی نەڕژاوەتە نەو سینەیانەوە،
گوێیان لەئاوازی پیاوە شەلە یەك قاچکان نەگرتووە!
قەت بە تەنورە و فانیلەیکی قەڵە کورتەوە نەسواونەتەوە بەسەر
سەرشەقامە پیس و پەخڵەکانی ئەم شارەدا،
بە ئەبەد نەگریاون،
تەنها خەندەیکی سەوز لە لەویان دەتکە!
دەپرسم بە دەبە وابێت؟

بۆ دەبێ خوێن و فرمێسك تەكات بە ویژدان، سەزمان بێت؟
بۆ دەبێ غەم و پەژارە تەكات بۆ هەناسە و ژیانمان بێت؟
تەش ئەی جوانترین كچی نەو ئەم تاریكستانە،
لەشەوكی وەها پڕ ئەشقبازا و تەفاویدا لە من هەڵهاتی؟
ئەمە دەمانویست
بەووناكی تاریكی ئومێدەوار بكەین.
بەنووكی پێنووسكی شكاو حەقیقەت و عەشق بنوسینەوە.
دەمانویست مانگ و خۆر لەیەك باردا ڕابگرین
بچەترێكی مەڕەوە لەژێر بارانكی بەلەزمەدا سمای سڤیانە بكەین
خۆشویستی پێخش بكەین.
بەڵام ئەفسووس ئەمە كوتینە بەر ئەشبازا،
من لەژورەكی تاریك گۆشەگیر
تەش لەبەر خەرەتاوی مانگی تەموزدا
چاوەڕێی گەڵانوێیكی بێ سنور بووی،
ئەمستاكە سنوری ئەمە تەلبەندكی بشومارە لەدەك،
بشومارە لە تاڵی، ئازار و ناڕەحەتی جودایی…
من ببینە!
ئەستاش بۆنی عشقم لە دەتكەت،
من پاشماوەی جەنگكی خوێناویم!
خوێناویتر لە جەرگ و هەناوكی بەنەشتەر تیخكراو!
خوێناویتر لە ماسییەك كە بەدەمی نوورسەكی بە ڕەحمەوە خۆی ڕادەپسكێنێت،
خوێناویترم لە كراسی ژنكی كوژراو
كە ماچێك قەرزداری منداڵكی ناو سكی خۆی بوو!
ئیدی ئەم قەرزە بەهیچ فریشتە و ئەهریمەنێك نادرێتەوە!
من ئەو دڵپە خوێنانەبووم كە هەڵوەریم
لەجەستەی هەر ژنكی كوژراوی
نەو ئەم نیشتیمانە چڵكن و تاریك و بەرە،
ئەی بەرە نیشتیمان؟
ئەی چڵكترین كراسی خوێناوی؟
ئەی هەناسە ساردترین پیاوی نەو ئەم جەنگڵە؟
ئەی خراپتر لەخەم و پیستر لەتۆ؟
من كەم و تۆ كێیت و ئەو كێیەتی؟
نیشتیمان چیەو و خاك چییە؟
ئەم هەموو نابوتگرایییە چیە و چۆن وەك عەقڵیەكی زنجیر بەستراون بۆیكترەوە؟

ئیدی لە ئاسمانەکی دیکەوە
دڵەوانمە خەر هەڵاتن و ئاوابوون!
لەرە ئاسمانەکی ڕەش بەسەر
نیشتیمانەکی تەپ و تەزاویدا دڵەوانێت!
هەزی ئەوەم نیە باڵندەکان
بگەڕێنمەوە ئاسمانی ئەم جەنگەە!
هەزی ئەوەم نەماوە تریفەی مانگ و
ئەستێر و گەلاوێژکی چاو ڕەش
بگەڕێنمەوە بە ئاسمانی نیشتیمان،
لەشەوکی وەها درێژ و خـــامەش دا…!
زەمانەکە خەرم نەدیووە!
ئەستاش لە بیری ئاوابوونیدام!
دەزانی!
لەوساوە دەگرانم کە نیشتیمان
لەگەشەیەکی تەنیایی خویدا منی گلاند؛
ئەوســـا هـــەوڵریم!
ئەوســـا ژانی عەشق بەرکیگرتم!
ئەوســـا نـائومێدبووم
بەچەشنێك کە نائومێدی بەتە عەشی ئەم ناوچەیە!
ئیتر ئەمە وەچەی پەژارەیەکین
کە هەشتا لەبـــــاوەش نەگیراوە…!

(قەسیدەی هەوڵرین)
نوسین: عبدالله احمد

21/7/2019

ژمارەکان … نەوزاد باندی

چەند
زەرن
ژمارەکانی تە لەلای من ..

چەند
کەمن
ژمارەکانی من لەلای تۆ ..

لای من
گردبوونەوەی ملیەنی تۆیە و ..
لای تۆ
مانعە تۆجەولی من ..

لای تۆ ،
سەرقاڵی ئەژمارکردنی من لە لیستی تەرار
لای من ،
سەرقاڵی ئەزلەنان لە یادگاریی تۆ ..

لای من :
تۆ ئازاد..
لای تۆ :
من زیندان ..

/نەوزاد بەندی /

نەبەردەکانی نەوەیەک /ئاپۆیینی لاوان وخوێقانی ئینسانێکی نوێ … جەمال کەشش

واز لە ژینگە بهێنن، ،سیستەم بگۆڕن

نەوەی سەفەرکان، نەوەی سانەی دوو هەزارەکان بەدواوە، پێکهاتوویەکی کۆمەڵایەتین لە ئاڵنگاریەکی نوێدا ئامادەن بەرامبەر ، بە هەڵتەکاندنی دونیای کۆن ، بە دەستدانە پێشخستنی کۆمەڵگا وداهێزاندنی جیهانێکی ئازاد(ئادیکاڵ دەبێتە واقیع/هەفتەنامەی تسایت/ئەڵمانیا، سەرتایی ٦.٢٠١٩). نەوەیەک سانە خەماوی وتاریکەکانی دەیەی نەوەدەکانی منالی ، لە نێو رژێ

لاویی وسەرکەشیەکانی پێ شۆق وسەوزاییەکانی چەکردەتوە، زانستە کۆمپانیاتی وسیسیلەژی وتەکنەلەژییەکانی ، توانایەکی هزری وبیری تیژی بەیاری دروست وخەرای پێداوە..
نوێیەک لە نێو وکپیدیایەکی زانیاری مەزندا، لە نێو گەورەترین کتیبخانەی دیجیتالیدا، بە دوو چرکە بتوانێت لە بارەی خەی ودونیاو کێشە وپرسیار وگومانەکان لەسەرهەقیقەت لە مەحەکبەدات. نوەی گلۆبەلایزەیشن وکەکردنوەی دونیا لە چەند دیسیکیک وداتای پێ زانیاری چەند هەزار هاپەیی یە، نوێیەک چەند زمانی زیندووی جیهانی دەزانێت ورەژانە لە پێیوەندییەکانیدا وبە چالاکیەکانی وبە کارو بە بەهرەو خولیاکانی بەکاریدەهێنێت.
نوێیەک، فورسەتیکی ناوازە وهەرزان وکاراوگونجاوو سادەی کەوتوتە بەردەست، بتوانێت بەشدارو چالاکی وزیندوو بێت لە دروستکردنی بیروڕای گشتیداو لەکەلیکتیفی چالاکیە رەژانەییەکاندا، لە، نوێیەک بەرهەمهاتووی قەناخێکی نوێ یە ، هەست ولەکدانوێیەکی شۆڕ گشتیان لا دروست بووە، کە نامە وتوێژان بە هەموو شتێکی ئەستای کەن، لەدژی هیرارکیەت، پاتریەتیستی ، ناسیونالیستیت، بەزارن لە سیاسەتی، لەکلتوری، لە نەرم، لە پێیوەندییە کۆمپانیاتییە ترادسنیشنەکانی، لە پیرەزییەکانی، لەکاریزما و لەدگمە فکرییەکانی. نوێیەکن وە تەنانەت کەوتونەتە ئێو دیو دابەشبونی جەندەری، کەنفسیۆن وناسنوە. ئەم نوێیە زۆر بەدیار کێشە فەلسەفیەکانوە دانیشت، زیاتر پشت بە لەکەینوەی بواری زانستە سروشتی وفەلسەفە کۆمپانیاتیەکان وئەزمون وداتا وستاتستیک دەبەستێت.

نوەی سالانی سفرەکان، نوێیەکی تەلیرانس وکراوەن، هاو نیشتمانی جیهانی وکەسمەن و چەپخواز وئینساندەستن. نوێیەکن(زۆر لە نوەی سانی پێش شێشی گەورەی فەرەنسا) دەچن، نوێیەکن لەدایکدەبن وەک ئێوەی جیهان هەروا بوە، لە حیکایەتی سەروری بەزارن، قێشتی شارو لادێ نوانیان خەریکە نامیینە ولادێیەکان یان دەچنە باوشی قەهراوی پەراوێزی شار و یان خەیان بە هەموو چەم وجەبارەوە بەرەو شارچکەیەکی مەدەنی گێشە دەکەن.

لە نێو ئەربانە مەدەرنە گەورەکاندا، کۆمایەتیەکی زۆر کەم تەواوی سەروەتی کۆمەگایان قەرخکردووە و وەحشی دوای قازانجن ،لە ململانێ ولە کەبەکێیەکی زۆرەملەی نێو خەیانداو شکاندنوێیی بە ناچاری بەسەر تونەد کردنوەی هەلومەرجی بەرهەمهێنانوە ، وەک تاکە دەروازەی مانوەی سیستەمی کەپیتالیزم، نائارامی و ئاکە ئاک و ئومێد وژیانی ملۆنان ئینسانی ئاپۆچی نێو مانوەی فیزیکی کۆمەگا

کردووە. ، شەی گەورەی ماوەرانی، فەزاحەتی فەادانی هەزاران تەن خواردن بە دانەبەزینی نرخ، بەخەەمشکردنی سەدان هەکتار زەوی بە ئاوەی کەمپانیایەکی گەورەی جیهانی بتوانێت بەکەمەک هەرزان ترلە کەمپانیا ەکابرەکەی مەوادە خاوەکانی بگوازێتەوە.
ئاوی خواردنەوە لە ئاستی جیهاندا ، لەلایەن چەند فیرما وکارتیلی نەو نەتەوەییەوە، مەنەپلکراوە(نیستلەوئیڤیان…) . ئەم خەرەندە گەورە کەمەلایەتیە، لەلایەن دامەزراوەکانی دەوەتانکەوە، کە زەر کەم باکی بە ژیان وگوزەرانی ئەم نەوەیە هەیە، بە ەووی هەموو ناەزایەتیەکدا ئەم کەمایەتیە دەپارەزرێت و بە ئەم ەاسپاردەیەش،پەرلەمان وماسکی میدیایی و تەواو و سەربازیشی لەمەچکدایە.

ئەم نەوەیە لە پەو کەمتر لە دەیەیەک لەبەرامبەر پەنجەرەیەکدا وەستا کە دەەوانێتە پانتایی ەەهەندەکانی ژیان وبیەوێت بەچەند چرکەیەک جەوهەر وپروسەی ەاستیەکانی بە دەرکەوێت.(لەکاتیکدا سوقرات پەی وابوو ناتوانین ئەگەرەکان دیاری بکەین، یان تەبگەین و دیاریبکەین). نەوەیەکن زەر لەبەرامبەر سیکسولیەتیێت وکراوەن و دیدگایەکی ئینسانیان بە نەە خەیان پەیداکردوە، منان وژیان وکەسایەتی منان، دەبێتە سەنتەر(دەستدرەژی بە سەر ماف وکەرامەتی منان، وەک تاوانی یەکجار گەورە دەژمەردرە وژیانی منان دەبێتە سەنتەری ئەهتماماتی کەمەلایەتی وسیاسی وئابوری وئایدەلەژیەکان). کەشەی پەنابەران و ژینگە و پرسی گەورە لە ئایندەی خەیان بەوەام ناهەلن. لەبارەی سەردەمکانی گەشەی مرۆڤایەتیەوە، زەر جار لەگەە هەر داهەنان ووەرچەرخانکی مەزن لە بواری میدیا و زانیاریدا، زەمینەیەکی یەکجار گونجاویان بە ەاپەینەی جەماوەری وشەشە کەمەلایەتیەکان پیکهەناوە. وەک دەزینەوەی ئەلف با، لەکەماری یەنانی کەن وەرەمادا، چاپ لە شەشی گەورەی فەرەنسادا.

هەموو سیستەمەکە بەگەنی کردووە ..

لە کەتایی مانگی ۱۲ی سالی پارەوە ، وەتا ئێستا زیاتر ۱۲۰ وەاتی جیهان، لەشارە گەورەکان وشارەچکەکان وقوتابخانەکان ، خوەندکاران ولاوان وهەلسوراوانی ئەکە سیستەم و خەکی ناەازیی ، خەپیشاندان دەکەن ومیتنگی جەماوەری وکەو کەبونەوە ساز دەدەن. سەرەتا کەم وبایەخ وگرنگی ئەوتەی نەبوو، ئێستا هەفتانە بەردەوام خەپیشاندانەکان لەسەرانسەری جیهان بەسەدان هەزار کەس تەدەپەنێت و بزوتنەوەکەیان لەژەر ناوی ((هەینی بە ئایندە)) ئاسەی ئالتەرناتیفی سیاسی/ کەمەلایەتی بە دەربازبون لە وەحشەتی قازانج

و کۆشکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆی سەرمایەداری وەرگرتوە.
بەتایبەت لە ئەورووپا(سەر زەمینی واقعی نمای بزوتنەوەکە)مەری بە زەر لایەنی کۆمەڵایەتی وسیاسی وڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە کوتاوە. ئەو پرس وپرسیارانەی ئەم نەوەیە ، وەک چارتا وپلاتفۆرم ومانیفیستەکەی خەی بەدەوریدا کەبوتەوە، و شەوازو تاکتک وئامرازەکانی تەکشانی بە دەکەن ، لە بەرتەسکی دیدگای لیبرالیزمی کلاسیکی تەدەپەڕنە و ناتەبا ودژ بە نیولیبالیزم و وژورنالیزمی ئاراستەکراوە، زەر کەس بە درێژە وگۆشەپێکردنی (بزوتنەوەی ئەکیپای ستریت) ئەمەریکا دەزانێت لەکاتی ئەزمەی ئابووری سالە ٢٠٠٨ وپان فۆرمەکی نوەی (ناڕازایەتی هەڵەک زەردەکان)ی فۆرەنسا، بەرجەستەترین نمونەی سەرکەوتنی میدیای ئەو فلمە ٤٥ دەقیقەیە بوە، کە (ریزە /Rezo) ناوەک بە تەکشکاندنی جەبەروتی پارتی دیموکراتی مەسیحی ئەلمانی لە یوتوب کە خەی دەرهێنەری بوو، بەاوکردوە، ١٣ ملیۆن کەس بینیوتی لە کاتێکدا هیچ کام لەکەنالە تەلەفزیونیە زەر بەناوبانگەکانیش ناتوانن بەو ژمارەیە بگەن.

پارتە سەوزەکانی ئەورووپا وئەم نەوەیە

پارتە سەوزەکان بەتایبەت لەئەورووپای ڕۆژئاوا، کەمەژویەکی ٣٠ /٤٠ ساڵیان هەیە، تەورەی سەرەکیان مەسەلەی ژینگەپارەزی بووە. دەورانێی جەراوجەر، لە ولاتانی جەراوجەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی/سیاسیان وەک تەورەی خەبات بەدەستەوە گرتوەو وەکمپینی جەراوجەریان بەبەدیهێنانی سازداوە. دەمەک لەنێوبردنی ئەتەم، دەمەک مافی ئاژەڵان، دەمیک سیستەمی تەندروستی ، دەمەک مافی کۆمایەتیەکان، مافەکانی مرۆڤ وبەتایبەت پەنابەران، سیستەمی خویندن، سیستەمی ژینگ وبان و پاراستنی ژینگ وکەمکردنەوەی گازی ژەهراوی و لاستیک و..هتد. بەدرێژایی ئەم ماوەیش چ استەوخۆ لەگەڵ سەسیال دیموکراتەکان لە حوکمەانی ودەوڵەتدا بون یان لە شەقام لەگەڵ سەسیالیستەکان وئانارشیتەکان وکەمۆنیستەکان وکۆنیسەکاندا بەپێی تیماو داواکانیان کەمیتەی هاوبەش وبەڕێی بەرێنگاریان پێکهێناوە. بەڵام بەردەوام لە پەراوێزی کۆمەڵگا و بە نیەک لە دەسەاتدا بوون.

هیچ کات بۆئەندازەی ئەم یەکدوساییی دوایی سەرنجی میدیا لەسەریان نەبووەو هیزی سیاسیان لەکۆمەڵگا ودەسەاتیان لەپەرلەمان ودامەزراوە فەرمیەکاندا نەبووە. پەشتر زەر ادیکاڵ ولە دژی لیبزالیزمی نوێ بون، وەک دەوترا(شووتی بون، ناوەوە سورو دەرەوە کەسک). هەندێک بە کۆمۆنیزمی سەدەی بیست ویەکی دەچواند. استە

ئەم نەوەیە میل وسمپاتیان بە گشتی بە سۆزەکان هەیە وئەمەش خاڵە لاوازیانە، لاوان بەگشتی پشتیان لە پارتە تەقلیدیە سواوەکان کردووە، ئەم چەکارکردنەوەی سۆزەکان ،دەتوانین بەکورتی دیاریبکەین، ئەو گەنجانە چەنایەتیە یە لە پارتە سۆزەکان،لە بری ئیدیکالیەتی دژی کاپیتالیزم، خەباتی چینایەتی ئێستا پێکەوە ژیان وسازانئ کەمەنایەتی یە،لە بری ناکۆکی چینایەتی وسیستەمی کاپیتالیزمی بە کارساتکانی ژینگە،. لەو کاتەی پارتە تەقلیدیەکانی تری کەمەگا لە شوێن خەیان بەدیار بەرنامەکانیاوە دانیشتبوون، پارتە سۆزەکان ئەو خەگونجاندن وپشێویان پەرەپێدا، کە لاوان وهیواکانیان وخەونەکانیان لە خەیاندا بگونجێنن. پەرچەمی خواست وخەونەکانی لاوان، خوێنگەرمانە بەرزکەنەوە وخەیان لەگەڵ ئەم نەوەیە بسازێنن.

لاوانی کوردستانی عەراق (عەراق) وپرۆژەی کەمەنیستی

نەوەیەکی بەئاگا وسەرکیش وتووڕە لە دەسەڵات ولەکەی سیستەمی پیکهاتەی لەقەبدانی تەنگی ژیانی پەیدا بووە. ئەم نەوەیە، بەدەست سیاسیە کەنەپەرست و دەستکەوتە پیرۆزکانی ئابروقارمانە نەتەوەییە چاوچنۆکانەوە، رەحی هەڵاهەڵا بووە. ژیانی رۆژانەی ئاسایی، ئەم نەوەیە، گیردەی گەورەترین چەقبەستنی سیستەمی سیاسی وکەمەنایەتی وحزبی بوە. لە نەو بازنەی بەتاڵی حوکمەانی بنەماڵەیی ودەسەاتکی قەهراوی دا، سەرگەردان بەئەبەدی دەسوڵتەوە، نەوەیەکن، چاوەوانی وتموحی باشترکردنی ژیانیان، لەگەڵ دیواری بەرزی حەسارکانی دەسەات وکەمەگادا، لەگەڵ تفەنگبەدەستکانی ((ناوچەو مەبەندکان))و یاساوەڵ چاو زیتکانی مەال وئاین وکلتورو پایە بەرزی دەوەمەندە دەبەنگکاندا، ووبەووو دەبەتەوە.

نەوەی سانی سفرکان، بەراورد بە نەوەی سانی نەوەدکان، مانەوە لە کوردستان گیریان خوارد . شپەلی ناەزایەتیە جماوەری وتاکیەکان، خەرشنبیرکردن وچالاکیە فکری وسیاسی وهونریەکان، بایکەتی هەلیژاردنی پەرلەمانی وووڕگەان لە پارتە تەقلیدی وکەنپارز وهەرمیەکان، روناکی بەخشن وتاکە ئومەدن کە خەیان ەگایکی جیاواز بە ئازادی وبە پشکەوتن و بشەش هەبژرن.

لە تەواوی ئەو هاوەاتیانەی کوردستان، لە یک کەسی هەموو ئەو لاوانەی لەەگای کچ وهەاتن، زیندانیکران لەلایەن دەوەتانەوە، خنکان، سوتان، بریندار بون، بزر بوون، سەقەت بون ، بەزار دیپەرتکرانەوە، چارنوسی منااکانیان، هاوسەرکانیان، ئەوان

هاوڕاتی پلە دەیی نیشتمانی دایک نەبووون، حکومەتی هەرێمی کوردستان، میشک میوانی نەبووو، نە شکاتێک، لێپرسینەوەیەک، تاڵەفەنک، سەردانیەک، نەبوو. تەنانەت خەرجی لاشەی کارەساتکانی ڕێگاوبانیشی نەگرتە ئەستۆی.
ئەو نەوەیەی مانەوەش لە کوردستان، هیچ نالێپرسراوەتیەک ونەخشەیەکی حکومەتی هەرێم نەبو، بۆ ڕاخساندنی هەلومەرجی گونجاوتر بۆ ژیان وپلاندانان بۆ کەمکردنەوەی کێچ ولە نەوبردنی هەکارەکانی هەڵاتن و سەرهەڵگرتن.
ئەم نەوەیە جوانترین ڕۆڵەکانی لە جەنگی بەرەنگاری لەدژی دەسەڵاتی بەرژوازی کوردیدا گیانیان لەدەستداوە، لە بەردبارانکردنی بنکەو بارەگای حزبە دەسەڵاتدار وئۆپۆزسیۆنە هەڵپەرست وپاپۆلیستەکاندا (ڕۆژوان وسورکیووبیلال وگەرمیان و.....). لە دژی هەژاری ونەداری، بەرەزی وشکەدا(سەرانی مامە حەمە)، لە دژی گەندەڵی وتاڵان ودیکتاتۆری ژنەڵەکان(کاوە گەرمیانی)، لە دژی کەی سیستەمی گەندەڵی وپاتریارکی و چاوچنۆکی وپاوانی موڵک ومافە وسیاسەت ودەسەڵات وجیاوازی چینایەتی(سەردەشت عوسمان).

شوناس وخەباتی چینایەتی

نەوەی ساڵانی دوهەزارەکان، نەوەیەکن خەون وخولیای جیاوازیان لا پەیدا بوو. زۆر ئینساندەست وژیاندەست وکتیب دەستن. ئەو نەوەیەی پەیدا بووە، کەمتر پیاوسالارو ئۆگرسیف وشەڕاوین. نەوەیەکن ئیدی حیکایەتکان، کەمتر جێگای خۆقاندنەوەی داستانە سەرمەدیەکانیان دەبێت. دەورانی(زیندانی سیاسی وپێشمەرگەی کۆن وشەڕشی ئەیلول)، کەتایی دەت ، بابەتە کەمەڵایەتی ویەکسانی وئازادیە سیاسی ومافە مەدەنی یەکان وهاوڕاتی بون وخەشی وشکە وەڕزو بوونی ئینسانی، جیگای دەگرێتەوە. ئەم نەوەیە ناکۆکی یە چینایەتیە کلاسیکیەکانی کەپیتالیزم بە شێوەڵە هەزری وفەلسەفیە نوێیەکان پڕچەمدار دەکات.
ئەم نەوەیە کوردبون، ناکاتە تاکە شوناسی و ئیسلامیش بە نامە دەزانێت بە بونە جیهانیەکەی. ئەم نەوەیە ،دەبێتە بەشکەی هەڵپەکراو لە لە تەوژمە جیهانیەکان وئارەزووی قولی شکاندنی سنورەکان و گەیدیە وتینووی گەشت وگوزارە. ئەم نەوەیە ئیدی ناتوانێت لە حەساری خەزانە گەورە خەڵکیەکاندا، ئاسودە بێت وهەست بەئارامی بکات. ئەم نەوەیە دیەویت ئازاد بێت وماف وکەرامەتی پاڵەزراو بێت. ئەم نەوەیە سیما وئاکار، جل وبەرگ وئادابی، هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو مامەڵەی لەگەڵ دایک وخوشک وهاوسەروباوک وبراو

هاوڕێ کاندا، نوێ یەکە ودێوەت کەسایەتیەکی درێژکراوەی میژوی کۆن نەبێت. شوناسی نەوەی نوێ، نەخەملێو، بەرام فرچکەکو گۆلاوێژەکەی یەکجار ئایندە بەخشن.

نەبەردەکانی ئەم نەوێیە:

(واز لە ژینگە بهێنن، سیستەم بگۆڕن)، (هەموو سیستەمە کە بە گۆنە)، لە خەپیشاندانە گەورەکان وبەزمانە جەراوجۆرەکان بەرز دەکرێنەوە، ناوەڕۆکی دژی کاپیتالیستی ئەم ئاپۆینەی لاوان وێنا دەکات. کە هێنگە زۆریش خەپیشاندەران لە ئالۆزی سیستەمەکە نەگەن. نەبەردەکی واقعیە، ئەو جدالاتە فکری وسیاسیانەی ئەمڕۆگا، لە ناتەبایی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەگەل مانەوەی ئینسانیەتی ئینسان، ناکۆکی چارەنەنگری سودی سەرمایە وتەبایی وخەشگوزەرانی کەمایەتی دانیشتوان. هەر پشکەوتنکی بواری زانست وبواری گشپەدانی کەمایەتی، دەکاتە سەرچاوەی فەرهود وکێبڕکێ کۆکەی سەرمایە.لاوان لە نەو ئەم ژینگەیەدا ، لە نەو ئەم پرسیارو تاوزمە سیاسی وفکریانەدا، لە نەو ئەم خەپیشاندان ومانگرتنانەدا، دەتوانن ئاسەیکی گەشی سۆشیالیستی بەدی بکەن.

ئەم نوسینە کورتە تایبەت نیە بە خەباتی لاوان بە ماف وداوای تایبەت بە خەیان وتوێژکەیان ، بە فراوانکردنەوەی باخچەو ودروشانەوەی پرشنگی جوانی وبەختیان، بەڵکە گیان وئایدیا و خەونەکانیان لە گەرینی سەرتاپای کەمڵگادا، وەک داینەمەی هەزکی نوێی شۆشگەر، وەک پەیدابوونی ئینسانکی نوێ کە دێوەت بە زووی لە چەوسانەوە، لە ئەشکەنجە، لە هەژاری، لە شۆڕ، لە نەزانین،لە دەستاتی دیکتاتەری ڕزگاری بێت. ئەم نەوێیە هەزکی نوێ مارکسیزمی ئەرسەدەکسی دەکاتە ئامازی ڕەشنکردنەوەی واقعیاتی چینایەتی وکەمینیزمی نەوش دەکاتە پراتیکی شۆشگێڕان.خەیاڵی نیە و مجامەڵەش نیە، بەشایەکی سیاسی گەورە هەیە، لەبەردەم بابەتە کەمایەتی ویەکسانی وئازادیە سیاسی ومافە مەدەنی یەکان وهاوڕاتی بون وخەشی وشکە وەزو بوونی ئینسانی، جیگای ئالتەرناتیفیی کەمینیستیدا چاوەڕێی نەوێیکی هەشیاروبە دەربەست دەکات.

گریمانی یەکجار زۆرە، شوناسی سیاسی ئەم نەوێیە لە ڕۆکخراوی کوردستانی ئالتەرناتیفی کەمینیستی لەعراقدا، بەرجەستە ببێتەوە. پەرچەمی نەوێیکی ئینسانی سۆسیالیست وئازادیخوازو هەشیارو ناڕازایی بەدەستەوە بگرێت. ئەم نەوێیە. ئینسانکی نوێ یە.

جەمال کەشش
١٤.٦.٢٠١٩

چۆنێتی خوێندنەوەی دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بەکتێب ... ئانانی/سەدیق سەعید ڕواندزی

ئەزموونی خوێندنەوەی خوێنەران چەند لە ئاستی ستایل و کرداردا لە یەکتری جیاوازبێت، دواجار هەموویان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش چۆڕ بینینە لە خوێندنەوەی کتێب. چۆڕێك کە مرۆڤ ناتوانێت گوزارشتێکی ڕاستە قینەی بە زمان لێ بکات، مەگەر خێی خوێنەری کتێب و لە نێو دنیای کتێب نەبێت. بۆیە ناکەم لە ژیانی مرۆڤەکاندا، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، هیچ نێوەندو ئۆرگانێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، هێندەی کتێب مرۆڤ فێری پەروەردەکردن وزانست و مەعریفە بکەن.
نێوەندەکانی خوێندن لە کوردستاندا، تاکی خاوەن بۆیانامە بەرهەم دەهێنن، بەڵام تاکی بیرکەرەوەو خوێنەر دروست ناکەن. ئەمە دەڵالەتە لەوەی کە پەروەردە و فێرکردن بە گشتی لە نێو ئێمەدا، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە بە کولتووریکردنی خوێنەوە و ئاشنا بوونی مرۆڤ بە کتێب نەبینیوە. لێرەوەش زۆر بە ئاسانی درك بەوە دەکەین کە قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکانیش، لەو تۆژانە نین کە دەخوێننەوە. ئەوەی سەرو کاری لەگەڵ کتێب و دنیای خوێنەوە هەبێت، دەزانێت کە کتێب چ بە خشش و سەرمایەکی مرۆیی گەورەیە کە مرۆڤەکان فێری چییەتی و چۆنییەتی ژیان و ئامان و بیرکردنەوە دەکات. ئێمە میللەتێکین بەداخەوە ناخوێنیینەوە، بۆیە زۆربەی کێشە مەعریفی و هوشیارییەکانی کۆمەڵگا، ڕەنگدانەوەی نەبوونی ئەو پاشخانە کولتووریەیە کە سەرچاوەکەی لە خوێنەوە دروست دەبێت.
بۆیە چەند هەوڵی بە کولتووریکردنی خوێنەوە و ناسینی دنیای کتێب بدەین، ئەوەندەی تر لە داهێنانەکان و پێشکەوتنەکان نزیك دەبینەوە. کتێبی(چۆڕی خوێندنەوە) هەوڵێکە بۆ ناساندن وگوزارشتکردن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کتێب. ئەم کتێبە،

ئەزموونی چواردە نووسەر لە بارەی ئامان و گوزارشتکردن لە کتێب و خوێندنەوە لە خێدەگرێت. ئەگەرچی دیدگای هەریەك لەونووسەرانە لە بارەی کتێبەوە جیان لە یەکتری، بەڵام دەکرێ بڵێین دواجار هەموو ئەو دیدگایانە بە ڕوانینکی هاوبەش و جێگیردەگەن لە بارەی کتێبەوە کە دەکرێ لە چەند لایەنکەوە پوختییان بکەینەوە.
بە بۆای هەموو ئەو نووسەرانە، ئەگەرچی لە ڕووی تەمەن و زەمەنی ئاشنابوون بە کتێب جیاوازیی لە نێوانیان هەیە، بەڵام هەموویان کێکن لەسەر ئەوەی کە دوای ئاشنابوون وپەیوەندییان لە گەڵ کتێب، بوونەتە کەسیەتیەکی دیکە. بەدەربڕینکی تر،دەکرێ بڵێین کتێب یەکێکە لەو ئامرازانەی کە ستایلی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت. لە دیارترین سیماکانی ئەو گۆڕانکاریەش، بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاوازە بێ ژیان و دەوروبەر.کتێب وا لە مرۆڤ دەکات بە شێوەیەکی دیکە دنیا ببینێت.
جیاوازتر لەوانەی ناخوێنەوە، بیر بکاتەوە و سەرنجی هەبێت. بە بۆای هەریەك لەو نووسەرانە، کتێب بێ ئەوان کردنەوەی دەرگایەکی دیکەی جیاوازبووە بە ڕووی ژیاندا بەدەر لەوهەموو دەرگا کلاسیکییانەی ژیان کە مرۆڤەکانی تر پێیەوە ئاهاتوون. ئەو نووسەرانە، باس لەوە دەکەن کە ئەوان لە دوای ئاشنابوونییان بە دنیای فراوانی کتێب،بوونەتە بوونەوەرێکی دیکە.
ئەگەرچی مەرج نییە کتێب مرۆڤکی سوپەرمانی دروست بکات، بەڵام بێگومان، دەیکاتە کەسیەتیەکی جیاواز لەوەی بەرلە ناسینی کتێب هەبووە.چونکە کتێب خەیاڵ و بینینی مرۆڤ لەبەردەم دنیادا فراوانتر و ئاسۆی بیرکردنەوەی گەورەتر دەکات.کتێب سەرچاوەی زانین و مەعریفەیە، دەشێ مرۆڤ لە هەر کتێبکدا، بە زانسێکی نوێ و هوشیاریەکی نوێ بگات. خاڵکی دیکە، کە دیدگای بە شکی زۆری ئەو نووسەرانە هاوڕان لە سەری ئەویش ئەوەیە، کە ئەنگە هەموو کتێبێك وەك سەرچاوەی زانست و داهێنان و خزمەت بە مرۆقایەتی سەیرنەکەین.
بە بۆای بە شکی زۆر لەو نووسەرانە، دەشێ بەشێك لە کتێبەکان، ژەهرێك بن بێ بیری خوێنەرو لێیەوە مرۆقەکان فێری دەمارگیری و ئەگەزپەرستی و دڵگمایی بێت. دەکرێ بەشێك لە کتێبەکان، وەك سەرچاوەی دروستبوونی ئاشووب و کێشەی گەورە ببینین کە هزری مرۆڤ بەرەو داخراویی و دڵگمایی دەبەن و کتێب وەك هەوڵێك بێ تاریککردنی دنیا دەبینن.
بۆیە دەبێ لە هەڵبژاردنی کتێبەکاندا، خوێنەر هوشیارو بیر کراوە بێت و ئەگەر بەرکتێبکی لەو جۆرەش کەوت، ئەوا نابێت خوێنەر لە ڕووی هزرییەوە بکەوێتە ژێر کاریگەریەتی. ئەمڕۆ بە شکی زۆری کتێبەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان، هەڵگری گوتارێکی دەمارگیری و

پەپەلستینە و هەزری مرۆڤ بە بیری تونددڕەوی و هەتکردنەوە بارگاویدەکەن.
بۆیە نابێ هەموو کتێبێك وەك سەرچاوەی هوشیاریی و کرانەوە و بیری نوێ ببینین.بەپێچەوانەوە دەشێ بەشێك لە کتێبەکان تونڕەوکی تاریك بە سەر هزری خوێنەردا بکەنەوە کە دواجار کتێب لە بری ئەوەی ببێتە هەکارێك بۆ بینینێکی دیکە و پێشکەوتنێکی دیکە، ئەوا هزری قەتیس دەکات. بۆیە نابێت بڕوامان وابێت ئیدی کتێب بەگشتی فریادرەسکە و سەرتاپای بوون و ژیانمان بۆ شۆوەیەکی دیکە دەگۆڕێت. بڕگومان کتێب فۆری بینینێکی دیکەمان دەکات، بەڵام هەموو کتێبێك نا. چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە هەفتارو کردەوەی تونددڕەوی و دەمارگیری، هەنگدانەوەی هزرەکەن.
بەومانایەی دەشێ کتێب مرۆڤ فۆری بیرکی تونددەو تاریك بکات،کە دواجار ژیان وڕانتربکات. وەك ئەوەی گرووپە تونددەوەکان باوەیان پێیە. خاڵکی دیکە هەر پەیوەست بە خوێنەوە ئەوەیە، کە ئەگەرچی سەسیال میدیا و پێشکەوتنە خراکانی سەردەم و میدیای ئەلکترۆنی بەگشتی، کاریگەریەتی لە سەرخوێنەوە و کتێب هەبووە، بەڵام دواجار چۆزی هیچ خوێنەوەیەك ناگات بەو چێژەی کە خوێنەر کتێبێك بە دەستەوە دەگرێت ودەیخوێنێتەوە. هەرگیز شۆوەکانی دیکەی خوێننەوە لە میدیای ئەلکترۆنیدا،وەك کتێب چۆزو هەستکی تایبەت بە خوێنەرنابەخشن.

بە تایبەتیش بۆ خوێنەرانێك، کە زەمەنکی درێژە بە کتێبەوە ئاشنان و خوێنەوە بەشکی سەرەکی پێداویستییە هزرییەکانی ژیانیانە. ئەم کتێبە دەکرێ وەك دەروازەیەك بۆچۆزو بینینی کتێب، وەك سەرچاوەی زانست و هوشیاری مرۆڤەکان ببینین. کە تیایدا کەسانێك هەر تەنها پەیوەندی خۆیان بەکتێبەوە باس ناکەن، بەکو ئەو دنیا شاراوەو جیهانە نوێیەش بە خوێنەر دەناسێنن، کە لە پەراوێزی ئاشنابوونیان بە کتێبەوە پێی گەیشتوون. ئاخرهیچ شتێك وەکو کتێب، مرۆڤ لە هەگەوە ناگۆڕێت و نایکاتە کەسکی جیاوازترلەوانی تر. هیوادارم ئەوانەی تائێستا ناخوێننەوە و کتێبییان نەناسیوە، ئەو گەوهەرە بەهادارە بناسن، کەدنیام هەرگیز لە ناسینی بە درێژایی ژیانیان پەشیمان نابنەوە..

ڕانانی/سەدیق سەعید ڕواندزی

*ناوی کتێب/چێژی خوێندنەوە/ ئامادەکردنی(شاخەوان سدیق) بۆاوکراوەی هەفتەنامەی هاووڵاتی_سلێمانی 2019.

ڕۆمانی … ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە … عەبدوڵا سەواج

ناوی کتێب: ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە؟
نووسەر: عەبدوڵا سەواج
نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم
پیتچنین و نەخشەسازی ناوەڕۆك: سامی عەلی بندیان
چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

هێڵ ستراتیژییەکان سیاسییەکان کوشندەیە … جیهاد موحەمەد

هێڵی ستراتیژیی، هێڵێکی کوشندەیە، دەبێت بە نەخشێکی دڕندانە، هەتا ژیانی سیاسیی ئەو حیزبە، یان ئەو بزووتنەوەیە، یان هێگرانی ئەو فەلسەفە و دیدگایە بمێنێت لە کێیان نابڕێوە، وەک دێن هەتا مردن لەگەڵ نەخشەکێشانی و نەخشە ناتوانێت خێی لە ڕزگار بکات. هێڵی تاکتیکیی، کە زۆر جار دەشێت ئەم هێڵیش کوشندە بێت، شکستهێنەر بێت، وەلێ ئاسانترە لە هێڵی ستراتیژیی و دەتوانرێت لە قۆناغێکدا حیزبی هێزکار خێی لە دەربارز بکات. هێڵی ستراتیژیی لە دەستدانی دەرفەت و بواری جێبەجێکردنی دیدگا و جیهانبینیە بەلسەفییەکانە، بە هەرچ حیزب و بزووتنەوەیەکی هێزکار. جگە لە لەدەستدانی دەرفەت و بوار و دەریچەکانی ڕزگاری و ئازادی و سەرفرازی چین، یان نەتەوەی چەوساوە، کە حیزب و بزووتنەوە هێزکارکان هێگری ئەو دروشمانە بوون،لە پێناویاندا

هاتوونەتە ئاراوە. جار هەبووە حیزبی هەڵکار خاوەنی خەباتێکی دوورودرێژ بوون و بە مەلاین خەڵکی ستەمدیدەی چینە چەوساوەکان، یان نەتەوە چەوساوەکانیان کردووە بە سوتەمەنی خەیان، بەڵام بە هەڵە ستراتیژیە سیاسیەکانیان، چ لە تیۆریدا، یان لە پراکتیکیدا، هەرچییان کردووە و هەرچیان هەنیوەتەوە و چنیویانە بە جارێک هەوەشێنراوەتەوە و، هەموو خەڵکە ستەمدیدەکەش بوون بە ئاردی ناو دەک و پەرت و پەرتەوازە بوون لە یەکتری. ئیتر ئەم دەردە کوشندەیە دەیان ساڵی خایاندوە و بە متمانەیی و بە باوەڕیەکی زۆر گەورە لە ناو خەڵکدا تەشەنەی کردووە، هەم بە هاوبەر و پشتوا و حیزبە سیاسیەکان، هەم بە ئیرادەی خەیان. ئەم بە متمانەیی و بە باوەڕیە تەنها خودی حیزبەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو درێژەی کێشاوە بە بە متمانەبوون بە فەلسەفە و جیهانبینیەکەیان، بە ئایدەلۆژیەکەیان، بەو بنەما تیۆریانەی کە لەسەری کاریان کردوە.
بە نموونە حیزبە ناسیۆنالستیەکانی کوردستان، جگە لەوەی خەیان کرد بە ئامانج و مەسەلە نەتەوەیەکەیان کرد بە ئاماژ بە خەدەمەندکردن و درێژدان بە حوکمانییەکی هەتا بڵێی خراپ و نادادپەروەر و نایەکسان، کە ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورە بوو کردیان. جگە لەم هەڵە ستراتیژیە ئیداریی و سیاسیە، هەڵەیەکی ستراتیژیی سیاسیی گەورەتریان کرد، بە دانانی سەرکی حیزبەکانیان بە فریادڕەس و کاریزمایەک بە وێنەی "خواوەند" بە پەرستن. کاتێکیش کە سەرک و هاوبەر فریادڕەسە خواوەندیەکەیان تووشی شکستی سیاسیی دەبێت، وەک مەلا مستەفای بارزان، یان تووشی مردن و نەخۆشی کوشندە دەبێت وەک جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، ئیتر حیزبەکانیان تووشی شکستی گەورەی سیاسیی و ئیداری دەبن و خەیان بە هاست ناکرێتەوە، ئاخر کە "خوا" مرد، لە نەوان خەلیفەکاندا بە مەراتگریی و جەگرەوە جەنگ بەرپا دەبێت. ئەم حیزبە ناسیۆنالیستانە، وەک پارتی و یەکێتی و لەم دواینەشدا بزووتنەوەی گۆران جگە لە قسەکردن بە چاکسازی و هەوەدانێکی بە سوود بە گەلانەوە بە حیزبێکی مەدەنی سیاسیی، بە هیچ جۆرێک ئەم قسەکردنانەیان بە ناکرێت بە پراکتیک و ناتوانن ڕزگاریان بێت لەو تەنگژە سیاسی و فەسادیەی تووشی بوون. ئەوەتا نێک هەر ناتوانن دوای ئەو ئامانجە بکەون کە لە پێناویدا دروست بوون، بەڵکو خودی حیزبەکانیشیان تووشی گەندەڵی و دەستگەریی و ناکۆکیی گەورە بوون لە نەوان خەیاندا. هەرچ دەستە و گروپێکیان، هەرچ سەرکردە و کەسی دیاریان ناچار بە خە پاکردنەوە، کە ناتوانن خەیان پاکبکەنەوە، دەستە و گروپەکانی تر و کەسەکانی تر تەماتبار دەکەن و دەستی چەوری خەیان بەیەکتری دەسڕن.

حیزبە ناسیۆنالستیکانی کوردستان، دوو دەیە و نیو زیاترە بەردەوام هەوڵی ستراتیژیی دەکەن، بەردەوام وازیان لەو ئامانجە هێناوە کە لە پێناویدا دروستبوون، خودی خەیان و حیزبەکانیان بوون بە ئامانج، خەریکی خەدوومەندکردنن. خە دوومەندکردن و گوێدان بە هیچ ڕەخنەیەکی خەک، وای لەکردن تووشی دەیان فەسادی ئیداری و سیاسیی و حیزبی بوون، خەکیان تووشی دەردیسەری کردووە، بە هەمان شێوەی خەیان خەکیان تووشی فەساد کردووە، بە تایبەتی چینی بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکان و کاسپکارانیان تووشی فەسادی کردووە. ئێستا وا خەریکە لەسەر دەوڵەمەند بوون و پێگە فەسادیە گەورەکەیان دەبەت بە شەڕ و ئاژاوەیان، هەرچ ڕەژە و لە کۆنەکەوە کەسێکی سەرکردە بە ئاشکرا دەردەکەوەت و دەیەوەت خێی بکات بە فریادەسی حیزبەکەیان و خەکی کوردستان.
ئەم حیزبانە بە تایبەتی یەکەتی و پارتی ناتوانن هیچ جۆرە چاکسازییەک بکەن، ناتوانن ببن بە حیزبی مەدەنی و سەردەمیانە لەگەڵ دنیای سەردەمدا بەڕەو پێشەوە. هەرچی دەیەڵێن و دەیکەن هەمووی وەک بەقی سەر ئاو دوای ماوەیەک فش دەبەتەوە.
یەک ڕاستی هەیە کە ئەتوانم بڵێم هەموو کەس لە کوردستاندا ئەگەر خێی گەل نەکات دەیزانەت! ڕزگاربوون لە فەسادی ئیداری و حیزبیی و ماڵیی، ئەم حیزبانە بچووک دەکاتەوە و ئەم قەوارە گەورە زەبەلاحەیان نامێنەت، ئەمەشیان پێ قبووە ناکرەت، بەیە ناتوانن خەیان و حیزبە فاسیدەکانیان ڕاستبکەنەوە. ئەمان ناتوانن ئەم هەنگاوانە هەبێن:

١- لە پێش هەموو فاسیدەکانی کوردستاندا، خەیان بچێە بەردەم دادگایەکی عادیلانە و لەپرسینەویان لەگەڵدا بکرەت و پرسیاریان لە بکرەت"ئەم دەوڵەمەندی و بزنسکاریی و بازرگانیەتیەت لە کوێوە هێنا؟"

٢- دەست هەبگرن لە دەیان و سەدان پرۆژەی بازرگانەتی.

٣- واز لە دەیان کۆناەی تەلەفزوێنی و ڕۆژنامەی ڕاستەوخۆ و سەبەر بهێنن.

٤- واز لە دەیان هەزار موچەخۆری بندیوار بهێنن، کە بوون بە لەشکرەکی گەورە لە هەبژاردنەکاندا بەکاریان دەهێنن بە دەنگدان بەم حیزبانە.

٥- دەستبەرداری فەوفۆی سیاسیی و ئۆژنە شکاندنی یەکتری بن.

٦- واز لە تێکەڵکردنی دەستی چەپەیان بهێنن لەگەڵ وەاتانی دەوروبەر و عێراقدا.

٧- درێ نەکەن و ڕاستگۆیانە داوای لێبوردن بکەن لە خەڵکی کوردستان، هەرچیان هەیە لە پارەوپول و سەروەت و سامانی دزراو و قایمکراو لە ناو بانکەکانی ئەوروپا و دەوڵەتانی دەوروبەردا بگەڕێنەوە بە خەڵکی کوردستان.
٨- یاسا سەروەر بکەن و خەشیان وەک هاوەاتی ئاسایی یاسا بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت.
٩- لە هەڵبژاردنەکاندا ساختە نەکەن.
١٠- یاسای هەڵبژاردنەکان بگەڕێن بە یاسایەکی دیموکراتیانە.
١١- باج و خەراج بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بخرێنە سەر هەموو بازرگان و دەوڵەمەندەکان.
١٢- ژێرخانی ئابووری ببوژێنەوە.
١٤/ دیموکراتی بن لەگەڵ هەموو هاوەاتیاندا وەک یەک ١٤- فەزای حیزبییەکانی خۆیان، یان سەرکردەکانی خۆیان نەدەن بەسەر خەڵکی تردا.
١٥- پاکسازی بکەن لە زیاتر ٤٠٠٠چوار هەزار ئەکخەراوی بەناو مەدەنیدا، کە لە سەدا ٩٧ی ئەم ژمارەیە فاسیدە و هی خۆیانە. ١٦- کەشکانیان لە گەڵ پەکەکە و حیزبەکانی ئێڕهەڵاتدا بە شێوەیەکی عەقڵانی و سیاسیانە چارەسەر بکەن.١٧- پەروەردەیەکی دیموکراتی و نوێ دامەزرێنن کە بنەمای ئیدارە و حوکمڕانی و دیموکراتی پشکووتوو. ١٨- واز لە تووندووتیژی بهێنن١٩- دیموکراتیانە لەگەڵ خەپیشاندەراندا مامەڵە بکەن٢٠- لە خودی خۆیانەوە وەک سەرکی هەرێم و سەرکی حکومەت و سەرکی حیزبەکانیانەوە دەستپێبکەن بە چاکسازی و پاکسازی و لێپرسینەوە. ئەمەی ئەمان کردویانە لەماوەی حکومڕانیاندا، هەڵەی ستراتیژیی گەورەیە، خۆیان بە ناستناکرێتەوە، ناتوانن بە هەتا هەتایە خۆیان لەو نەخشیە کوشندەیە ڕزگار بکەن.

– لە پێش هەموو فاسیدەکانی کوردستاندا، خۆیان بچنە بەردەم دادگایەکی عادیلانە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و پرسیاریان لێ بکرێت"ئەم دەوڵەمەندی و بزنسکاریی و بازرگانیەتیەت لە کوێوە هێناوە؟" ٢- دەست هەڵبگرن لە دەیان و سەدان پرۆژەی بازرگانێتی. ٣- واز لە دەیان کەناڵی تەلەفزۆنی و ڕۆژنامەی ناستوخۆ و سەبەر بهێنن. ٤- واز لە دەیان هەزار موچەخۆری بندیوار بهێنن، کە بوون بە لەشکرێکی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاریان دەهێنن بە دەنگدان بەم حیزبانە. ٥- دەستبەرداری فەوفڵی سیاسیی و ئۆژنە

شکاندنی یەکتری بن. ٦- واز لە تەکۆکردنی دەستی چەپەیان بهێنن لەگەڵ وەاتانی دەوروبەر و عێراقدا. ۷- درێ نەکەن و ئاستگیانە داوای لێبوردن بکەن لە خەڵکی کوردستان، هەرچیان هەیە لە پارەوپول و سەروەت و سامانی دزراو و قایمکراو لە ناو بانکەکانی ئەوروپا و دەوڵەتانی دەوروبەردا بگەڕێنەوە بە خەڵکی کوردستان. ۸- یاسا سەروەر بکەن و خەشیان وەک هاوەاتی ئاسایی یاسا بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت. ۹- لە هەڵبژاردنەکاندا ساختە نەکەن. ۱۰- یاسای هەڵبژاردنەکان بگۆڕن بە یاسایەکی دیموکراتیانە. ۱۱- باج و خەراج بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بخەنە سەر هەموو بازرگان و دەوڵەمەندەکان. ۱۲- ژێرخانی ئابووری ببوژێنەوە/۱۳ دیموکراتی بن لەگەڵ هەموو هاوەاتیاندا وەک یەک ١٤- فەزای حیزبییەکانی خەیان، یان سەرکردەکانی خەیان نەدەن بەسەر خەڵکی تردا ١٥- پاکسازی بکەن لە زیاتر ٤٠٠٠چوار هەزار هەڵکخراوی بەناو مەدەنیدا، کە لە سەدا ۹۷ی ئەم ژمارەیە فاسیدە و هی خەیانە. ١٦- کۆشکانیان لە گەڵ پەکەکە و حیزبەکانی هەژهەڵاتدا بە شێوەیەکی عەقڵانی و سیاسیانە چارەسەر بکەن.۱۷- پەروەردەیەکی دیموکراتی و نوێ دامەزرێنن کە بنەمای ئیدارە و حوکمەانی و دیموکراتی پێشکەوتووە. ۱۸- واز لە تووندووتیژی بهێنن۱۹- دیموکراتیانە لەگەڵ خەپیشاندەراندا مامەڵە بکەن۲۰- لە خودی خەیانەوە وەک سەرکەی هەرەم و سەرکەی حکومەت و سەرکەی حیزبەکانیانەوە دەستپێبکەن بە چاکسازی و پاکسازی و لێپرسینەوە. ئەمەی ئەمان کردویانە لەماوەی حکومەانیاندا، هەڵەی ستراتیژیی گەورەیە، خەیان بە ئاستناکرێتەوە، ناتوانن بە هەتا هەتایە خەیان لەو نەخشیە کوشندەیە ڕزگار بکەن.

جیهاد موحەمەد

قۆزێکەی دیکەی فاشیزم... نوێترین کتێبی نووسەر

ئیسماعیل حەمەئەمین

نوێترین کتێبی نووسەر ئیسماعیل حەمەئەمین لە لایەن بڵاوکراوەکانی نووسیار چاپ و بڵاوکرایەوە.
فاشیزم چۆنە و چۆن بیردەکاتەوە؟ ئەقڵی نکوڵیکردنی فاشیزم لە جینۆسایدا چۆن کاردەکات؟ بڵچی فاشیزم خۆی کۆپی دەکاتەوە؟ شەڕە لەدژی فاشیزم لەکوێوە دەستپێدەکات؟ هەقیقەتە ئەقڵانیەکان چین و هەقیقەتە ئیالیستیەکان چین؟ بە چ شێوەیەك پێچکە بچوکەکانی فاشیزم چۆن دوای هێووخانی دیکتاتۆریەت جارێکیتر فۆرمێکی دیکە لە فاشیزمی نوێ بەرهەمدەهێنن؟ ئەمە و چەندەها گفتوگۆ بەزمانێکی شیکاریانەی هێون و بە گرێ و قسەکردن لەسەر چەندەها نمونەی تر لەدادگایی سەدامەوە تاوەکو دادگایی نازیەکی وەك ئادۆلف ئایشمان و پشت بەستوو بە فەیلەسوفی گرنگ (هانا ئارێنت).

پێرگرافێک لە کتێبەکە:

ئادۆلف ئایشمان لە دادگاییکردنێکیدا زیرەکانە دەیوێت لەو تاوانباریە خۆی پاکبکاتەوە، بەوەی بڕشدار بووە لە کوشتنی بە کۆمەڵی جوولەکەکان لە سەربازگەکانی هەڵەکەست. ئایشمان نکۆڵی لە بڕشداری هاستەوخۆی ئەم تاوانە دەکات و دەڵێت؛ من تەنها لە بڕشکدا تاوانبارم نەك هەمووی، تاوانبارم تەنها لە بڕشی ئەوەی من بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەت کاری ترانسپۆرت و ئۆرگانیزەی ترانسپۆرتی جوولەکەکانم کردووە و لەوەدا هەڵەم هەبووە. ئاوەها ئادۆلف ئایشمان خۆی وەك پیاوێکی دەسەزی دەڕێتی نمایش دەکات و چەمکی (ئەرك / الواجب/ Pflicht) و مۆراڵ و ئەخلاقی ئەم ئەرکە بەجێهێنانە دەخاتە ئاستەی خۆی و تێنانێت لە بڕشکی دادگاییکردنەکەدا پێنادباتە بەر ئەم چەمکە و باسی فەیلەسوفێکی وەك کانت دەکات و بە مۆراڵیستێکی ئەرك بەجێهێنەری گەورەی خۆی لەقەڵەمدەدا. خانمە فەیلەسوفێکی وەك هانا ئارێنت ئەم بەرگریکردنە بە (بڕشەرمانە) پێناسە دەکات.
ئایشمان تێنانێت خۆی بە تاوانبار دەزانێت بڕشوێکی ناهاستەوخۆ و لە بڕشکیدا، بە قسەی خۆی نەك هەمووی! بەوەی تاوانبارە لە ترانسپۆرتکردندا بەڵام لە کوشتندا ئەو تاوانبار نییە! ئەمەش ئەو ئەقڵیەتە ترسناکەمان نیشاندەدا کە ڕژیمە تۆتالیتاریستە و فاشیستەکان لە مرۆڤکاندا دروستی دەکەن، بەوەی ئەوان بڕشدارنین بەکۆپیانکردوون و ئەمان فەرمانبەرن وەك چۆن دەتوانن لە حکومەتی داهاتووشدا هەمان ڕۆڵی جێبەجێکردن ببینین، لەرشدا

مەترسی ئەم بکەرە بەشدارە پشتمەزە دەردەکەوێت، بەوەی زۆر هووکەشیانە و کاڤامانە بیردەکاتەوە. ئەم خودی کە بیرناکاتەوە و هووکەشە کاراکتەرەکی گەورەی کەسایەتی خودی ئەو مرۆڤەیە کە لە هەناوی مەدەرنەدا دێتە دەرێ و پێی دەڵێن؛ مرۆڤی مەدەرن.

پرۆفایلی کتێب
بەاوکراوەکانی نووسیار
نوسەر: ئیسماعیل حەمەئەمین
بابەت: فەلسەفە
چاپی یەکەم 2019
ژمارەی لاپەڕە: 182
نرخ: 4000 دینار، قەبارە: 21*13،5
ISBN:978-87-93854-02-4

دووڕووی لە دیاردەی بە حاڵەت! … کرمانج فەتاح

لە دونیا ئەستادا قورسە مرۆڤ بتوانێت، بەجۆرێک لەنێو ئەو تەنگژە قوڵە دووڕوویدا(Murphy personality) مرۆڤکان بناسێتەوە، بەجۆرێک تا بڕکەوتنی دەمارکانمان هاتووە . پەمان وایە ئەو دووڕوویە ئەتوانین مرۆڤکان بەجۆرێک لە دەروروبەرمان کەبکەینەوە، هەم نزیک بن لێمانەوە هەم بتوانین سود لە توانا و یان بە بڕژەوەندیکانی خەمان بکاریان بێنین ئەوەش جۆرێک لە نەخشیە چونکە لە راستیدا بە ئەوەی کەسکی دووڕوویت ڕەنگە بتوانیت ببیت بەو کەسەی کە خود خۆی دەیەوێت، ئەمەش لە ئەنجام بەوا بوونە بە توانا و تەڵامانکانی لەهەم بڕ پرسکاندا ! بە ئەوەی ببیت بە تاککی خۆشەویست و ئارەزوومەند لەناو کەمەگادا ، کە ئەمە ساخلەمەتی یەکی گشتی و تایبەتمەندە بە بەهرەدارەکان و بەتواناکانە ئەوان دەتوانن جێ بەجێی بکەن، بەڵام هەوڵدان (ببیت یە خۆشەویستی خەڵك)کارکی ئەستەم نییە، نە پێویستە مرۆڤکی دووڕووبیت نە پێویستکات مرۆڤ لە پێناو خۆتدا ئاراستە بکەیت.

دووڕووکان:- بەدەست خیانەت ، کەسکان خودی خیان ئەزانن کە

دووەوون لە گوفتار و کردارەکانیان دووەوون دووفاقن بە مەبەستێک دووەووی ئەکەن.
دووەووی کارەکی چاکە یاخود خراپ ؟ بەدنیایەوە خراپە بە حاڵەتێکی دڕوونیدا دائەندرێت.

بەڵام ئەوەی لەڕدا گرنگە هەکاری دروست بوونی مرۆڤی دووەووی چیە؟

*هەکاری یەکەم:- نەبوونی ژینگەیەکی تەندروست تا بەوەی مرۆڤ نەکەوێتە ژێر کاریگەری نەرێنیی لە هەم بەر ژینگەی خۆزان و کەمەڵایەتی بوون، ئەمەش دەنگە چەند فاکتەرێک ببێتە هەکاری خوقاندنی ئەم دووەوویە. وەک ژینگەی خۆزان لە هەم بەر نەبوونی گرنگی پێندان یاخود پێندانی بەوا بە تاک ئەمەش دەنگە ببێتە هەکاری ئەوەی لای تاک گومان لە توانا و ڕا و بڕوونکانیدا دروست ببێت، دەنگە ئەوەش هەکار بێت بە ئەوەی مرۆڤێکی دووەوی بە متمان دروست بکات.

*هەکاری دووەم:-لایەنی پەروەردەی قوتابخانە،کە دەنگە هەکارێکی سەرەکی بێت بە ئەوەی تاک تێیدا دووەوو دووفاق بێتە بەرهەم؛ هەم لەوکاتەی مرۆڤ لە ژینگەی ماڵەوە دێتە ژینگەی بەکەمەڵایەتی بوونی،سەرتا دەچێتە قوتابخانەیە، کە زەر جار قوتابی بە شاردنەوەی کەم و کوریەکانی هەوە ئەدا بیانوو بە شکستەکانی بنێتەوە؛ زەر جار لە کەوتنی قوتابی لە وانەکانی هەوە و بە دەزینەوەی بیانوێک ئەدات تا لە ماڵەوە شکستەکانی پەردەپۆش بکات.کە هەکارەکەشی بە سەرتای تاک دەگەڕێتەوە کەخۆزانە، چونکە دەنگە هیچ کات گرنگی بە بیرو ڕاو جیاوازیەکانی نەدرابێت، ئەمەش دەکرێت کاری جدی بە بکرێت لە ووی پەروەردەیەوە. کە تاک بە ناوخنی خۆیدا ئاشتبکرێتەوە.
*هەکاری سێیەم:- میدیا و ڕایەنی رامیاری؛نکەڵی لەوەناکرێت ئەم دووفاکتە کاریگەری گەورە بەسەر تاک جێ دەهێڵن بەوەی چەن تاک ئاراستەبکەن. بەهەی گۆشەکردنی میدیا و تەکنەلەجیاوە، کاریگەری هەژموونی میدیا بەسەر هزرو سەزو هەڵفتارو بەیاری تاکەکانەوە هەژ بەڕەژ زیاتر بەدەر دەکەوێت.
میدیا خۆی و چالاکیەکی کەمەڵایەتی وەڵفتاری تاکەکان هەڵك دەخات و ئاراستەیان دەکات .چونکە میدیا خۆی خزاندنێ نەو کایەکانی مرۆڤەوە.
میدیا وئازادی دووەوی یەك دوان، هەر یەکەیان فاکتەرێ بە گۆشەکردنی ئەوی دیکەیان .، بەیە ئەم دووفاکتەش بەدەر نین کە چەن کاریگەریان هەبێت لە سەرتاک لە نەحیەی سایکلۆژیەوە… لە بوون بە کەسێکی دووەو، ئەبە میدیا زەر کات هەڵی گرنگی هەبێت لەسەر ئەوەی

چۆن ئاراستەبکرێت. تا لە بەژێوەندی گشتی بێت.

کرمانج فەتاح

گۆڕانی ئەو چەمکەی کە کوردایەتی ناشیرین کرد! … شوانە حەسەن ئەبوبەکر

لەو ڕۆژەوە ڕقم لە بیرکارییە، لەو کاتەدا ڕقیشم لە ئامۆزاکەشم دەبووە.

لەکێنەوێک ئاماژە بۆ دەکات، ئەو منداڵانەی کە قوربانیی بڕاوردکردنن بە منداڵانی تر، دووچاری متمانە بە خۆبوون بوونەوە. زۆر جاریش هەست بۆ دەکەن، کە هیچیان لەباردا نییە و بە کەڵکی هیچیش نایەن، لە شوێنی شیاویشدا نین. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی لە خوێندن و لە ژیانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و کاردانەوەیەکی نەرێنی
بە دروست کردوون. تا رادەیەک ڕەشبینیشی کردوون و هەست بە بێ ئومیدی دەکەن.

بڕاوردکردن لە نێوان منداڵاندا، ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:
١ـ بڕاوردکردن لە زیرەکی و بلیمەتی لە توانا هەشییەکاندا.
٢ـ بڕاوردکردن لە هەڵزی بازووەکان و لە بەهرە جووڵەییەکاندا لە نێوان منداڵاندا.
بۆ نموونە: دایکێک داوا لە کوڕەکەی دەکات خێت لە قۆڕی فڕانە

منداڵ مەدە چونکە ئەو لە تە بەهێزترە.. یا ئەی تە بە وەکو براکەت وەرزش ناکەیت و کێشت داناگریت؟
٣ــ بەراوردکەرن لە خوێندندا: بەراوردکردنی قوتابییەک بە قوتابیانی تر لە لایەن دایک و باوک و مامۆستاکەیەوە.. وەکوو: تە بە وەکو فڵانە قوتابی نمرەی بەرز وەرناگریت؟
تە بە بە یەکەمی پڵەکەت دەرناچیت؟
٤ـ لەبارای توانای هونەریدا: وەکوو بەهرە و توانای وێنەکێشان، گۆرانی وتن، نواندن.
ئەوە هەیە کە دوو تابلۆی وێنەکێشانی دوو قوتابی بە یەکتری بەراورد بکەین، با لە تەمەنێک و لە پڵەکێشدا بن، چونکە هەر منداڵێک بە شێوازی خۆی گوزارشت لە هەزر و لە خۆون و لەو بیرکەیەی کە لە خەیاڵیدایە دەکات.
٥ــ بەراورکردن لە جوانی و بژن و باڵادا: بە تایبەتیش بەراوردکردن لە نەوان کچاندا،
بە نموونە: کە دایکێک بە بەر چاوی کچێکی بە کچێکی تری دەڵێت تۆ جوانیت.
خوشکێکی غیرەی لەدکات و ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە خۆشکێکی لەم جوانتر و شەنگتر و باڵا رێکترە، وا دیارە من ناشیرین و باڵا ناڕێکم، ئەگینا دایکم بە منیشی دەوت جوانیت.
ئەمە دەبێتە گرێیەکی دەروونیی لای ئەم کچەی، رەنگە رقی لە خوشکێکشی بێتە. یا لە بەردەم کچێکیدا، ستایشی کچی هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: کچی هاوڕێکەم، زۆر لەبڵبان و قسە قوت و خۆشە.. خەزگە کچێکی منیش وابوایە.
بەم خەزگەیەی کچی هاوڕێکەی لە بەرچاوی کچێکی دەخات و رقی لێدەبێتەوە.

زیانەکانی بەراوردکردن:

زیانەکانی بەراوردکردنی منداڵێک بە منداڵانی تر زۆرن، لەوانەش:
١ــ هەستکردنی منداڵ بە خۆبەکەمترزانین: گەر بە هەمیشەیی منداڵەکتان بخەنە ژێر فشاری بەراوردکردن بە منداڵانی تر. بارگرانی و بێزاری و وەرستبوون بە منداڵەکتان دروست دەکەن. کارتێکردنەکی نەرینی لە راپەڕاندنی کارەکانیدا رەنگدەداتەوە. چونکە ئەو منداڵەی بە هاوڕێکانی یا منداڵانی تر بەراورد دەکرێت، کە نەتوانێت خۆی یەکسان و هاوتابکاتەوە لەگەڵیاندا. متمانە و بەوای بە توانای خۆی نامێنێت. سەرەڕای ئەمەش هەستی رق و ئیرەیی و

چکوسی بڕانبڕ بۆ هاوڕێ و ئەو منداڵانەی لادروست دەبێت و هاوڕێتیشیان سارد و کاڵ دەکاتەوە.
دایک و باوک لە بریتیی ئەوەی کە منداڵەکەیان تووشی دڕخەکی نەخوازراوی وا بکەن.. باشتر و دروستر وایە، کە دەست بەسەر خاڵە لاوازەکانیدا بگرن و لەگەڵیدا دابنیشن و پێکەوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە.. پێویستیش ستایشی لایەنە ئەرێنییەکانیشی بکەن.

٢ــ کەبوونەوەی ڕۆژگرتن لە خود: بڕاورکردنی منداڵێک بە منداڵانی ئاست بەرزتر ئەو بەوایە لای ئەو منداڵە دروست دەبێت، کە هاوڕێکانی لەو زیاترن، ناتوانێت. کارێکی باشی ئەوتە ئەنجام بدات، کە بە دڵی دایک و باوکی بێت و لێی رازیبن. ئەم هەستەشی زیانێکی زۆری پێدەگەیەنێت. تەنگ بە گۆشەکردنی کەسێتی و پێشکەوتنی ئاکادیمیی لە خوێندندا پێ هەڵدەچنێت.
بۆیە پێویستە دایکان و باوکان بڕوایان بە جیاوازیی توانا و بەهرەی تاک هەبێت، بە تایبەتیش لە منداڵاندا، کە خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاکن.. گەر گۆڕکان فڕیان نەکەن ئەوان ڕق و کینە و ئیرەیی و چکوسی نازانن.

٣ــ کەمبوونەوەی بایەخدان بە باشکردنی کارەکانیان: گەر بێت و دایک و باوک کەشس و بەهرە و کارە ئەنجامدراوکانی منداڵەکەیان، پشتگوێ بخەن و بایەخیان پێ نەدەن و
بە هەندیان نەزانن، دەستخۆشی و ئافەرینی منداڵەکەیان نەکەن و بە ئەنجامدراوە باشترەکانی هاوڕێکانی بڕاوردیان بکەن و بە چاوێکی کەمتر لە بەهرە و تواناکانی منداڵەکەیان بڕوانن.. وا لە منداڵەکەیان دەکەن کە ساردبێتەوە و چیتر خەی ماندوو نەکات.. چونکە دایک و باوکی لە بەهرە و کارەکانی ناڕازین و بە هەندی نازانن.
هەستیش بە شەرم دەکات و گۆشەگیر و دوورە پەرێز دەوستێت، لەوە دەترسێت
کە دایک و باوکی بە منداڵی میوانەکانیان بڕاوردی بکەن و بیشکێننەوە.

٤ــ لەدەستدانی بەهرەی داهێنان: گەر بەهرە و خەون و توانا تایبەتمەندییەکانی منداڵەکەتان لەبەرچاونەگرن و هانی نەدەن بە درێژەپێدان و پێشکەوتن و داهێنانی
زیاتر و باشتر و، پەرپێدان بە بەهرە و ئارەزووەکانیان. بڕاوردیان بکەن بە بەهرە و منداڵانی بەهرەمەنتر و داهێنەرتر،

منداڵەکەتان وا لێکیدەداتەوە کە شکستی هێناوە
و پێویست بە درێژەپێدان ناکات و حەزی داهێنانی تێدا
دەمرێت.

٥ـ دابەزینی نرخی منداڵ و دایک و باوکی زیاتر دەبێت:
بەراوردکردنی منداڵەکەتان
لەگەڵ منداڵانی خزم و ناسیاو و هاوڕێ و دراوسێ، یا لەگەڵ
خوشک و برایانی، هەرکارێکە بە دروست بوونی گرێی دەروونی بە
منداڵەکەتان، هەست بەوە دەکات کە ئەو پەسەند نییە و خۆشتان
ناوێت و لەبەردڵتان نییە و لێی رازی نین.. بۆیە حەز بەوە
دەکات ماوەی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لێتانەوە بپارێزێت و
هێندە بەلاتانەوە نەیات.. ئەمەش خاڵێکی نەرێنییە و پێوەندی
و خۆشەویستیی بەتان لاواز دەبێت.

٦ـ بەراوردکردن دوژمنایەتی دەخاتە نێوان منداڵانەوە:
بەراوردکردنی منداڵەکەتان بە منداڵانی تر، لە جیاتی ئەوەی
ستایشی ئەو منداڵانە بکات، هەستی دوژمنایەتی و
رقلێبوونەوەیانی لا دروست دەبێت، ئەم بەراوردە پاشنەریشە بە
ئەوەی بە نادروستی رەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بکات. چونکە
غیرەیان لەدەکات و ئیرەییان پەدەبات، دووریش نییە کە دوژمنایەتی
و شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا دروست بێت و ئەنجامێکی خراپی
لێبکەوێتەوە.

٧ـ بەراوردکردن پەیامێکی نەگەتیڤە بە منداڵەکەتان: کاتێک دایک و
باوک بەراوردی منداڵەکەیان لەگەڵ منداڵانی تردا دەکەن، ئەو
پەیامەیان پەدەگەیەنن، تۆ بە توانایت
و هیچت لەدەست نایات، بۆیە پێویستە خۆت بە منداڵانی تر
بەراوردبکەیت و چاو لێوان بکەیت.. ئەم بەچوونە هەڵەیشتان، وا
لە منداڵەکەتان دەکات کە بەهای خۆی لەدەست بدات و ببێت بە پاشکۆی
منداڵانی تر.. لە خۆشی رازی نابێت و هەست بە دڵنیایی و دەروون
ئاسوودەیی ناکات.

٨ـ بەراوردکردن وا لە منداڵەکەتان دەکات، کە رستەگەلێکی لەم جۆرە
بەکاربهێنن:
من لە فڕان منداڵ باشترم.. یا من لە فڕان منداڵ خراپترم.. یا
من جیاوزترم لەگەڵ منداڵانی تردا..”باشترم ــ خراپترم ــ
جیاوزاترم” ئەم وشانە خۆبەراوردکردنە لەگەڵ منداڵانی تردا.
منداڵەکەتان وای لێدێت هەمیشە بە منداڵانی تر خۆی بەراورد بکات.

٩ـ منداڵ دوای خۆشویستی دەکەوێت: هەموو منداڵێک دایکێت پاراوی سەز و خۆشویستیی دایک و باوکی ببێت. کە منداڵەکەتان دایکێت بە جیاوازی وەکوو خوشک و براکانی تری خۆشویستیی پێ ببەخشن و نازی هەڵبگرن.. بە ئەم مەبەستەش دایکێت کاری لە توانا بەدەر ئەنجام بدات، لە چوارچێوەیەکدا دەژی کە لە توانای سروشتی خۆی زیاترە. هەر بە ئەوەی کە ئەوی دایک و باوکی لێی رازی ببن.

١٠ـ زیادەڕۆیی لە بەراورکردندا: بە لەبەرچاوکرتنی جیاوزی لە بەهرە و توانا و بارودوخ.. هەندێ لە منداڵانی جیاواز لەگەڵ منداڵانی تردا، تووشی لەخۆبایی و لەخۆدڕچوون و فیززلی دەبن، لەوانەیە ئەم خەسڵەتە نەرێنییە ببێتە خوویان.

١١ـ بەراوردکردنی منداڵ بە منداڵانی تر، هەکارێکە بۆ شەرمکردن و گۆشەگیری و خۆدوورگرتن و ناکەمەایەتی. کەم دووە و حەزناکات تەکەڵاوی دانیشتن و کەڵبێت.
١٢ـ منداڵان لە هەموو بوارێکاندا وەکوو یەک بەهرەمەند و بە توانا و پڕرفێکت نین. منداڵ هەیە لە بیرکاریدا زیرەکە.. هەیە لە زماندا زیرەکە.. هەیە لە وێنەکێشاندا.. هەیە لە نواندا.. هەیە لە مۆزیک و گۆرانیدا، هەیە لە هۆنراوە و وتار خوێندنەوەدا،...هتد.

دایکان و باوکانی خۆشەویست، مامۆستایانی هێژا و دڵسۆز: بەراوردکردن لە نێوان منداڵەکانتان و قوتابیەکانتان و منداڵانی تر و قوتابیانی تر، زیانێکی مەترسیداری نەخوازراوی لەدەکەوێتەوە، هەکارێکە بە گەڵە کێشە و گرێی دڕوونی و بارگرژی.
ڕەنگدانەوەیەکی خراپیشی لەسەر کەسایەتی و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان دەبێت و هەکارێکیشە بە رق و دژایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان منداڵاندا.
خۆ ئەگەر بەراوردکردن لە نێوان منداڵاندا، بە ئاراستەی پێزانین بێت، واتا ئەگەر بە ئەوەبێت کە منداڵەکانتان چاو لە منداڵانی ئاست بەرزتر و زانا و داناتر لە خۆیان بکەن، هەوڵبدەن وەکوو ئەوان ئاستی خۆیان بەرزبکەنەوە و سوود لە زیرەکی و لە ئەزموونەکانی هاوڕێکانیان وەربگرن، بە ڕووحێکی وەرزشییەوە ململانێ و کێبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا بکەن لە پێناوی زیاتر فێربوون و داهێنان و پێشکەوتن، ئەمە مایەی بەختەوەری و

پشکوتن و سوودبەخشینە نەک زیان پگەیاندن.. پەروەردەکردن و راهێنانی منداڵان بۆ ئاراستە ئەرێنییەدا، لە سایەی دایکان و باوکان و مامۆستایانی هۆشیار و هەستیار و دووربین و شارەزایانی پەروەردەی ئەرێنییدا دەتەدی.

ڕۆژنامەنووس و دەروونناس : شوانە حەسەن ئەبوبەکر

ڕۆژمەری من و تۆ ... ناڵە حەسەن

( )

١

دەمێک لەنێو مەمکەڵە نەرمەکانی مانگ و
دەمکیش لەبنار کۆڵ سەختە سۆزەکانی هەور
دەمێک لە پاڵ تارمە پڕ بریندەکانی نیشتیمان و
دەمکیش لەنێو ئێشکەوتە شەدارەکانی دەرخ
دەمێک لەسەر شەستە تاریکەکانی تەنیایی
دەمکیش لەسەر پشتی شەپۆلە شینەکانی دەریا
دەمێک لەنێو ڕەشنایی چاوە گەشەکانی ئەستێرە
دەمکیش لەنێو خەیاڵە غەمگینییەکانی غوربەت
گوڵە گیانم /
هەردەڕەم و ناگەم بەهیچ شوێن
هەر دەڕوانم و نازانم لە کوێم
بڕەام / ئەوێ باشدەزانم و دەنیام
هەموو ڕۆژەکانی تەمەنم
لەنێو گەردەکە هەزارنشینەکانی
نێو نیگا نەرمەکان و
خەونە خەماوییەکانی تەم
من وا لەوێم
وەک موریدەکی ئێشقیای ون
بۆ تاهەتایە / لەوێدا نیشتەجێم

٢

هێ پەپوولەی پایزییەکێ
زەمەن دەڕوا
تەمەن دەڕوا
تەش لە من دوورتر دەکەوییەوە
دوور دوور دوور
دوور / وەک مەوداکانی نێوان
ژیان و نیشتیمان ..... من
خەرتاو و خوێنکان ..... من
ئاگر و ئاوینکان ..... من
باران و بەهارکان ..... من
شەونم و شەوکان ..... من
تا دێ منیش لە ڕێحی تێ نزیکتر دەبمەوە
نزیک نزیک نزیک
نزیک / وەک مەوداکانی نێوان
من و میلادییەکانی مردن
من و شەباهەنگەکانی شیعر
من و نیگا نەرمەکانی تێ

٣

تێ / نێ ئاگری نێ ئاگردان
نێ پشکەکانی خەرتاوی نێ بورکان
نێ کورەی نازییەکانی نێ دەزەخی خوداکان
کەچی / من لەوتەی هەم لە نەو تەدا دەسووتم

٤

وا پەدەچێ
تێ لە جنسی تریفێ بیت
منیش / پەکهاتەیەک بم
لە تەز و غوبارەکانی تاریکی
یان تێ / شنەبایەکی فێنکی
نەو هەناسەکانی نیشتیمان بیت و
منیش / ڕەشەبایەکی سەرشەتی
نەو پەدەشتەکانی غەریبی
بەیێ چارنووس
هێندەی دەکات ناتوانێ
لەژێر ساباتی
کەژوکێوەکانی عەشق

کەمانبکاتەوە

٥
کاتژمێر چەندی بەدەنگی و
وەرزی چەندەمی نائومێدیە
سەوزایی جێستەی ژیانی بەسەرشانی داداوەو
بەرەو گۆڕستانی دەبات
دەریاش دەروازەی خۆی
بەسەر هووی شەپۆلەکان داخستووە
درەختەکان هەر بەچاو
چیرۆکە خەمناکەکان بە یەکتری دەگێڕنەوە
من و تەش لەنەو کتێبەکانی تەنیایی
تاو تاو /
ڕۆژمێری نەزیفبوونی
ئەم عەشقەمان دەنووسینەوە …!

ناڵە حەسەن
تەموزی ۲۰۱۹

یەکەمین کۆنفرانسی مەریوان ناسی

ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان بەڕێوەی دەبات:

لە خەزەڵوەری ۱۳۹۸

لە مەریوان هەر لە کۆنەوە تاکوو ئێستا تووشی هەوراز و نشێوی زەر و چەندین گۆڕانکاریی مەژووییی هاتووە. دەوری گرینگی مەریوان لە مەژوو و فەرهەنگی ئەم هەرێمەدا و هەروەها هەڵکەوتی جوغرافیایی و سەروشتی دەگمەن و تایبەتیی مەریوان پێویستی بە لێکۆڵینەوە، خوێندنەوە و شرۆڤەیکی سەرلەنوێیە. کارێک کە تاوەکوو ئێستا کەمتر بە شێوەی زانستی و سیستماتیک ئەنجام دراوە.

هەربۆیە «ئەنجومەنی فەرهەنگی- ئەدەبیی مەریوان» بەیاری داوە لە

مانگی خەزەڵوەر (١٣٩٨)ی هەتاویدا کۆنفرانسێک لەژێر ناوی: «یەکەمین کۆنفرانسی مەریوان ناسی» بەڕێوە ببات. لەم پێناوەدا داوا لە هەموو نووسەران، لێکۆڵەران و مامۆستایانی هەژای زانکۆ و… دڵکراوەت بەسەرنجدان لە تەوەرەکانی ئەم بانگهێشتە وتار و لێکۆڵینەوە زانستیانەکانی خۆیان بۆ ئەم کۆنفرانسە بنووسن.

تەوەرەکانی کۆنفرانس:

ئەلف) مێژوو و کۆنینەناسی:

١- مەریوان لە ڕووپێوی مێژوودا
٢- بەراوردکردنی هەما مێژووییەکان، قۆناکان، جێگاکانی مەریوان و ناوەکانیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا.
٣- لێکۆڵینەوەی کۆنینەناسانەی قەڵا و شوێنەوارە دێرینەکانی مەریوان
٤- پێناسەی وشەی مەریوان لە ڕووی زماننناسی، مێژوو، ئوستوورە و ئەفسانەوە
٥ – مەریوان، دەسنووس و بەڵگەنامە مێژووییەکان
٦- مەریوان لە نووسراوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان و بەڵگەنامە حکوومییەکاندا
٧- دەوری سیاسی-کۆمەڵایەتیی تایفە، عەشیرە، خان و سەرۆک عەشیرەکانی مەریوان
٨- ڕەوت و قۆناغە مێژووییەکانی دایرە حکوومییەکانی مەریوان

ب) ڕۆشنبیری و فەرهەنگی:

١- هونەر و ڕەوتی گۆرانکارییەکانی لە مەریوان
٢- ئایینە کۆنەکان و پاشماوەی ڕەگەی ئایینیە جۆراوجۆرەکان لە مەریواندا
٣- دەور و پێگەی حوجرە، خانەقا و تەکیەکان لە مەریواندا
٤- ناوداران، ژن و پیاوە هەڵکەوتووەکانی مەریوان
٥- فەرهەنگ، فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکیی مەریوان
٦- جێگە و پێگەی ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ڕاگەیەنەرە گشتییەکان لە مەریواندا
٧- دەوری ڕەخنەراوە مەدەنییەکان و زانکۆ و ناوەندە زانستی و فەرکارییەکان لە گەشەپێدانی مەریواندا

ج) کۆمەڵایەتی:

١- چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ
٢- خەڵکناسی (anthropology)
٣- مرۆڤ و شەوازی ژیان
٤- خوسارناسیی دیاردەی کۆچ بە مرۆڤ
٥- سنوور و کاردانەوەی لەسەر کولتووری خەڵکی مرۆڤ

د) ژینگە و جوغرافیای مرۆڤ:

١- کێو، دارستان و دەشت و...
٢- سروشتی مرۆڤ و ژیانی ئاو ئاوەک و گیانلەبەرانی کە بەبێ دەستوەردانە مرۆییەکان لەم ناوچەیە بوونیان بووە و هەیە
٣- ئاوەکانی ناوچەی مرۆڤ، دەرفەت، مەترسی و هەڕەشەکان

هـ) ئابووریی مرۆڤ:
١- پیشەسازی، کان و کانزاکانی مرۆڤ
٢- مرۆڤ و ئابووریی سنوور
٣- ئابووریی کشتوکاڵ، باخ و ئاژەڵداری
٤- ئابووریی گەشتیاری
٥- ئابووریی هونەر
٦- پیشە دەستییەکانی مرۆڤ

سەرنج: نووسەر و لێکۆڵەرانی بەڕێز دەتوانن تەوەر و بابەتی تر بە نووسین هەڵبژێرن بە مەرجێ کە بە جۆرێک پەیوەندی بە (کەنفرانسی مرۆڤناسی) یەوە ببێت.

ڕێنوێنیی نووسینی وتار و توێژینەوەکان:

- توێژینەوەکان پێویستە بە ڕەبازی زانستی و ئاکادیمی بنووسرێن.
- توێژینەوەکان نابێ لە (١٢) لاپەڕەی (٤٠٠) وشەیی زۆرتر بێت.
- توێژینەوەکان دەکرێ بە زمانی کوردی یان فارسی بنووسرێن.
- نووسینی توێژینەوە کوردییەکان پێویستە بە فۆنتی (Unikurd Goran) بن بە قەبارەی (١٤) بە ناوەڕۆک و (١٢) بە پەراوێز.
- نووسینی توێژینەوە فارسییەکان پێویستە بە فۆنتی (B nazanin) بن بە قەبارەی (١٤) بە ناوەڕۆک و (١٢) بە پەراوێز.
- پەراوێزکان پێویستە هەر لە بەشی خوارەوەی ئاو لاپەڕەیەدا بن کە هاتوون.
- ئیمەیل و ژمارە تەلەفوون و شوێنی کار و پلە و ئادەی خوێندواری و زانستیی توێژەر لەگەل توێژینەوەکەیدا بنووسرێت.
- پووختەی توێژینەوە و باسەکە لە (٥٠٠) وشەدا لە سەرەتای

توێژینەوەکەدا بنووسرێت.
• توێژینەوەکان نابێ پێشتر لە هیچ جێگایەکیتردا پێشکێش یان بڵاو کرابێتنەوە.

دوا دەرفەت بۆ ناردنی بابەتەکان: (1398/7/10)

ناونیشانی نووسینگەی کۆنفرانس:

نووسینگەی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی مەریوان لە ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد مەریوان.

تەلەفوون:
0873460284 08734594567– 09183748587

ئیمەیل : anjomanadabi95@gmail.com

تلگرامی ئەنجومەنی فەرهەنگ- ئەدەبیی مەریوان :
https://t.me/meriwan_edebi

ئینستاگرام :
/https://www.instagram.com/encwmen

سایت و وەبلاگ:
/http://marivannasi.blogfa.com

پێشمەرگە دێرنەکان لە کونفرانسێکی سەرکەوتوودا … ئەحمەد رەجەب

ستوکهۆڵم : { خولەکێك وەستان و بڕەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزب} لە کەش وهوایەکی فێنکی وڵاتی سویدو دیدارێکی گەرم و گوری هاوڕیانی ڕۆژانی سەختی تێکۆشان کونفرانسی کومەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان سەرکەوتووانە لە ڕۆژی 14/7/2019 بەڕێوەچوو .

کۆنفرانسەکە بوارو هەلێکی هاوڕیانەی باشی ڕەخساند بۆ دیداری پێشمەرگە جەنگاوەرەکانی حزبی شیوعی کە لە ڕۆژانی تیکۆشانی شاخ پێکەوە دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی شان بە شان شەریان ئەکردو ، لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان بەشێك بە هۆی جیاجیا چوونە دەرەوەی وڵات و، هەندێکیان گلەییان لە سیاسەتی حزب بوو، بۆیە لە ڕێکخراوەکانیدا دوور کەوتنەوە.
کۆنفرانسەکەی سوید بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداغی سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان بەڕێوەچوو، شایانی ئاماژەیە کۆنفرانسەکە بۆ یەکەم جار توانی تێکڕای هاوڕیان کە چەندان ساڵە لە حزب دوورن لە گەڵ هاوڕیانی ڕێکخراوەی حزب و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان کۆ بکاتەوە.
سەرەتا هاوڕێ حەمە ڕەشید بەخێرهاتنی هەموو لایەکی کردو، پێخۆشحاڵی دەربڕی بۆ پێشمەرگەو کەسوکاریان و، وەبیریهێنایەوە قەت هاوڕیانی شەهید لە بیرناکەن و، هاوڕێ باسی چۆنێتی دروستبوون و دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کردو وتی: دیارە سەرەڕای کەم کورتی و، خاڵی لاوازو نەگەتیف، توانیمان کۆمەڵەکە بەرەوپێش بەرین و، ئەکتیڤی بکەین و، دەستکەوتی پڕەتیڤانە وەدەستبهێنین و، هەوڵماندا وەوی بۆ پێشمەرگە دابین بکەین و، لیستێك لە بەردەستمدایە بە شەش هەزار پارچە زەوی بۆ پێشمەرگە و، ئەم لیستە لە کاتیك بەرهەم سالەح سەرێك وەزیران بووە ڕەزامەندی لە سەرە بەیام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوەو، ئەوەش وەك بریارەکانی تری حکومەت ئیفلیج ئەبێت و جێبەجێ ناکرێن.
لە تەوەرێکی تری کۆنفرانسەکە ڕێگادرا بە هاوڕیان قسەی خۆیان بکەن و، لێرەدا نابێت بیشارینەوە کە هەندی لە هاوڕیان بە دڵگەرمییەوە باسی پچران و دوورکەوتنەوەیان لە حزب کردو، ئاماژەشیان بەوەداو وتیان: هۆکاری سەرەکی هاوڕیانی سەرکردایەتی حزبە و ، هەرواهەندی لە هاوڕیان بە هەڕشیان کردە سەر چەند ناوێك لە سەرکردایەتی و، بەشێکی تریان گلەیی و گازندەیان خستەروو، لە کۆتاییدا دامرکانەوەو، هەموو لایەك بە ڕوویەکی خۆشی و پێکەنینەوە قسەکانیان لە بیرکردو، پاشان دەرگاکرایەوە بۆ هەڵپژاردن و{3} هاوری خۆیان کاندید کردو، بوونە کۆمیتەی سویدو، جێی ڕەزامەندی هەموو لاەك بوون و، ناوی هاوڕیان: نەرمین نجم الدین مامێ، سەعید شابۆ { کامەران} و هۆمن و، لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆیدا هاوڕێ سەعید شابۆ وەك بەرپرسی سوید دەستنیشانکرا.
هاوڕیان لە پاش باسی کەموکوریەکان ، ڕەخنەو و پیشنیازی خۆیان

پشکەشکردو، لە کەش هەوایەکی دستانەو هاوریانە { 42} مەدالیای رزلنان بە {42} پشمەرگەی دریـن و. هاوریانی بوری رکخراوەکانی حزب لە ناو شارەکان بەخشراو، خشم یەک بووم لەو پلە تکشەرە..
هەند لە هاوریان مەداکیاکەیان پشکەش بە داك و خوشك کردو، لە پش هەموو لایەك هاور رزان خزانی پا زندانی وتی : لە تەمەنی 11 سایدا باوکم کچی دووایی کردو، دایکم ئمەی بەخو کرد، زر مهرەبان بوو بە خشەویستی شیوعییەت وحزبی شیوعی و هاوریان پەروەردەی کردین و، هەموو کات قەرزاری ئەوین بیە مەدالیای رزلینانەکەم پشکەش بە دایکم ئەکەم و، هەروا هاوری نەرمین نجم الدین مام باسی لە تیکشانی خوشکك کردو وتی : ئەم ئافرەتە کە لە تەنیشتم وەستاوە تکشەرکی رژانی خەباتی ناو شارەکانەو چەند جارك گیراوەو زیندانی کراوەو، نەهنییەکانی حزبی پاراستوەو، شایانی ئەوەیە مەدالیای رزلنانەکەم بەم خوشکە تیکشەرە پشکەش بکەم و.بەو شوەیە کونفرانسەکە کتایی بەکارەکانی هنا.
16/7/2019

ئازادی ... برایم فشی

لە ناو باخانی پالمان
لە سر قاای هولر
هیواسن

با دنگی نگاتە
قاای دم دم و
قاا گمارداوکان!

کوی کن
جام لە دوای جام
شکرانی درخوارد دن

با نبە
بهلاج
سوقرات و گالیلە

بەشکم گەی زەوی
لە سووەان بکەوێ
کات بوەستێ!

ئەوجا
کەنگرێ لە دوای کەنگرێ ببستن

ناوداران سەرخەش کەن

با هەواسراوانی
بەلین و وین
پاوێ و کرماشان

سنێ
سەقز و سابلاخ
لە بیر کرەن!

با خەباتکراوان
خەیان
لە ناو ەەحی

خەشایارشا
فرووغی و یاسەمی
بدەزنەوێ!

بگەەەن
بە ناو چاخەکانی تاریکی

لە ناو دوا تەبەقی زەوی
پەرتووکەکان
بشارنەوێ

ئەنگیزاسیەن
بژەننەوێ!

هەرچی کتەبێ
تا بەە بەەەچکەی ئاسمان
هەەچنن

گەی دەن

با بیر و هزر
بکرێ بۆ خۆشەویستەکەم

لە بزانن

لە ناو خۆشەویستەکەم
ژیلەمۆ
دەژێتەوە!

برایم فەرشی
وەرگێڕان لە کوردییەوە

شەفەر .. هەستەم خامۆش

ئەی شەفەر خەرا مەکە
ئارام بگرە و لەسەرخۆ
هەنگاوەکانی هاتووچۆ
هەمان ببینە و بڕۆ

ئەی شەفەر پەلەت نەبێ
با هەرگیز هەڵەت نەبێ
هەردەم دەستی یاسابێ
تۆ پابەندی هەمابێ

ئەی شەفەر باش بزانە
خەرایی هەڵەی زیانە
بۆیە هەر هەواش بکە
بە پێی یاسای هاتووچۆ

هەستەم خامۆش
هەولێر 2012

مەرگی ئۆیتەر لە گۆشەنیگای خەمەکییەوە ... کاوان محەمەدپوور

سرنجێک لەسەر ڕەهانی خەوزان، نووسینی سراج بناگەر

پێشەکی

هایدیگەر بە ئاماژە بە مەرگی (ئۆفێلیا) لە شانۆنامەی (هەملەت)ی شێکسپیر، «مەرگ لە ناو ئاو دا» بە جوانترین مەرگ دەزانێ. ئۆفێلیا لە پاش ئەوەی باوکی- بە هەڵە- لەلایەن هەملەتەوە ئێکوژرێت، شێت ئەبێ و بە دەسچنەک لە گوڵ خەی لە ئاودا دەخنکێنێ. ئەم ئاماژەی هایدیگەر، لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبییەوە-جەخت دەکەمەوە لە ئاست ڕەخنەی فەنی ئەدەبیاتدا!- بە تاوتوێی ڕەمان هیچ یارمەتییەکمان نادا، ئەوەی کە تەڕی هایدیگەر لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانێ یارمەتی دەرمان بێت دوو هەی زەر ئاسایی هەیە، یەکەم: هایدیگەر فەیلەسووفێ و ڕەخنەگری ئەدەبی نییە، کەواتە تەڕییەکانی هایدیگەر لە ئاست فەلسەفەی نەزەری ئەدەبیات بەکەڵکن، یانی دەتوانین بە بووتیقای ئەدەبی کڵاسیکیان لەبەرگرین، نەوەک ڕەخنەیەکی فەنی ئەدەبیات. دووهەم: هایدیگەر سەری کەشێ و ناکەکی لەگەڵ گشت هونەری مەدەڕن (بە شێعر وڕەمان و نیگارکێشی و...)وە هەیە، دیارە کە ڕەمانیش یەکێ لە سەرچاوە هەر گرینگەکانی هونەری مەدەڕنە، کەواتە لەسەرتاوە ڕوانگەی هایدیگەر بە ئەم باسە ڕوونە .

بەڵام هەی ئاماژەی من لە سەرەتای ئەم وتارە بە هێستکەی هایدیگەر دگەڵتەوە سەر پەیوەندی یەک وێنا و دوو چەمکی هاوبەش لە ڕەمانی (خەوزان) و هێستکەی هایدیگەر. وێنای (مەرگ لە ناو ئاودا) و دوو چەمکی (مەرگ) و (پاشماوەکانی مەرگ). بابەتی (مەرگ)- کە وەک یەکێ لە باسە سەرەکییەکانی ڕەمانی خەوزان وایە- لەلایەن هایدیگەرەوە بە تەر و تەسەل قسەی لەسەر کراوە وهاتەتە ژێر نیگای فەلسەفیانەی ئەو، کەواتە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم باسە وەکوو پرسیارێکی گرینگی فەلسەفی هایدیگەر دەتوانێ یاری دەرمان بێت(نە وەکوو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی). من سەرەتا بە کورتی لە ڕوانگەی گەڕانەوەناسی، پێکهاتەی ڕەمانەکە تاوتوێ دەکەم تا بە چەشنێک پەیوەندی پێکهاتەی ڕەمان و ناوەڕۆکی باسەکە لەیەک گرێ دەین و هەگەڵ و پاساوی ڕەخنەی ئەدەبیشمان بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی باسەکە هەبێ. دواتر دەچمە سەر شی کردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەمانی خەوزان و پەیوەندی مرۆڤ بە چەمکی (مەرگ، ئەبژەی لە دەستچوو و خەمەکی) باس

دەکەم. بە ئەم باسە کە دەتە خانەی کردەوە دەروونناسیەکانی مرۆڤ، پەویستمان بە وتارەی (شینگۆڵی و مالیخولیا)ی فرەیدەوە هەیە.

بەکورتی ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەم سرنجێکی کورت لەسەر گۆرانەوەناسیی ئەمانی خۆزگەان و دواتر تاوتوێی ناوەرۆکی ئەمان بە سازدانی مانزوومەیەکی نزیکی لە دوو ڕوانگەی هایدیگەر لەسەر (مەرگ وەکوو چەمکێکی ئینتزاعی) و، خوێندنەوەی فرەید لە (ئاکاری مرۆیی لە دوا مەرگ و لە دەستدان)، بە پەوسیتی هەر دوو بەشی وتار، هەوڵ دراوە لە دەستواژەی تایبەت بە باسەکە کەڵک وەربگرم، لە بەشی گۆرانەوەناسیدا باس لە نووسەر ناکرێت و (گۆڕەوە)-ڕاوی- و چۆنیەتی گۆرانەوە شی دەکرێتەوە، بەڵام لە بەشی دووهەم بەپێی پەویست، باس لە ئەندێشەکانی نووسەر لە ڕووی هەماکانی دەقەوە دەکرێ. نووسەری ئەم وتارە، لەسەر ئەو باوەڕیە شرۆڤە و ڕاڤە کردنی دەق، هیچ ئەوەی کە نابەتە هەی (مەرگی داهێنەر)-تەری ئەمان بارت-، بەڵکوو بەچەشنێکیتر نووسەر زیندوو دەکاتەوە و لە جەستەیەکیتردا بە خوێنەری شەماند دەکا. ئەم بەچوونە هیچ دژایەتی لەگەڵ شرۆڤە جیاوازکانی دەق یان هەوڵی بە ئەنجام بە دەزینەوەی مانای ئەکی ناومەشکی نووسەر نییە، چوون ئەنگێ تەنانەت خودی نووسەریش ئاگادار نەبێ لەو کاتەدا ئەک بەچی بیریکردەتەوە، یان ئەگەر لە دانیشتێکی خەمانشدا بەمان باس کا دیسانەکە بەشێ لە ڕاستییەکانی چیرۆک ونن و کەس دەستی پێناگەن. کەواتە مەبەستی بەشی دووهەمی ئەم وتارە-کە هەر لە پەوەندی بەشی یەکم دایە- شەماند کردنی نووسەر لە جەستە و مانایەکیتر دایە، نە کوشتن و کەتایی پێهینانی!.

مەوداکانی گۆرانەوە و بەرسازکردنی ڕووداو:

ئەمانی خۆزگان -کە بەسەرهاتی عەشق و لە دەستدانمان لە بیست و چوارکاتژمێردا بە دەگەڵتەوە- لە شێوازی(سبک) کلاسیک بە گۆرانەوەی ڕووداوەکان کەڵکی گرتوە و (گۆڕەوەی زانای گشتی سنووردار)(ڕاوی دانای کل محدود)ی بە بەسەرهاتەکان هەڵبژاردوە، لەحنی گۆڕەوە لەم ڕەمانەدا، خە لە قەڕەی حەقایەت بەڕێی دەدا و نزیک دەبەتەوە لە گۆرانەوەی ڕۆژهاری کوردی. هەرلەسەرەتای ئەمانەوە، گۆڕەوە وەسفی دەخێکیمان بە دەکا کە قەرارە ڕووداوەکانی چیرۆک لەوێدا ڕوو بدەن، ئەم وەسفانە لە سەرانسەری ئەمان پاتە دەبنەوە، وەسفی خەڵ و هەوای بەهار، وەسفی جەگە و کاتەکان، وەسفی کەوی ئاویەڵ و شوێنگەکانی (بەوانە لاپەڕەکانی (۵)و(۱۰۰)و...) ئەم چەشنە لە وەسف کردنی فەزای چیرۆک، شێوازی ئەمانی کلاسیکە کە بە مەبەستی هاندانی خوێنەڵ بە ناو

کایەکانی ڕەمان و نزیک بوونەوەی لە ڕووداوی چیرۆک بەکار دێت.

هەر بەم پێیەش گێڕەوەی ڕەمان لە پلەیەکی نزیکەوە بەسەرهاتەکانی ڕەمان دەگێڕێتەوە، واتە بە ڕووداوەکان نزیکە و (مەودا)(Distance)ی گێڕەوە و بەسەرهاتەکان زۆر نییە ، بەڵکو خوێنەر لەگەڵ ڕووداوەکانی چیرۆک دەکا لە زۆربەی شوێن هەوە دەدا، لە شێوازی ناوەندی کردنەوەی(Focalization) سفر، کێک وەرگرێت. مەبەست لە ناوەندی کردنەوە، چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو زانیارییانەی کە گێڕانەوە پێویستی پێیەتی و بڕیارە چ کەسێک بیبینێت و لە ڕووداوەکان بدوێت. بە ڕوانگەی ژینێت، لە هەر چیرۆکێکدا دەتوانین سێ شێوەی ناوەندی کردنەوەمان هەبێ: ١) ناوەندی کردنەوەی ناوەکی: مەبەست ئەوەیە کاتێک ڕووداوی چیرۆک، لە گۆشەنیگای یەکێ لە کاراکتەرەکان دەگێڕدرێتەوە و بڕیار دەرک و فامی کاراکتەر لە ڕووداوەکە وەردەگرێت (وەکوو کاتێک ژێرلێف-کا لە ڕەمانی مووحاکەمەی کافکادا، وسفی ماڵێکی ئاسایی دەکا کە لە فامی ئەودا وەک دادگا دەنوێنێت). ٢) ناوەندی کردنەوەی دەرەکی: کاتێک لە گۆشەنیگایەکی پەسیڤەوە چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، واتە گێڕەوە وەکوو کامەرایەک تەنیا هەڵسووکەوتی کاراکتەرەکان پیشان دەدات و هیچ باسێک لە فام و دەرکی کەسایەتی لەمەڕ ڕووداو ناکا، ٣) ناوەندی کردنەوەی سفر: کە مەبەست لەوەیە، کاتێک گێڕانەوە لە گۆشەنیگای هیچ کام لە کاراکتەرەکان ناگێڕدرێتەوەو بڕیار دەرنگ تەنیا لەگەڵ شوێ ڕوانینی گێڕەوە بەرەوڕوویە، وەکوو چیرۆکگەلێک کە گێڕەوەی زانای گشتی هەیە و گێڕەوە خەی قسە دەکا. هەر بەم شێوەی ئاماژەمدا، ڕەمانی خوزان لە زۆربەی شوێنەکان لە شێوازی ناوەندی کردنەوەی سفر کێک وەردگرێت، ئەم شێوازە لەگەڵ پێکهاتەی گشتی چیرۆکەکە و کێک وەرگرتن لە گێڕەوەی زانای گشتی یەکگرتووەی هەیە و بەباشی لەگەڵ یەکدا دەگونجێن. بە نموونەی ئەم ناوەندی کردنەوە دەتوانین ئاماژە بە لاپەڕەکانی: (٣٣)و(١٠١)و...بکەین.

ئەگەر بڕوانینە شێوازی ناوەندی کردنەوە لە ئاستی کاراکتەرکاندا ئەبینین کە گێڕەوە لەو ئاستەدا لە ناوەندی کردنەوەی ناوەکی سوود وەردەگرێت، واتە تەنیا وەکوو کامەرایەک هەڵسووکەوتی کاراکتەرەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکوو بە باشی فکر و خەیاڵیان لە قاڵبی لەحنێکی شیاوە بە هەر کام لە کارکتەرەکان نمایش ئەدا. هەر ئەم تەکنیک-کە بەباشی لە ناو ڕەماندا گونجاوە- ئاستی پێکهاتەی کاراکتەرەکانی بردەتە سەر و خوێنەر لەگەڵ کاراکتەرسازی فەنی و پێک

بەرەوویە. بەیش ئەتوانین ئاماژەکین بەمانی خۆزان نموونیەکی باشی (بەمانی کاراکتەر) لە ئەدەبیاتی کوردستانی بەژهەاتە. بە شیاوی، لەحنی یەک بە یەکی کاراکتەرکان پارەزراوە و بە ئەوەی ناوی کاراکتەرکانمان لەبەر دەست بێت ئەزانین کام کاراکتەر قسە دەکا یان فەان هەسووکەوت لەخەی ئەنوەنێت. تەنانەت هەوانگە و بەرسازەی بازە (سەگی فەریدوون) و بەختیار (هاوەە فەریدوون) و خودی فەریدوون بە (تەنیایی و مەرگ) بە باشترین شێوە لە ناو بەماندا گونجاوە.

ئەم شێوە لە کاراکتەرسازی ئاگاداری و لەزانیەکی تایبەتی لە چەشنی ناوەندی کردنەوە و لەحندا پەویستە، واتە دەبێت سە چەشنی ناوەندیکردنەوە و لەحن بە باشی لە لەژیکی چیرەکدا جێ بگرێت و بەپێ پەویست ئەم ئاستانە ئاەگەیان بەسەر بە- کە (خۆزان) توانیویەتی لەم ئاستەدا بە باشی سەرکەوێت-. مەوادی کەمی گەەوە لەگەە هەوداوی چیرەکەکە و پەوەندی نەوان پەکهاتەی هەی بەمان و گەانەوکان(Flash Back)-کە تەنیا لە هەووی بیرەوەریەکانی کاراکتەر و گێرەوە بە خۆنەر روون دەبنەوە-، هەی چیرەک بە باشی دەباتە پەش. کەک وەرگرتن لە لەحنکی نزیک بە حەقایەت بژی، سەمیمیەتی نەوان خۆنەر و بەمانکە شەماند دەکا و دەبێتە هەی ئەوە خۆنەر بە ئەدەبیاتی گەەوە نزیکتر بێتەوە.

گەەوە بەردەوام لە وشەی (جا) بە گەانەوە کەک دەگرێت:«جا بە ئەوەی تەمار ئەم بمەنە»،«جا بەکەنینەو درێژەی دا»، «جا ئەوەنە هەاورد و ئەوەنە درێژەی دا»، «جا وەک ئەوە لە قسەکەی خۆی ترسیاوە»و...«...». ئەم شێوە لە لەحنی گەەوە، بیرخەرەوەی گەانەوەی ئاسایی و بەتایبەت حەقایەت بژی کوردیە. پەوەندی ئەم لەحنەی گەەوە و ناوەەکی بەمانکە- مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویست- دەتوانێ پاساوکی زانستی هەبێ کە لە درێژدا باسی لەوەدەکەم.

گەەوە لە زەمەنی(tense/ Tempus) ئاسایی و هەی بە گەانەوە کەک دەگرێت و بە هیچ شێوە خەی لەقەرە شەواندی زەمەن نادا. تەنانەت خۆنەر بە ئاگاداری لە ابردووی هەووداوکان لە هەووی بیرەوەری کاراکتەر و گەەوە زانیاری پەیدا دەکا، ئەم شێوە لە (گەانەوە بە ابردوو) (Flash back) شەوازی ئاسایی کایە بە زەمەنە، لە هیچ شوێنک لەم چیرەکدا(گەانەوە بە داهاتوو)مان (Flash Forward) نییە و گەانەوکان لەگەە زەمەنی چیرەکی یەکتر دەگرنەوە، هەر بەیە (زەمەنی چیرەکی) لەگەە (زەمەنی دەق) یەکگرتوویان هەیە و تەنیا واقیعەک کە پەکهاتەی هەی چیرەک دەوەستێنێت، بیرەوەریەکانی

گێڕانەوە وکاراکتەرەکانی کە بەم شێوەی باسم کرد شێوازی ئاسایی بەکار هێنانی (گێڕانەوە بە ڕابردوو)(Flash back) لە چیرۆکی کلاسیک دایە، هەبژاردنی گێڕانەوە بۆ ئەم چەشنە زەمەنەش گونجاوی لەگەڵ پێکهاتەی گشتی ڕۆمانەکە هەیە. گێڕانەوە بۆی هەیە (زەمەنی چیرۆکی) و (زەمەنی دەقی) هەوداوەکان تێک بدا و بە پێی پێویست ئاڕاستەیان بگۆڕێت، بەڵام بە ئەم کارە یەکەم، دەبە لەگەڵ لۆژیک و پێکهاتەی چیرۆکەکەی هاوتەریب بێت و دووهەم: ئەم شێوە کایە بە زەمەن لە ڕۆمانی مەدێنیستی و پۆست مەدێن دا دەبینرێتەوە نە ڕۆمانێک بە پێکهاتەی کلاسیکەوە.

ڕۆمانی نووسەرە کلاسیکەکان(مەبەست ئەو نووسەرانەیە کە بە شێوازی کلاسیک ڕۆمان ئەنووسن)، بە نموونە تۆلستۆی، باڵزاک، داستایەفسکی، مارک تواین و… کەمتر کایەی فۆرمی و هەر بەم پێیەش کایەی زەمەنی لەناو کارەکانیاندا هەیە، ئەم شێوە لە ڕۆمان زیاتر گرینی بە ناوەڕۆکی ڕۆمان و کاراکتەرسازی ئەدات تا ئەزموونی فۆرمی. هەبەت ئەمە بە هیچ ڕوو بەو مانایە نییە ڕۆمانی مەدێنیستی گرینگی بە ناوەڕۆک نادا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەم دەستە لە نووسەران بە کایەی فۆرمی ئایانهەوێت ناوەڕۆک بە جۆختکی زیاتر و چەشنکیتر بە زەینی خوێنەر هەنارد بکەن.(بە ئەم باسە بەوانە جیاوازییەکانی شێوازناسیی ڕۆمان).

ئەبژێی لە دەستچوو و پاشماوەکانی مەرگ:

هەر بەم پێیەی لەسەرەوە باسم کرد ڕۆمانی خۆزان بە شێوازی کلاسیکەوە دارژراوە و ناوەڕۆکی ڕۆمان شێکیی دەستوپێخە لەگەڵ دوو بیرکە و پرسیاری هەر گرینگ و کلاسیکی ژیانی مرۆیین، واتە (لە دەستدان و مەرگی خۆشەویست و، ژیانی مرۆڤ دوا ئەم کارەساتە). فەریدوون، (کاراکتەری سەرەکی ڕۆمان) لە پاش مەرگی خۆشەویستەکەی (سەیران) لە ناو دەریادا، تەرکی ئاشنا و ڕۆشنا دەکا و چیتر ئەم کوێ شێخ و شەنگەی جاران نامێنێت. لە ناو ڕۆماندا ئەمە بەردەوام لەگەڵ فکر و خەیاڵاتی فەریدوون لە پاش ئەم کارەساتە بەڕووەوین و هەسووکەتی فەریدوون لەمە نەسیحەت و پەندکانی دەروویەریکانی ئەبینین.

هایدیگەر مەرگ بە ڕاستەقینەترین ڕووداوی مرۆیی ئەژمار دەکا و بە چەشنێک لە (ئەگزیستانس)(Existence)ی مرۆڤی دەزانێت و دەڵێت: «مەرگ تەنیا بە مرۆڤ بوونی هەیە». ئەم ڕستەیەی هایدیگەر بەو مانایەیە کە تەنیا مرۆڤ کە ئاگاداری بەسەر مردنی خۆیدا هەیە و

ئازانێت هۆڕ ئەمرێت-حەیوانەکانیتر چوون ئەم ئاگادارییان نییە نازانن کە دەمرن-.مەرگ بە مرۆڤ هەمیشە چەمکێکی پڕ لە پرسیار و مەترسییە، پڕ لە پرسیارە چوون –چ لە گریمانەی: زیندوو بوونەوەدا و چ لە گریمانەی: مەرگ کۆتاییە-، مرۆڤ نازانێ دوا مەرگ، هەک چی بەسەر دێت. لە لایەکیترەوە مەرگ (هەڵکەوتە)کانی ژیان بە کۆتایی دەنێت و ئیتر مرۆڤ دەرفەتێکی بە هەڵبژاردن لە ناو ژیانیدا نامێنێت، مەرگ ئیمکاناتی وجوودی ژیان بەکۆتایی دەنێت و پێش بە گەڵانکاری لە مرۆڤدا دەگرێت، نەبوونی زانیاری بەسەر: پاش مەرگدا و سەینەوە و دامایینی هەڵکەوتەکان و دەرفەتەکانی ژیان، خەی لە خۆیدا ترسناک و مەترسی دارە. ئەم ترسە لە مەرگ دەبێتە هۆی ئاوەی هەر وەختە باس لە مەرگ دەکەین، مردن پاڵ دەینە باوەشی «ئاویتر»ەوە. (من نووسەری ئەم ڕستانە لەبارەی هەڵمانی خۆزگان و ئاوەی خۆنەڕانیش، هۆڕ دەمرین!)، تەنانێت ئەم ڕستەی منیش ترسی پڕەوە دیارە.

بە بەچوونی هایدیگەر مەرگ شەخسیترین و تاکانەترین ڕووداوی مرۆییە، بەتام ترس لە مردن هەمیشە وەها دەکا ئەمە مەرگە کە ئازموونی تاکەکەسییە-هەبێت ئەگەر بتوانین وەکوو ئازموون ناوی لە بنێن- بەشاوەی خۆی و جەماوەری باسی لەوەدەکەین و خەمان بە تەنیا لەمە مەرگ ناهەینەوە. بە نموونە لەم ڕستەیەدا: (من نووسەری ئەم ڕستانە لەبارەی هەڵمانی خۆزگان و ئاوەی خۆنەڕانیش، هۆڕ دەمرین!)، لەڕدا ترسی من لە مەرگ وەهای کرد کە لەسەرەتادا خەم لە ئازموونی تەنیایی مەرگ بپارێزم و ئاوەی خۆنەڕیش لەگەڵ خەم دەم. دووهەم مەرگ (فەرافکەنی) بکەم بە سەر ئاوەش! واتە مەرگی ئاوانیتر لەمە مەرگی خەمدا بەرجەستە کەموە. (هەموومان هۆڕ ئەمرین) بە هایدیگەر ڕستەیەکە کە مرۆڤ لە ترسی ئازموونی تاکەکەسی مەرگەوە، بەکاری دێنین. کە واتە بیرکردنەوە لە مەرگ ترسناکە.

بەڵای هایدیگەرەوە تەنانێت ئاوانەی ئاژن مەرگ بە من ترسناک نییە لە ترسی مەرگەوە وەدەڵەن، چوون ئەم ڕستە هەمای هەوە بە دوور خستنەوەی (بیرکردنەوە لە مەرگ)ە، بەڕێی ئەم چێشنە ڕستەیە، وەها دەنوێنێ کە «من پرسیارم لە مەرگ نییە»، ئاوە لە حاڵکدایە کە چەمکی مەرگ، چەمکێکی پڕ پرسیارە و هیچ کات مرۆڤ بە هەی خستێتی ئیگزیستانسییەوە ناتوانێ لەم پرسیارە خە بپارێزێت. لە بەرەوووبوونەوە لەگەڵ مەرگ دایە کە ئەدەبیات و فەلسەفە کارەکی دژوارە، چوون ئەم دوو ساحەتە توانستی ئاویان هەیە لەگەڵ یەکە لە مەترسیدارترین و بەجوابترین پرسیارەکانی مرۆیی بەرەوووومان

کەنەوە،
لە ئەمانی خوزاندا نووسەر بەردەوام لەدەمی کاراکتەرکانەوە- بەتایبەت بەختیار و دوکتەر کەلام- ئاماژە بەوە دەکا کە گشتمان ئێستا ئەمرین و مەرگ شتێ نییە تەنیا بە (سەیران) هاتبێتە پێش. لەبەردا ترس لە مەرگ، نووسەری خوزان بەرەو ئاقارێک دەبا کە دەسداتە نووسینی بەرهەمێ کە لەسەرەتاوە بەهیچ ڕوو ناتوانێ وەکوو ئەندێشەی لە بیارزێت، کەواتە ناچارە دەری ببڕێ، دووهەم ترسی ئەم ئەندێشە و نزیک بوونەوەی ساتەوەختیانەی مەرگ، ناچاری دەکا لە دەمی کاراکتەرکان ئەم پاساوە بە مەرگی ئەوانیتر بڵێتەوە: «هەموومان ئێستا ئەمرین». بازێ(سەگی فریدوون) نازنێ مەرگ چییە و نابوونی سەیران بە مەرگ تەعبیر ناکا، بەڵکوو تەنیا دەزانێ ماوەیەکە سەیران دیار نییە، بەیەکجاری شرۆڤەی ئاڤێیکی تایبەتی لەسەر مەرگ نییە. هەر وەک باسمان کردن ئاگامەندی بەسەر مەرگدا، ئاگامەندی تایبەتی مرۆیی، نە حەیوانەکانیتر. ترسی مەرگ لەم ئەمانەدا ئەوەندە بە هێز دەبێتەوە کە نووسەر گشت ڕووداوەکانی ئەمان لە چواچێوی مەرگی ئەویتردا بە خوێنەر باس دەکا، (مەرگی سەیران) لە ئەماندا بە پڕاوێز دەکەوێت و هەر لەسەرەتادا، نووسەر هەوڵ دەدا باسی ئاکاری مرۆڤ لە پاش (ئەبژێی لەدەسچوو) بکا.

گشتی ئەم ئەندێشانەی نووسەر دەکەوێتە بەر لە نووسینی ئەمان. واتە ترس لە مەرگ وەها دەکا یەکەم مەرگ (فەرافکەنی) بکا بە سەر ئەویتر، دووهەم لە پێناو مەرگی ئەویتردا و بیرکەی مەرگی ئەویتر، لەگەڵ دەخکێی –ئەنگۆ تەنانەت ناخۆشتر لە مەرگی خەمان- بەرەوڕووەمان دەکاتەوە، ئەویش ژیان و کردەوەی کەسەکان، لە پاش مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویستەکانیانە. بە گۆڕانەوەیەکیتر کاتە من، مەرگی خەم بە پاساوی ئێستەی (هەموومان دەمرین) لەخەم دوور دەکەمەوە، لە مانای ڕاستەقینەدا ئەم مەرگە ئەنرەمە باوەشی ئاشنا و خۆشەویستەکانم. ئەک لەبەردایە کە ئەمانی (خوزان) دەسپێدەکا، واتە پاش کۆتایی بیرکەیەک سەبارەت بەمەرگ (دوور کردنەوەی مەرگ لە خەم) و دەسپێکی بیرکەیەکیتر سەبارەت بە مردن (مەرگی ئازیزانم)، لەبەرەیە کە نووسەر بە پۆوسیت دەزانێ لەگەڵ کەسانیتر بە ئەقڵ گرتنی دەروونی قسە بکا!، کەواتە ئەمان دەنووسێت.

فریدوون لەگەڵ مەرگی خۆشەویستەکەی دەستەویەخەیە دەبێتەوە، ئەبژێیک لە خۆشەویستی هەبوو کە ئێلان بوونی نەماوە. تازەودا دەلاقەیەکی هاوبەش بە دیتنی دونیا و بەسەرهاتەکانی بە فریدوون بوونی نییە. پەنجەی مەرگ خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆی برد- تەنانەت

ئەگەر باشی شی بتەوێ هەی ماڵەکردنی سەیران لە ناو دەریادا و دوور
ەشتنی و دواتر خنکانی چی بووە، دیسانەکە ئەم ەنجێی پاش مەرگی
سەیران بە فەریدوون (کە دەتوانە هەر یەک لە ئەمە بین) بەردەوامە-
. لەردا بە باشی بەمان دەردەکەوێت چەمکی مەرگ، بە دوو سەرەوە، چ
مەرگی خەمان، چ مەرگی ئەویتر دووبارە ترسناکە.
ەمانی خەوزان بەرەو ئەم پرسیارەمان دەبا کە کردەوە
دەرووەنیەکانی مرۆڤ پاش مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویستەکانیان (یان
ئەبژێی لە دەستچوو) چەنە؟ ئەمە پرسیاری فرەید لە وتاری (شینگەی
و ماڵیخولیا)یە. فرەید لە وتاری (شینگەی و ماڵیخولیا)دا دوو
چەمکی شینگەی و ماڵیخولیا- وەکوو کردەوەیەکی دەرووەناساسانەی مرۆڤ
لەمە ئەبژێی لە دەستچوو-لە یەک جیا دەکاتەوە. لای ئەو دوو
کردەوەی بەرچاوی مرۆیەمان بە «ئەبژێی لە دەستچوو» هەیە. «ئەبژێی
لە دەستچوو»، ئەو چەمکەیە کە ئیتر بوونی نیە و بە هەگەلی جیاواز
لە دەستی ئەمە دەرچووە، وەکوو (زەد و نیشتمان، ئازادی، مەرگ و
نەمانی خۆشەویستەک)، یەکە لەم دوو کردەوانە،
«شینگەی»یە(سوگواری) کە بەمانای قەبووەکردنی لە دەسدانە و دان
بە نەمانی ئەبژێی تایبەتە، واتە بە فرەید کردەوەی شینگەی (بە
نموونە بە مردوو) وەکوو قەبووە کردنی سایکەلەژیکی مەرگ و نەمانی
ئەوەو هەوەکی دەرووەنی مرۆڤ بە گەیشتن بە ئاسوودەی و ئارامشی
دوا ئەم کارەساتە. بەپام «ماڵیخولیا»(شیدایی)، نائەمەدی و مەیلی
زەدە بە دووبارە تەکەبوونەوە لەگەڵ ئەبژێی لە دەستچوویە، بەو
مانایە لە ماڵیخولیادا مرۆڤ ناتوانەت قەبووەی ئەو ەاستییە بکات
کە فەانە چەمک یان کەسایەتی، ئیتر لە ژیانیدا نەماوە و هیچ
بوونەکی نییە. ماڵیخولیا خەمەکییە، بەتابشتی لەمە«فەرامەشی»و
«بیرەوەرییە».

لە ماڵیخولیادا ئەبژێی لەدەسچوو هیچ کات، نەبوون و نەمانی لەلایەن
ئەمەوە قەبووە ناکرەت تاوەک بیرەوەری ناوی لەبەنین و لە ئاکامدا
بە فەرامەشی بگا. من باسە دەرووەنشیکاریەکەی فرەید بە پەشگیری لە
ماڵیخولیا و بەئەنجامەدانی شینگەی لەرە زیاتر درەژە نادەم
(ئەتوانن ئەم باسە لە وتارەی فرەید بە ناوی (شینگەی و
ماڵیخولیا)(بەفارسی: سوگواری و ماڵیخولیا)، وە هەروەها وتاری
(بیرهەنانەوە، پاتەکردنەوە ودەکارکردن)(بە فارسی: بەیادآوردن،
تکرارکردن و بەکارآوردن) بخوەنەوە).

بەپام ئەوەی کە لەردا پەوەندی بە ەمانی خەوزانەوە هەیە،
کردەوەکانی فەریدوون لەمە لە دەستدانی خۆشەویستەکەیەتی. بە

زمانێکی فرەیدی کردەوەی فەریدوون ئایا مالیخولیایە؟ یان شێنگێی؟. فەریدوون لە پاش مەرگی سیاوەش کردەوەیەکی خەمکیانە دەنوێنێ کە هانی ئێدا بەرەو تەنیایی. ئەو هەموو شەو دەچێتە لەسەر گۆڕەکی سیاوەش و لە پاڵ گۆڕەکە ئەکەوێت و قسەی لەگەڵ دەکا، خەی لە هەموو کەس دەپارێز و مەیلی بە هیچ پەیوەندییەک ناچێ. ئەم کردەوە مالیخولیا نییە، بەڵکوو شێنگێی لە ئادەمیزادە. فەریدوون قەبووڵی ئەوەی کردەوە ئیتر سیاوەش بوونی نییە و مردەوە، بەڵام لە نەبوونی بە ئازار!. ئەم ئازارە شەوێکی تایبەت لە شێنگێی (سوگواری) بە فەریدوون بەدی دێنێت، ئەم شەوە لە شێنگێی ئێتوانێت مرۆڤ بەرەو خەمکی هان بدات بەڵام چێشنی خەمکییەکەی لەگەڵ خەمکی مالیخولیادا جیاوازە. لەم چێشنەدا، بەم هەیەی کە مرۆڤ ئیتر ناتوانێ دەلاقەی هاوبەش بە خەی بەزەتەوە، هەر کەس و هەر هەوانگەیەکیتر بە بایەخ دەبینێت، واتە جیهان لە پێدا لە مانا دەکەوێت. (لە کن من با وجوودی ناس و ئەجناس/ کەسی تێدا نییە ئەم شارە بە تە-نالی). شێنگێی فەریدوون لەگەڵ شێنگێی (بنەماڵەی سیاوەش) ئەو جیاوازییەی هەیە، کە فەریدوون بەردەوام بە هەوانگەیەکی بەخەنگرانە چاو لە مەرگ دەکا و بە چێشنێک بەم کردارەی بەرهەستی جیهانی دوا سیاوەش دەبەتەوە. بەنگە ئەم شەوە لە بەخەنی فەریدوون، لە دیالەگ و مەنالەگی بەمانکەدا زەر هووەن نەبێت بەڵام لە ئاست ئاکار و کردەوە بە باشی خە ئەنوێنێت و هەما و دەلالەتکانی بەرەو ئەم چەمکە ئەچێتەوە.

نووسەر لە دەمی گۆڕەوی بەمان بە باشی ئاگاداری ئەوە هەیە، کرداری فەریدوون نابە و ناکرە تاسەر درێژەی هەبە و دەبە لە جەگەیەک کۆتایی پێ بێت. ئەم جەگەیە دووپات بوونەوەی عەشقە. لە لاپەڕەی (۱۵۳)دا لە زمانی (دکتەر کەلام)ەوە-کە خەی ئەزموونی لەو چێشنە، بەڵکوو خەمبارتریشی هەیە- بە فەریدوون دەڵێت:«...تەنیا چێتک بتوانە نەجاتە بات و لەم سەرگەردانی و ئاشەوە دەربەرێت، ئشقە. تەلاش کە بەشکم دووبارە دەبەستەی کەسە بیت. تە بەسەر ئەم گشتە ناهەموارییا بازهەم ئەوەە دەمتە و ئەم کارە، ئاسانە بێت. تە ئەشە هەممەت بەخەرج بێت و زەخم ئشق بە مەرهەم ئشق تیمار کەیت تا خوەشەو بێت...» ، سیاوەران چوون هەمای خەشەویستی و عەشقە بەیە مەرگەکەی بە فەریدوون وەها گرانە، تەنانێت مەرگی سیاوەران وەک کەنیشک و منالی بنەماڵەکەی بەم شەوەی کە بە فەریدوون گران و دژوارە بە ئەوان وەها نییە. فەریدوون لە داخی لەدەسدانی مرۆڤێک، چێشنێک لە شێنگێی تایبەتی هەنەبژاردەوە، بەڵکوو لە داخی نەمانی عەشقە کە وەها ئاکارێک دەنوێنێ. کەواتە دووبارە دەزینەوەی عەشق ئەگەری

ئەوەی هەیە کە چارەی بکا. واتە پاتەکردنەوەی ئەزموونی پێشووی لە ژیان و دەزینەوەی دووبارەی دەلاقەی هاوبەش بە تەنیا بە جیهان. (زنجیرە پەیامەکان تەنیا بە شمشێری پەیامین ئەپسەن).

لە کۆتاییدا بە پێی ئاماژەی گەدانەوەناسی و شیکردنەوەی ناوەکی هەمانی (خۆزان) بەم ئەنجامە دەگەین، نووسەر بە باس کردنی چەمکی بنەڕەتی وەک مەرگ و ژیانی کەسەکان لە پاش لە دەستدانی ئازیزانیان، لە شێوازی نووسینی رەمانی کلاسیک و بە مەودایەکی نزیکی گەڕەوە بە تەوداوی چیرۆک کۆکی وەرگرتوە. هەڵبژاردنی ئەم تەکنیکە-واتە مەودای کەمی گەڕەوە لەگەڵ تەوداوەکانی هەمان- ئەمە شەماند دەکا کە نووسەری هەمان خۆی بە تەواوی لەگەڵ ئەم ئەندێشەیە دەستەویەخەیە و بیرکردنەوە لەم چەمکە وەک کردەوەیەکی حاشا هەڵنەگر دەزانێ. مەودای کەمی گەڕەوە لە گەدانەوەی هەماندا بە تەواوی خوێنەر لە عەینییەتی تەوداوەکان نزیک دەکاتەوە و تا ئاستێکی بەرچاو پرسیار و داغەی سەرکی هەمان دەنێتە بەرباسی خوێنەر. ئەم پرسیار و لێکەینەوە تەنانەت لە دوو کاری کوردی پێشووی سراج بناگەر(کەمەڵە چیرۆکی چاوشارکێ و هەمانی قولولوو) بە چێشنێک پاتە دەبێتەوە و وەدەچێت هەزارن هەمان و ملوێنان دەق قەڕبووی باسێکی وەها ناکەن.

پەراوێزەکان:

. بڕوانە: (سرآغاز کار هنری.مارتین هایدگر، ترجمەی ضیا شهبازی) و (انکار حضور دیگری. سیاوش جمادی).
. بە هەی مەودای کورتی وتارەکە، تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەکان کراوە و خەم لە نووسینی ستەکانی هەمان پاراستوە.
. (مەودا)، بڕو مانایەی، کە گەڕەوە لە کاتی گەدانەوەی چیرۆکدا چەندە بە واقیعی رووداوەکە نزیکە؟ ئایا رێک گشت رووداوەکە دەتوانێ بە عەینییەتەوە بگێڕێتەوە و مەودایەکی کەمی لە گەڵ چیرۆک هەیە؟، یان نا تەنیا توانستی گەدانەوەی بەشێک لەو رووداوی هەیە؟. هەتا مەودای نێوان گەڕەوە و رووداو کەمتر بێت، ئەوە بەردەنگ لە گەڵ عەینییەتێکی زیاتر لە چیرۆک دا بەڕووروە و لە بەسەرهاتەکانی چیرۆک بە باشی ئاگادارە، بەڵام کە مەودای نێوان چیرۆک و گەڕەوە زیاد بوو، لە عەینییەت کەم دەبێتەوە و زیاتر لە شێوەی زەینی نیزیک دەبێتەوە، لەوێدا بەردەنگ لە گەڵ دەروونناسیی کاراکتەر و هەلومەرجەکانی زەینی-گەڕەوە/کاراکتەر –بەڕووروە.
.لەردا مەبەست لە زەمەن، زەمەنی تەقوویمی(time) نییە و مەبەست زەمەنی دەستووری چیرۆک و دەقە.

. گشت ئاماژەکان بۆ هەمان لەم چاپە وەرگیراون: بناگەر، سراج.(١٣٨٩).خەوزان.سۆقز. بڵاوگەی خانی.

سەرچاوە: ماڵی کتێبی کوردی (http://kurdishbookhouse.com)

کارکردنی ڕاگەیاندکاران و سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییەکان لە کتێبێکدا

ڕانانی/سەدیق سەعید ڕواندزی

لەدوای ساڵانی دووهەزارەوە،ڕاگەیاندنی کوردی بە تایبەتیش میدیای بینراو،پێنگاڤێکی گەورەی بەخۆوە بینی ئەویش لە ڕێی کردنەوەی چەندین کەناڵی ئاسمانی کە کوردستان تیقی یەکەمیانە و زۆرجار بەدایکی کەناڵەکان ناو دەبرێت.بەگومان کردنەوەی ئەو کەناڵانە، قۆناغێکی دیکەی لە کاری ڕاگەیاندن و ڕووماڵکردنی هەواڵ هێنا ئاراوە کە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی فەرهەنگی ڕۆژنامەوانیشی دەگرتەوە. چونکە ئەگەر تا ئەو کات هەواڵ تەنها بۆ بینەری نۆخێ وڵات جێگەی بایەخ و بینین بووبێت، ئەوا لە کەناڵە ئاسمانییەکان، هەواڵ و ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان بۆ دنیای دەرەوە بوو. کە سەدان هەزار بینەری دەگرتەوە. ئەم واقیعە نوێیەی کاری ڕاگەیاندن، بەرپرسیاریەتی و میتۆدی نوێی کارکردنی هێنا ئاراوە.

بۆیە زۆر گرنگە لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمی و لە ژێر ڕۆشنایی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، لە بایەخی ئەو کەناڵانە و زیان لە کایەی ڕاگەیاندنی کوردی بکۆڵدرێتەوە.لەو ڕوانگەیەوە کتێبی(پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییەکان وکارکردنی ڕاگەیاندکاران)*یەکێکە لەو سەرچاوانەی بە شێوەیەکی شیکاریی و ئەکادیمی، لە بەشێکی کاری ئەو کەناڵانە دەدوێت. ئەم کتێبە کە(دلشاد باڵەکی)نووسیویەتی، لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە و وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە،پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەددین کراوە. ئەم

کتێبە بەگشتی لە سێ پاژی سەرەکی پێکهاتووە، بەڵام هەریەك لەو بەشانە،چەندین بابەت و ناونیشانی دیکەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە کە دواجار هەموویان لە کاری کەناڵە ئاسمانییەکان یەکدەگرنەوە. لەڕاستیدا، ئەگەر نەتوانین هەموو بابەتەکانی ئەو کتێبە بەخوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێری خۆشەویست بناسێنین، چونکە ئەمە هەم کاتی زیاترو هەمیش هەستەنگاندنی زۆرتری دەوێت، وەلێ دەکرێ ناوەڕۆکی ئەو باسە ئەکادیمییە لە چەند خاڵێکی گرنگ چڕبکەینەوە، کە ئەگەر بۆ خوێنەران و ڕاگەیاندکارانیش بەگشتی، بایەخی خۆی هەبێت.

لە دەسپێکی ئەو کتێبەدا، توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی چەندین سەرچاوە پێناسەی(ڕاگەیاندکار) دەکات و لە ڕوانگەی ئەو(کەخۆشی ڕۆژنامەنووسە) ڕاگەیاندکار هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کاردەکەن بە پیشە و ئەرکی جیاوازی وەك:(ڕێکخەرو هەواڵسازو پێشکەشکار).بە بڕوای خۆم وەك خوێنەرێك، ئەگەر گونجاو نەبێت شوناسی(ڕاگەیاندکار) بە هەموو کارمەندانی نێو دەزگایەکی ڕاگەیاندن بدەین، بەکو پێَینیان بکەین دروستترە. چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە ڕاگەیاندکار لە ڕاگەیاندنەوە هاتووە.واتە گەیاندنی هەواڵێك یان ڕووداوێك،بەگومان کاری گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکیش،پەیوەندیدار نییە بە هەموو کارمەندێکەوە، بەنموونە: کارمەندێکی بەشی مۆنتاژ، یان ڕێکخەری بەرنامەکان،کاری گەیاندنی هەواڵێك نییە، بەکو ئەوەی مەیدانییەن ڕووداوەکە ڕووماڵ دەکات و دەیگەیەنێت، ئەوە ڕاگەیاندکارە کە ڕۆژنامەنووسان بە پلەی یەکەم دەگرێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەو کارمەندانە هەریەکەیان بە پیشەی کاری خۆیانەوە بناسرێن وەك:(ڕێکخەرەهەنەرێکەوە بەڕێوەبەری هەواڵێکەوە کۆنترۆڵکەر). ● ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری ئەو پێناسانە بکەین دەبینین کە هەموویان لە ڕوانگەی کارگێڕی_یاسایی(ئیداری_ یاسایی) کەمەایەتی_ئابووری و سیاسی).بەهەریەك لەو فشارانەش، بەشێوەیەکی شیکاری دواوەو ڕایگەیاندووە کە ڕاگەیاندکارانیش وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی ئاسایی، دەکەونە ژێر فشارەجیاوازەکان و زۆرترین جۆری ئەو فشارانەش، فشاری ژووری هەواڵەکانە.

لەباسێکی دیکەی نێو کتێبەکەدا، نووسەر باس لە پەیکەری کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییەکان و شێوازی بەڕێوەبردن و باربۆ کارکردنیان

دەکات. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو وپێشفیشنانە هەبێت، پێویستە هەچاوی سێ بنەمای سەرەکی لە کارکردن و بەڕێوەبردندا بکرێت کە ئەوانیش:(پلاندانان و ڕێکخستن و بەدواداچوون)ە. پلاندانان، نەخشە ڕێگەی کارکردنی ئەو دەزگایانە بە ئاراستەیەکی بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتووانە دەبات، چونکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پلانەوە، میتۆدی هەڵبژاردن و کارکردن دا ئەنرێت. بەگومان هەر کارکردنێکیش بە پلان نەبێت، ئەوا جۆرێك لە بەرنامەیی و ناکارگێڕی تێدەکەوێت و سەرەنجام ئەزموونێکی سەرکەوتووی کارکردنی دەزگاکان نابێت.بەڵام بەدواداچوون، لە هەر دوو بنەماکانی دیکە پێویسترو گرنگترە. چونکە بەدواداچوون دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی کەموکۆڵییەکان و دەرخستنی کێشە و کێماسییەکان، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتووتر پێشەکەش بکرێت.

دواتریش نووسەر باس لە دووجۆری شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو کەناڵانە دەکات، کە ئەوانیش بەڕێوەبردنی(ناوەندی)و(ناناوەندی)یە. لە بەڕێوەبردنی سێنترالیزمیدا، هەموو بڕیارو ڕاسپاردەیەك بۆ بەڕێوەبەری دەزگاکە دەگەڕێتەوە وبڕیار لای ئەوە، لەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا، هەنگە ڕێژنامەنووسان وڕاگەیاندکاران نەتوانن وەك پێویست بە سەربەستانە گوتارو پەیامەکانیان بگەیەنن. بەو مانایەی ڕادەسپێردرێن کە پەیوەست بن بە بەرنامەو نەخشە ڕێگەی کارکردنی کەناڵەکە. بەڵام دیوی ئەرێنی ئەو کارکردنە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ڕێگە بەهیچ جۆرە فەوزا و دەرچوونێك نادات لەو گوتارەی کەناڵەکە ئاراستەی دەکات.

بە تایبەتیش ئەمە نابێ ئەوەمان بیربچێت کە بەشێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان، گوزارشت لە گوتاری سیاسی حزبێك و ڕێکخراوێك دەکەن و هەنگە هەر هەڵەیەك و پشێلکارییەك، کاریگەریەتی نەرێنی بکاتە سەر پێگەی جەماوەریی وگوتاری سیاسی ئەو حزبە.بەڵام دڵنیاکی دیکەی نەگونجاوی ئەو کارکردنە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوندێتی کێدەکاتەوە ئەوەیە، کەزۆرجار خراپ سوود لەو بەڕێوەبردنە وەردەگیرێت و بۆ مەرامی تایبەتی و کەسی بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە: بە شێك لە کارمەندەکان باس لەوە دەکەن، کە زۆرینەی کاتەکان لەو کەناڵانە بەرپرسی بەشەکان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و پەیوەندی کەمەڵایەتی و کەسی لەگەڵ بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری کەناڵەکە دائەنرێن.

دیارە لێرەدا ئەگەر دەسەڵاتی یەکەم و کۆتایی لەدەست بەڕێوەبەری کەناڵەکان نەبێت و ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردن بەو دیاریکردنە

ابسپردرت، ئەوا کەسەکان لە سەر بنەمای کارامەیی و پیشەیی و پرۆفیشناڵی دائەنرێن. باسی سێیەمی ئەو کتێبە، خستنەڕووی چەند ئامارێکە کەپشتر بە شێوەیەکی مەیدانی و لەڵایەن ئاپرسیارەوە لە بارەی کەناڵە ئاسمانییەکان توژەر ئەنجامی داوە. ئەم بەشەی کتێبەکە بە بۆای من وەك خوێنەرێك، گرنگترین بەشی ئەو توژینەوە ئەکادیمییەیە، چونکە چەندین زانیاری لە بارەی پەیکەری کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژە و جۆری کارمەندانی لە چەندین ڕووەوە تێدایە.

لەو بەشەدا، نووسەر بەخشتە ژمارەی کارمەندان و ڕەگەزو تەمەن و چەند سیمایەکی دیکەشیان دیاری دەکات.بە پێی زانیارییەکانی ئەو کتێبە بۆت، زۆرترین کارمەندی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕەگەزی نێرن بەڕۆژەی 87%،هەروەها لەڕووی نەوەندی تەمەنەوە، زۆرترین کارمەندی ئەو کەناڵانە کە سامپڵیان وەرگیراوە، تەمەنیان لە نێوان 26بۆ 32 ساڵیدایە بە ڕۆژەی 46%، کە ئەمەش دەریدەخات وزە و توانای ئەو کەناڵانە، زۆربەیان لە تووژی گەنجانن. لەخشتەیەکی دیکەدا، بۆوانامەی ئەو کارمەندانەی لەو کەناڵانە کاردەکەن دەست نیشان دەکات، کە زۆرترینییان هەگری بۆوانامەی دبلۆمن بە ڕۆژەی 35%.هیچ کامێکییان خاوەنی بۆوانامەی دکتۆرانین. لەخشتەیەکی دیکەدا، تێکرای کاتژمێری کارکردنی کارمەندەکان لەو کەناڵانە دەخاتە ڕوو کە ماوەی کارکردنیان لە نێوان 7بۆ 11کاتژمێرە بەڕۆژەی 73%.

لەڕاستیدا، ئەمە پێشڵکردنی مافی کارمەندەکانە. چونکە بەپێی یاسا نابێ هیچ کرێکارێك لە هەشت کاتژمێر زیاتر کاربکات، بگومان ئەو ڕاگەیاندکارانەشی کە کار لەو دەزگایانە دەکەن ، بە دڵنیاییەوە لە ڕووی دەروونی و هزری و جەستەییەوە ماندوو شەکەت دەبن، بۆیە نابێ بەدەر لەماوەی دیاریکراوی خۆیان کاربکەن، مەگەر هەژماری کاری زیاتریان بۆ بکرێت.لە ڕووی ژمارەی کارمەندەوە، زۆرترین کارمەندی ئەو کەناڵانە هەواڵسازن بە ڕۆژەی 26%. واتە بە پێی خشتەکە ئەوانەی هەواڵ ئامادە دەکەن زۆرترین کەسی ئەو کەناڵانەن. سەیر لەوەدایە، وڵرای ئەو هەموو هەواڵسازە، کەچی زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێمە لە ڕووی هەواڵەوە وڵرانەن. چ لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە بۆت، چ لە ڕووی ناوەڕۆکی هەواڵەوە بۆت.

هەرچی لە ڕووی پیشەییەوە بۆت، زۆرترین ئەوانەی کاریش لەو کەناڵانە دەکەن، لە تووژی هونەرمەندانن بە ڕۆژەی 36%. زۆرگرنگ بوو توژەر لە پەراوێزی ئەو ئامارانەوە، ئەوەشی نیشانبدابا کە ئەو کارمەندانە بەگشتی چەندییان پسپۆرایەتییان بواری ڕاگەیاندنەو

دەرچووی ئەو بەشانەن. چونکە هەموومان دەزانین کاری ڕاگەیاندن، پسپۆرایەتییە و پێویستی بە پاشخانێکی ڕۆشنبیری گەورە هەیە. ئەوانەی لەبوارەکەدا کاردەکەن، دەبێ لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیری گشتی و گەیاندن و بگرە زمانی جەستەو دەربڕینیش، کەسانی بەتوانا بن. بەگشتی ئەم تۆژینەوەیە، زانیاری وردی تێدایە کە بۆ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی پێویستن. چونکە جێی کارکردنی ئەو کەناڵانە و شێوازی کاری ڕاگەیاندکاران وئاماری وردی لە بارەی سیستەمی کارگێڕی کەناڵە ئاسمانییەکان تێدایە. بەتایبەتی زۆربەی ڕاگەیاندکارو ڕۆژنامەنووسانی ئێمە، کاری ڕاگەیاندن لە سەر بنەمای حەزو خولیا دەکەن، نەك بە شێوەیەکی زانستییانە و پڕۆفیشناڵانە، بۆیە ئەم جۆرە سەرچاوانە گرنگن بۆ کایەی ڕۆژنامەنووسی ئێمە و دەستخۆشانە لەتۆژەر دەکەم…

*ناوی کتێب(پەیوەندی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییەکان و شێوازی کاری ڕاگەیاندکاران)نووسینی(دلشاد مستەفا سلێمان)_ هەولێر 2019..

کتێبی: ئیسلامی سیاسی، فریودان و تیرۆریزم شاخەوان برایم عەبدوڵا

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ……

ناوی کتێب: ئیسالمی سیاسی فریودان و تیرۆریزم
نووسین: شاخەوان برایم عەبدوڵا
گرافیك و دیزاین: لوقامن ڕەشیدی
شوێن و ساڵی چاپ: ڕۆکسانا _ 2018
نۆرەی چاپ: یەکەم
تیراژ: 1000 دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی)878)ساڵی 2018ی پێدراوە.

ناوەڕۆک
دەروازە 5
بەشی یەکەم: باشووری کوردستان و تووندڕەوی ئیسلامی سیاسی 27
کێن ئەوانەی فیکری تووندڕەوی ئایینی باوەدکەنەوە؟ 28
بەرهەمهێنەری تیرۆریزم 34
مەترسی ئیسلامی سیاسیی کوردی 41
ئیسلامی سیاسی و تووندڕەوی ئایینی 47
جیاکردنەوەی ئیسلام لە ئیسلامی سیاسی 53
حیزبی ئیسلامی و راکردن بەرەو پەرلەمان 58
کاندید و پشتبەکەی قورئانخوێندن 63
مەترسییە گەورەکەی ئایندەی کوردستان 69
خەڵکی حەشاردان لەژێر پاتەی دیموکراسیدا 78
ئەرشەلیم و کەمپی ئیسالمیی کوردستان 84
بەشی دووەم: پەژڕەی شەواندنی سەکەالریزم و دیموکراسی 91
ئیسامی سیاسی و پرۆژەی شەواندنی سەکەالریزم 92
دووتی سەکەالریزمی و گرووپگەلی تووندڕەوی ئیسالمی 109
پابەندبوونی ئیسامی سیاسی بە شووراییان دیموکراسی 118
بەشی سێیەم: ئایین و تووندوتیژی 131
ئیخوان لە یەکەم ئەزموونی دەسەاڵتییەوە بە کەمپێکی تیرۆریستی 132
ئیسلامی سیاسی و داعشی فیکری 149
ئەم فیلمە لە وێنە گشتیەکەیدا هەخنەی دەسەاتی باوك سالاری دەکات کە کاریگەریەکانی ئاژاو بە ئاژاو لەژێر جەبری شاشی تەکنەلۆژی و کرانەوەدا بچوك ئەبێتەوە. یاخود هەنگە بیەوێت بڵێت هونەر چەکەی، ئەکرێت ئەم چەکە بە ویستی خۆت بەکاربهێنیت، ئەگەر بێ گاانەوەی خۆشەویستەکەیشت بێت. هەنگە دواجاریش ویستبێتی لە ئێگەی لێکەوتەیەکی کاێ و کرچی سەرمایەوە هەخنەی سەرمایەداری بکات. بەگشتی ئەم کێشانە و جۆری پیشاندانیان پەیوەندیەکی کەمیان بە واقیعی ئەمڕۆی کەمەگەی کوردیەوە هەیە. ئەم فیلمە ئاوێنەی کێشە قوڵ و ڕیشەیەکانی ژیانی ئەمڕۆی کوردستان نییەێ. هەبەت لە بیرمان نەچووە کە ئەمە باس لە فیلمێکی بازرگانی ئەکەین، ئەگەرچی هەندێك لە فیلمە بازرگانیەکانیش لەسەر کێشە هەنوکەیەکانی دونیای خۆیان کاریان کردووە، بەاڵم فیلمەکەی شوان لەمەوەوە ترس و سانسۆرێکی زۆری پێوە دیارە.

شوان عەتوف ساڵی ٢٠١٥ لە موزایەدەیەکی گەورە بەسەر سیاسیەکاندا، نامەیەکی شەرمەزاری لەبەردەم بینەرانی تەلەفیزیۆندا خوێندەوە، وەك لێرەدا دیارە (٢). تێیدا لەبری سیاسیەکان تەریقبوەوە لەو ژیانە خراپەی میللەت و بە تایبەت گەنج دەیگوزەرێنن. لەوکاتەوە هەتا ئێستا هیچ کام لە فیلمەکانی لەبارەی ئەو کێشانەوە نییە کە لە شەرمەزارینامەکەیدا باسیان دەکات! جگە لەم فیلمە بازرگانیەی، سێ کورتە فیلمی تری بە گوێرەی خواستی ڤیستیڤاڵ دروستکردووە. ئەوەی ویستویەتی لە خەاتی ڤیستیڤاڵەە لاوەکیەکان دەستی کەوتووە. شوان لە کاتێدا بانگەشەی هونەری بوون و کواڵتی کارەکانی دەکات نەیتوانیوە لە ئاست ئەو هەموو قسانەدا بێت کە لەو نامەیەدا کردوونی! هەموو ئەو فیلمانەی کە دروستی کردون لەووی زەمەنەوە سەر بەمڕۆ و بە کێشە هەنووکەیەکان ژیانی ئەمڕۆ نین. لە نامەکەیدا تەریقبوەتەوە لەبەردەم گەنجاندا بەاڵم لە فیلمەکانیدا بچوکترین هەخنەی ئەو دەسەاتە کوردیەی نەکردووە کە ئەو هەموو سەرگەردانیەی

دروستکردووە! کارەکتەرەکانی شوان گەنجی شەهادەدار و بێکاری ئەم وڵاتە نین، کە لەداخی بێکاری و نەبوونی هەلی ژیان سەری خۆیان هەڵگرتبێت و ئەم وڵاتە جێبهێڵن. عاشقەکانی فیلمەکەی شوان وەکو هەزاران گەنجی ئەم وڵاتە بێلانەیی و بێ دەرامەتی کۆسپی ناکامی عەشقەکەیان نییە! کارەکتەرەکانی شوان زۆرتر گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن نەك لەم واقیعەی کە تێژ بەتاڵ توانای مرۆڤەکانی ئەکوژێت و دەیان پوکێنێتەوە. ئایا ئەمە بێ ئەمەکی ئەم دەرهێنەرە نییە بەرامبەر بە بینەرەکەی؟

هونەرمەندی هەسەن و خاوەن کواڵێتی ئەبێت بەرپرسیار و بە ئەمەکیش بێت بەرامبەر بە هونەر و بینەرەکەی. هونەری ڕاستەقینە هەوڵست و هۆشانمان بێ نمایش ناکات کە چێژ لە توانای خۆیان وەربگرن. بەکو بەم پاڵەوانانە، دەروازە بێ هەزاران قوربانی دەکاتەوە لەێ نەهامەتیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا لە ژیانی خۆیان ڕابمێنن و بێ دەربازبوونیان بیربکەنەوە. هونەری ڕاستەقینە لەبری دروستکردنەوەی مرۆڤە خراپەکان، بەدوای پیشاندانی زەمینە و ژینگەی خراپ بوونیاندا دەگەڕێت. هونەری خاوەن کواڵێتی لەبری تاوانبارکردنی پیاوێکی پارەدار، تیشکیش دەخاتە سەر ئەو هۆکانەی کە لەنێوان سەرمایە و سیاسەتدا هەیە لەم کۆمەڵگەیەدا. هونەری جددی بەسەر ئەو هەموو گەندەڵی و کاولکاری و داڕمانەێ دەروونی و کۆمەڵایەتیانەدا نا پەرژێتە سەر ئاکامی خۆشەویستیەکی کرچ و کاڵ. هونەرمەندی ڕاستگۆ، هیچ کات خیانەت لەخۆی و ئەو ژیانە ناکات کە تێیدا دەژی. شوان باز بەسەر ئەم واقیعەدا ئەدات و گەنجەکانی ئەم وڵاتە بانگ دەکات بۆئەوەی بگرین بە دیار هەوڵست و نارینەوە. بێ ئەوەی پێبکەن وەکو هۆشان و باوکی.

ئەمڕۆ، لەکاتێکدا جەهل و ژەهری حیزبەکانی دەسەڵات لە هەموو کاتێك زیاتر لەم واقیعەدا ئیش دەکات، ئەمجارە لە سینەمایش خزمەتێکی ڕاستە و ڕاست بە ویست و ئەجێندای ئەوان دەکات. ئەم تەرزە لە فیلم کەرەستەیەکە بێ دروستکردنی بینەری بێ ئاگا و ناهۆشیار. بینەرێك کە لەبری بیرکردنەوە و هەخنەگرتن، چەپڵە لێدەدا و فیکە دەکێشێت. ئەم جارە لە بینەر هیچ کات جێی دڵخۆشی نییە. سینەمایەکیش ببێتە هۆکاری چەپاندن و چاوبەستکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤ، هیچ کات سینەما نییە. هونەر و سینەمای ڕاستەقینە ئەبێت بە بێ سانسار دەست بێ کۆشە گەورەکانی ژیان بەرێت، لەبری کورتکردنەوەی مرۆڤ تەنیا لە خۆشەویستیدا، نەترسێت لە پیشاندانی چوارچێوە سیاسی و ئابوریەکەی.

سینەمای ڕاستەقینە لانی کەمی ئەبێت ئازاد بێت و نەبێتە دارەستی هیچ ئایدۆلۆژیا و سیاسەتێکی زاڵ. ئاڕاستەی فیلمەکانی شوان نەك تەنیا ووڵەم جێرە هونەرە نییە بەڵکو بە تەواوی بوەتە کەرەستە بۆ پێچەوانەکەی .

پەیکەری دۆ، بە دیوێکی تردا بەرهەمی ئەو کێبەرکێ نا شەریفانەی باڵەکانی کایەی سینەمایی بۆ قۆرخکردنی کایەکە. لە ئێستادا هەردوو باڵی لۆکاڵی-دەوڵەتی و ڤیستیقاڵ-نێودەوڵەتی هەیە کە لە ململانێیەکی نابەجێدان بۆ قۆرخکردن و داگیرکردنی کایەی سینەمایی. لەم ماوەیەشدا کەسی تر بەناوی دروستکردنی بۆنە و دابەشکردنی خەڵاتەوە، وە بەسود وەرگرتن لە پەیوەندیەکانی خەریکی دروستکردنی باڵی سێیەمە. ئەم ململانێ و هەڵپە گەورانە هیچ کات لەپێناو سینەما و بۆ خزمەتکردن بە هونەر نییە، بەڵکو بۆ کاسپیکردن و خۆگەورەکردنە بە سینەماوە. هەبەت ئەمە لە جێگەی تردا ئاماژەمان داوە کە چۆن ئەکرێت لەم بوارەدا خزمەت بکرێت، بە خۆشحاڵیشەوە کەسانێك هەن و خزمەت دەکەن. ئەم ململانێیە لە پار ساڵەوە بە تەواوی توند بوەتەوە و وایکردووە شوان عەتوف چالاکتر بێت و پرۆژەی تازەتریش هەبێت. دۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێك، یەکێك خۆی بە مەسیحی سینەما بزانێت و ئەوی تر هەرزەگۆیانە و کاڵفامانە نەفرەت لە نەتەوە و میللەتەکەی بکات. لەڕاستیدا هیچ خاڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەم باڵانەدا جگە لە مشەخۆری بە سینەماوە نییە.

[بۆ خوێندنەوەی بڕشی یەکەم کلیکی ئێرە بکەن ...]

---

(٢)

…https://www.youtube.com/watch

https://www.youtube.com/watch?v=qrQCnuRH9Y4&list=WL&index=47&t=0s&fbclid=IwAR0OpCvHeQVFHkDtoVicuWnJAh3n84QxpT2lWcNX6zUPqL3jb2AdsxX7-LY
>

هۆکاری شکستی شۆرشەکانی کورد... ؟... هەسوو بۆسکۆنی

ئایا هۆکاری شکستی شۆرشەکانی کورد تەنیا هێزە دەرەکیەکان بوون یا هەڵەی سەرکانی کوردیش، شێخ مەحمود وەك نموونە

مەلیکیەتی شێخ مەحمود لەژێر سایەی ئینگلیزدا...

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەپێناوی نیشتمانەکەیدا بەردەوام لە بەخودان و شۆرش دابووە، هەموو شۆرشەکانیش یا بەخیانەتی ناوخۆ یا بەهێز و گەلەکۆمەکی دەرەکی لەسەر دەستی دوژمنەکانی شۆرشەکانی شکست پێهێنراوە و لەناوبراون، پێویستە کورد پێداچوونەوەیەك بەمێژووی ڕابردووی خۆیدا بکات، چونکە ئێمەی کورد تا ئێستا زۆر بەمان ئاسان بووە، هەمیشە هێزی دەرەکی تاوانبار دەکەین، کە نەیانهێشتووە گەلی کورد وەك گەلانی تر بگەنە مافی سەربەخۆیی، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە سەرکردایەتی کورد لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و هاوسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندیەکانیان تێنەگەیشتووە، یان لاواز بوون و نەیانتوانیوە لەگەڵ ووداوەکان و بابەتی ڕۆژ مامەڵە بکەن، ووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە)یان هەوەشاندەوە و گەلێك دەوڵەتیان پێکهێنا، کە سەرکەکانیان هەر لەلایەن ئەوانەوە بەتایبەتی بەریتانیا دانران، بەمەلیکیەتی شێخ مەحمودیشەوە.

لە پێش پەیماننامەی (سایکس- بیکۆ) لە ساڵی 1910 عەرەبەکان لە ژێرەوە داوای هاوکاریان لەبەریتانیا کرد، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی، کورد نەیتوانی ئەو ڕۆڵە ببینێت، یان نەیکرد، هەرچەندە شێخ مەحمود کەسایەتی و سەرکردەی دیاری ئەو ڕۆژگارەی کورد، چ لە ڕووی ئازایی و لەشکرگێڕی و چ بەهێزی نفوزی دینی باب و باپیرانی تا دەهات لەپەرەسەندن دابوو، ئەستێرەی بەختی ڕۆژ بەڕۆژ لە بڵندی و بەرزبوونەوەدا بوو، لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1914 و هاتنی ئینگلیز بۆ خواروو عێراق، کەلە بەسەوە دەستی پێکرد، لەگەڵ یەکەم هەنگاوی هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق بەگوڕایەڵی بۆ بانگەوازی جیهادی عوسمانی شێخ مەحمود دوور لە نیشتمانی خۆی دەچێت لە شوعەیبە پێش لە هێزەکانی ئینگلیز دەگرێت، لەم شەڕانەدا شێخ مەحمود خۆی و بە لەشکرێکی هەزار سوارەی

کورده‌وه یارمه‌تی سوپای تورکی دابوو، به‌ڵام هێزی پێ چەك و سوپای سەرکەوتوی ئینگلیز بەسەر سوپای شکستخواردوو و داتەپیوی عوسمانیدا سەرکەوت و لە 7ی نیسانی 1918 لە ژێر دەستی ژەنەڕاڵ مارشاڵ دا گەیشتە کەرکوك، ئەو کاتە شێخ مەحمود لەگەڵ تورکەکان تێکچوو بوو، هیوای پێیان نەمابوو، لەگەڵ پیاوماقوڵانی سلێمانی ڕێك کەوت، نامەیەکی بۆ ئینگلیزەکان نارد داوای لێ کردبوون بێن بۆ سلێمانی و بۆیار بدەن بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، خۆشی لەژێر سەرپەرشتی ئینگلیزەکان سەرکایەتی ئەم حکومەتە دەکات.

ئینگلیزەکان وەڵامی شێخ مەحمودیان دایەوە و مەجەر نۆئێل بەنوێنەرایەتی حاکمی گشتی ئینگلیز لە عێراق هات بۆ سلێمانی و لەڕۆژی یەکەمی تشرینی دووەمی 1918 بەئامادەبوونی خەڵکی شار وتارێکی خوێندەوە و بڵاوی کردەوە، کەڵایەن حاکمی گشتی بەریتانیا لە عیراق شێخ مەحمود بە حوکمداری کوردستان ناسراوە، مەجەر نۆئێل بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بەشارەکانی تردا تا ڕەواندز چوو، بۆ یەکخستنی ئەم شارانە لەگەڵ حکومەتی سلێمانی تەقەلای باشی دا.

شێخ مەحمود لە کاروباری حکومەتدا کەم ئەزمون و لەمەیدانی سیاسەتدا بۆ کەس بوو، ئازایی و بێ ترسی و کەمتەرخەمی خۆشی لەو هۆیانە بوون بەهەڵەی بەرن، لەبەر ئەوە ئەستێرەی بەختی کەوتە کزی، نەیتوانی لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیزدا بەردەوام بێت و حکومەتەکەی شکستی هێنا.
چوونی وەفد بۆ ئەنقەرە و گەڕانەوەی بە نائومێدی
شێخ مەحمود لەجیاتی دڵزینەوەی ڕێگایەك بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئینگلیز زلهێزی دنیا و براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەهاندان و فێوفیشاڵەکانی ئوزدەمیری ئەفسەری دابڵاوی تورك تەفرەی خوارد و هەستا لەژێرەوە وەفدێك و نامەیەکی نارد بۆ تورکی هەڵوەشاو و دڕاو لەشەڕ، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیشی بە بەلشەوێکی ڕووسی کردبوو، کە تازە هاتبوونە سەرکار و خۆیان دنیانەبوون کەشتی سیاسەتیان بەرەو کوێ دەڕوات، لەبەرئەوە خۆیان لە زەر شت بەدوور دەگرت.

کاتێ وەفدەکەی شیخ مەحمود لەڕەواندز بوو ئینگلیزەکان بۆفرۆکەچوونەسەر سلیمانی و بۆیانناماێان بۆ شیخ مەحمود فریدایەخوارەوە، لەم بۆیاننامەیەدا ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لەشیخ مەحمود کردبوو، ئاگاداریان کردەوە خۆی و هێزەتی حکومەتەکەی لەڕێگای چەمچەماڵەوە بچنە بۆغدا و خۆیان باویژنە بەر ڕەحمەتی حکومەتی بەریتانیاوە.

بەڵام شیخ مەحمود بەیاننامە کە و لەگەل نامەیەکی خۆیدا ناردی بۆ ڕواندز بۆ لای وەفدەکە و ئەزدەمیر، شیخ لە نامەکەی خۆیدا بۆ وەفدەکەی نوسیبوو دەیوت بەرامبەر بەئینگلیزەکان بەخۆی و سمکۆ تەرتیباتێك کە بەباشیان زانیوە و پێویستە جێبەجێیان کردووە و ئەمری بۆ وەفدەکەش دەکرد ئیتر لە ڕواندز چاوەڕێ نەکەن و دەست بەجێ بکەونەوە بۆ ئەنقەرە.

لەو کاتەدا حکومەتی خەلیفە لە ئەستەمبول کز ببوو، سویندخۆرەکان (ئیتالیا و فەرەنسا) لەژێرەوە لەگەلی ڕاست نەبوون، دەیانویست تورك بژێننەوە، ئینگلیزەکانیش لەترسی مستەفا کەمال نەیاندەوێرا زیاد لە پێویست تورکەکان لەخۆیان بسڵەمێنەوە، لەبەر ئەمە لە موئتەمەری لەزاندا ناوی حکومەتی ئەستەمبول نەبووە، باسی پەیماننامەی سیڤەریش نەکرا. لەلایەکی تر تورکەکان بە وەفدەکەی شێخیان گوت: جارێ ناتوانین هیچ بڵێین یا شتێك بکەین. بۆتایبەت ئێستا کەعسمەت پاشا لە لەزان بۆ مەسەلەی ولایەتی موسل خەریکە و لەوەدا شکمان نیە داوای تورك سەردەکەوی و موسل دەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان، ئەو وەختە دیارە کوردەکانیش بۆئامانجی خۆیان دەگەن، لەگەڵ تورکەکان برای دینی و دیرینیان، یەك دەگرنەوە و لەژیر چنگی غەدر و ئیستعماری ئینگلیزە گاورەکان دێنە دەرەوە و ڕزگاریان دەبێ، جەنابی شیخ مەحمودیش جگەلە سەواب (ثەواب)ی ڕۆژی قیامەت لەدونیاشدا بگا بەبەری غەزای قارەمانی خۆی. ئیتر وەفدەکە تێگەیشتن کاری ئەوان تەواو بوو، تا تورکەکان خۆیان شتێکیان لی نەپرسن ئەوان نابێ باسی کورد بکەن، ناچار لەڕێگای ئەدەنە و ئورفە و دیاربەکر و بدلیسەوە گەڕایەوە سلیمانی.

ئەنجامی پەیوەندی شێخ مەحمود لەگەڵ تورکیا و ڕووسیا

بازنەی (بەلشەوێکی – کەمالی – شێخ مەحمود)، چارەنووسی گەلی کوردی بەرەو کارەسات برد، لەبەرئەوەی شیخ مەحمود دژی ئینگلیزەکان دەجوڵایەوە گیرا و دووڕخرایەوە، جارێکی تر هێنرایەوە بۆ کوردستان و دەسەڵاتی پێدرایەوە و هەوڵ درا هەرچەنێك بێت ڕێك بکەون لە گەڵیدا، شێخ پاش گەڕانەوەی (هێنانەوەی) لەهیندەوە بەینی دا بەئینگلیزەکان هەمنایەتی کوردستان بپارێزێت و تورکەکان لە کوردستان دەربکات و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکان بۆ دەوڵەتەکەی بەیارمەتیدراوی و بەڵێز و شکۆوە هێنرایەوە سلێمانی.

گەڕانەوەی شێخ لە هیندستان و گەیاندنەوەی بەدەسەڵات وەك مەلیکی

کوردستان، وادیارە لەلایەین شێخەوە بەترسان، یا پاشگەزبوونەوە یا لاوازی ئینگلیزەکان لەقەڵەم دراوە. ئەگینا بێ هیچ ئاڵوگۆڕێکی نەکرد لە سیاسەت و ڕەفتاری خۆیدا، بەپێچەوانەوە هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و کارەکانی گەیاندە سنووری دوژمنایەتیەکی ئاشکراتر، لەئەنجامدا بەستنی پەیماننامە لەگەڵ کەمالییەکان و کەین و بەینی لەگەڵ سۆڤێت، کە ئیتر بواری بێ هیچ پێکهاتنێکی لەگەڵ ئینگلیز نەهێشتەوە، تەنانەت ئینگلیزەکان لەوە دەترسان ئەم جارەش شێخ وەك ڕابردوو فریویان بدا و هەر کە شوێن پێی خۆی بەهێزکرد پشتیان تێ بکات.

هاوپەیمانی شێخ مەحمود لەگەڵ تورکەکان بەنهێنی و بەبێ ئاگاداری ئینگلیزەکان، هێنان و بانگ کردنی ئەفسەرانی تورك بۆ سلێمانی بۆ ڕاوێژکاری و پیلانگێڕان و گەیاندنی بڕێکی کەمی چەك لەلایەن تورکەکانەوە بۆ شێخ. ئەمە لە ڕوانگەی ئینگلیزەکانەوە تاوانێك نەبوو چاوپۆشی لێ بکرێت، جگەلە ڕابردووی شێخ مەحمود لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کەنەك تەنیا خەڵکی بۆ پشتیوانی تورك بانگ دەکرد، بەڵکو خۆشی شان بەشانی تورك لەبەرەی شەڕدا بەشداری کرد.

ئەم پەیمانە بەپەسندکردن و ئاگاداری یا ڕەزامەندی بەلشەویکەکان پێکدێت، کە هەم بەلشەویکەکان و هەم کەمالیەکان دوژمنی سەرسەختی ئینگلیزەکان بوون، بەهاوبەندی شێخ مەحمود کەوتنە پیلانگێڕی هاوبەش دژی ئینگلیز و بەرژەوەندییەکانی نەك لە عیراق و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا لەئاستی نێودەوڵەتیشدا.

پەیوەندی شێخ لەگەڵ کوردی پارچەکانی تر و هاندانیان دژی ئینگلیز

لەلایەکی تر شێخ پەیوەندی خۆی بەکوردی ڕۆژهەڵات (ئێران) و باکوور (تورکیا)، و کوردەکانی ئەو شوێنانەی هاندەدا دژی بەریتانیا لەگەڵ پەیوەندیە گومان لێکراوەکانی لەگەڵ هەندێ تاقم و کەسانی عەرەبی لەعێراق بەتایبەت شیعەکان کە زۆربەی دانیشتوانی عێراقیان پێکهێنابوو. دژی سوننی و فەیسەڵی لەدەرەوە هێنراو و دژی بەریتانیا بوون، ئەم دەوڵەتەی زیاتر پشتگیری کرد، ویستی چیتر خۆی لەقەرەی کێشەی کورد نەدات، کە دەبێتە مایەی ئەوەی ئێران و تورکیا و فەڕەنسای هاوپەیمانیش نیگەران بکات، بەم چەشنە زەمینەش ئامادە دەکات بۆ پێکهاتن لەگەڵ تورکەکاندا، تورکەکانیش هەر ئەوەیان دەویست کورد لەهیچ بەشێکی نیشتمانەکەیدا نەگاتە مافی خۆی، ئاکامی ئەم هێنان و بردنە پوچۆ کردنەوەی پەیمانی سیڤەر و نەمانی مەلیکیەتی شێخ مەحمود و کۆتایی هاتن بە شۆڕشی سمکۆ و ....هتد.

هەسەنگاندنی کردەوەکانی شێخ مەحمود، چ بەپێوەری بارودۆخی ئەو سەردەمە بێت یان بەپێوەری ئێستا بێت، دوور لە لۆژیك و تێگەیشتن و زانست و بەرپرسیارێتین، وەنەبێ کاتی خۆشی ئاکامی پێ کارەساتی ئەم هەسوکەوتەی شێخ بەخودی شێخ نەگوترابێت.

ئاستیەکەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد نەیانتوانیوە لەگەڵ ووداوەکان مامەڵە بکەن، بەکوردی و بەکورتی ئاماژەیەکە بێ سیناریۆی ووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی ئیمپڕاتۆریەتی نەخۆشی عوسمانیان هەڵوەشاندەوە و گەلێك دەوڵەتیان پێکهێنا، کە سەرکەکانیان هەر لەلایەن ئەوانەوە بەتایبەتی بەریتانیا دانران، ئەو دەوڵەتانەی دروستیان کردبوون هەر بە ئەنوێنی ئەوان دەجوڵانەوە، بەرژەوەندی زلهێزەکانیان دەپاراست و بوونە دەوڵەت و سەربەخۆییان بەدەست هێنا، لە بەرامبەردەستدرێژی و پیلانەکانی تورك و لایەنی تر بێ گەڵاندنەوەی وڵاتەکانیان بێ سەر خاکی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی خۆیان پاراست، بە پشتیوانی ئەو هێزانەی (دەوڵەت) کەهاتبوون، نیشتمان و گەلەکەیان ڕزگارکرد، کەچی کوردی باشووری کوردستان لە سڵەمانی کە شێخ مەحمود ئابەریان بوو، دەچێت لەگەڵ داگیرکەری وڵاتەکەی خۆی نزیك دەبێتەوە و چالاکی هاوبەشی سەربازی دەکات و پەیمانی لەگەڵ دەبەستێت، ئەو دەوڵەتەی بەدرێژایی چەند سەدە کوردی چەوساندۆتەوە و هیچ مافێکی پێ ڕەوا نەبینیون، لەسەردەمی کەمالیەکانیشدا هێشتا هیچ مافێکی کوردەکانی خۆی نەداوە، تا پشتیوانی لەبەشێکی تری کوردستان بکات، وڵایەتی موسڵ بەبەشێکی دانەبڕاوی ئیمپڕاتۆریەتە ووخاوەکەی خۆی دەزانێت (نەك خاکی کوردستان)، کەهێشتا ئەم دەوڵەتە نوێیە بەهەسمی نەناسراوە، نەلە ئاستی نێونەتەوەیی و کۆمەڵەی گەلان(عصبه الامم) و نە لە ناوچەکەدا هیچ دەوڵەتێك دانی پێدانەناوە (ژمێری سۆفێتیش هێشتا بەهەسمی نەناسرابوو) واتە پەیمان بەستن لەگەڵ دوو دەوڵەت کەهێشتا شەرعیەتیان نییە و لە ئاستی نێونەتەوەیش دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە، تا یارمەتی گەلانی تر بدەن و لەحاڵەتی بەرگری کردن لە خۆیان خواخوایانە کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەهەسمی بیاناسێت، لەلایەکی تر بەلشەویکەکان نەیانوێرا کارێکی لەو جۆرە بکەن، بەبیانوی ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ ئینگلیزەکان ئاڵۆز و گرژە، ئەو کارە دەبێ هەسمیەتێکی نێونەتەوەیی هەبێت.

دژایەتی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز

بەریتانیا خاوەن دەور و دەسەڵات بوو لەناوچەکە و کوردستان و لەئاستی نێونەتەوەیی و ئەنکخراوی کۆمەڵەی گەلان (عصبه الامم)

سەرکردایەتی دەکرد، دیبلۆماسیەت و ئابووری و شۆ و ئاشتی لە دونیادا لە دەستدابوو، تۆ بڵێی شێخ و هاوکارانی ئەو ڕاستیە تاڵەیان نەزانیبێ، کە بەریتانیای بەهێز لەشەڕی یەکەمی جیهانی سەربەرزانە ڕزگاری بووە و مەترسی لەسەر نەمابوو، لە عێراق و لە کوردستان لەجاران زیاتر پێگە و هێزی هەیە و بوار نادات بە کەمالیەکان و بەلشەویکەکان ناوچەکە داگیر بکەن و شێخ لەگۆ کەمالیەکان و بەلشەویکەکان پەیمانی هەمەلایەنەی هەبێت.

ئایا شێخ نەیدەتوانی وەکو فەیسۆ لە عێراق و فەیسەڵەکانی تر لە وڵاتانی عەرەبی و بگرە وڵاتانی تری دونیا کە دەستەمۆی کۆلۆنیالیستەکان بوون، گۆ ڕایەڵیان بێت و بەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵیان پێك بێت، لەبەرامبەر دروست کردنی قەوارەیەك بۆ کورد بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت و دژیان نەجوڵێتەوە، بەشکی کوردستان کە خۆی کرابوو بەمەلیکی، نەکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتی تازە دروست کراوی عێراق، یا تورکیایەك کە هێشتا دەسەڵاتی خۆی سەقامگیرنەکردبوو، هەر لەسەر خەیاڵی فراوان کردنی دەسەڵاتەکەیدا بوو؟ تۆ بڵێی شێخ ئەو ڕاستیە تاڵەی نەزانیبێت کە دەسەڵاتدارانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەدرێژایی مێژوو هیچ کێشەیەکیان چارەسەر نەکردووە و ئێزیان لەیەکسانی و بەرامبەری و مافی نەتەوەی و سیاسی و ....هتد ، بۆ هیچ گەلێکی جیا لە خۆیان بەهەسمی نەناسیوە، چۆن بۆ کورد شتێك دەکەن، تەنانەت مافی کلتوریشی پێ بدەن؟

شێخ بەپێچەوانەی فەیسۆ و سەرکردەکانی تری وڵاتانی عەرەبی هەم دژی سوپای بەریتانیا شەڕی کردووە، هەم خوازیاری دەرکردنی سوپای بەریتانیا لە کوردستان بووە، ئیتر باسی داگرتنی ئاڵای بەریتانی لەسەر بارەگاکانی بەریتانیا لە سلێمانی و بەدیل گرتنی نوێنەرایەتی ئینگلیز ناکرێت، نازانم شێخ بەکام هێز و توانای خۆی دەیتوانێ بەبێ یارمەتی دانی بەریتانیا بەرامبەر پیلانەکانی کەمالییەکان و ئێران، مەلیکیەتەکەی خۆی ڕابگرێت، کێ ئامادە بوو یارمەتی دارایی و سەربازی و دیبلۆماسی بدات؟ ئەگەر ئەم دەوڵەتە یا مەلیکیەتەی کوردستان ڕاگەیەنرابا، جگەلەوەی وڵاتێکی وەك بەریتانیا هەوڵی بۆ بدات، و لە ڕۆژگای کۆمەڵەی گەلانەوە بەهەسمی بناسرێت، هیچ هێزێکی تر هەبوو بتوانێ بەم کارە هەستێت؟، سۆڤێت و کەمالییەکان هێشتا خۆیان بەهەسمی نەناسرابوون، هیچ دەورێکیان لەسیاسەتی جیهانیدا نەبوو، کە داوای بەستنی پەیوەندی دیبلۆماسی و ... هتد لەگەڵدا بکات.

تۆ بڵێی شێخ مەحمود و هاوکارەکانی ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتبێت

کەمالیەکان و بەلشەویکەکان خەریکی وتوژ و پکهاتنن لەگە ئینگلیزەکان، چاپەمەنی و دەزگاکانی اگەیاندنی هەموو جیهان لەسەر ئەم کشانە دەدوان، تەنانەت لەچەند چاوپکەوتنکی نونەرانی شخ لەگە کەمالیەکان و بەلشەویکەکان کە شخ ناردبوونی بۆ داوای یارمەتی لەو دوو دەوەتە، بەاشکاوی بەلایەنی کوردی دەن ئەمە لەبەر وتوژەکانی تورك لەگە ئینگلیز جار ناتوانین یارمەتیتان بدەین و جارکی تر پیان دەن چاوەی ئەنجامی کبونەوەکانی لەندەن و لزان دەکەن و بەلشەویکەکانیش پیان دەن لەبەر بارودخی نودەوەتی ناتوانن هیچ یارمەتیەکیان بدەن، واتە گەمەکردن یا ئەگەر ناوکی تری لێ بنین، بێ بەنی هەم کەمالیەکان و هەم بەلشەویکەکان دیار بوو، مەبەستیان هاندانی شخ و کورد بوو دژی بەریتانیا و بەرژەوەندییە گاوەکانیان.

مەترسی ئینگلیز لە چالاکیەکانی شخ مەحمود

ئینگلیزەکان مەترسیان هەر لەسەر کوردستانی باشوور نەبوو، لە دەستیان بچت یابباتە پگەیەك بۆ نەیارەکانی، بەکو لەوە دەترسان ئەم ناوچە ستراتیژ و دەوەمەندە دەباتە پگەیەك بۆ دەست درژی کردنە سەر تەواوی ژهەاتی ناوەاست، یا لانی کەم دەباتە بابەتی مامەەی بەلشەویك و کەمالیەکان لەگە ئینگلیز و ژئاوادا وەك ئەم سەودایە کرا لەپەیمانی لزاندا.
ئاسەواری ئەم سیاسەتەی شخ بوو، یزی نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازانی کورد و سەرەنجام کمەی کوردەواری کرد بە دوو بەشەوە، تەنانەت بنەماەکەی خودی شخیشی گرتەوە، جگە لەوەی کاردانەوەی ئەم سیاستە لەبەشەکانی تری کوردستان بۆ ئاسەوار نەبوو، بەگشتی دەستەیەکیان لەگە سیاسەتی بەریتانی و دەستەکەی تریان دژی سیاسەتی بەریتانی بوون، ئەویش بەسەرکردایەتی شخ و هاوبیرەکانی بوو لە گەەپانی ووداوەکاندا چالاك و بەرچاوبوون، و دەوریان ئەگەا.

ئەم هەوستە دەوری کاریگەر و نگەتیقانەی خی بینیوە، جگەلەوەی بانگەوازی جیهادی شخ دژی بەریتانیا یا هەوستی نیشتمان پەروەرکی ئازا و ناسراوی کوردی ژهەات مەحمود خانی دزی، کە بەنەی زیارەتی گەەکەی کاك ئەحمەدی شخ و بەچەکدارەکانی خیەوە دت و سلمانی بۆ شخ مەحمود دەگرتەوە و ئینگلیزەکان دەردەپەنت لەسلمانی، ئەمانە و گەلك هی تر شخ مەحمودی لەخبایی کرد و وای دەزانی ئینگلیزەکان ناچار دەکات تەسلیمی مەرجیکانی ببن، یا بەبۆ یارمەتی ئینگلیز بگاتە مەرامەکانی خی.

گومان لەوەدا نیە هەوڵستی شێخ مەحمود و ووداوەکانی باشووری کوردستان زەمینە خۆشکەر و هۆی پێکهاتنی ئینگلیز و تورك لە لێزان و هێشتنەوەی کوردستانی باشوور لەچوارچێوەی عێراق بوو، کەکارەساتی بەدواوە بوو بۆ کورد، لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، خۆتەهەکێشاندنی کەمالییەکان لە کێشەی باشووری کوردستان، جگەلە ئامرازێکی گوشاری تورك بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە ئینگلیزەکان لەلایەك و بەرگری لەهێنانەگۆڕی کێشەی کوردستانی باکوور، لە کۆتاییدا بۆ ئەوە بوو کورد لەهیچ پارچەیەکی وڵاتەکەی مافێك وەرنەگرێت، سبەینێ کاریگەری هەبێت لەسەر بەشەکانی تری کوردستان

سەرەڕای ئەوەی شێخ ئاگاداری ئەو پیلانە گڕاوانەی تورکەکان بوو، دژی سمکۆ و ئازادیخوازانی کوردی لە باکوور، ئێران و تورك لەو سەردەمەدا هاوکاری یەکتر دەکەن، ئێران داوای تەنگ پێ هەڵچنین و لێدانی سمکۆ دەکات لە تورکەکان، تورکیش داوا لە ئێران دەکات بوار بدات لەڕێگای ئێرانەوە سوپای خۆی بنێرێتە باشووری کوردستان ئەمانە وێنەیەکی بچوك و زیندوون.

کاتێك نوێنەری شێخ لەمانگی دووی (1923)دا سەردانی کونسوڵخانەی سۆڤێت دەکا لەتەورێز کە داوای پشتگیری و یارمەتی ووسیای سۆڤێتی دەکات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. کونسوڵی سۆڤێت بەپێی دەستووری سەفیری سۆڤێت لەتاران بەڕاشکاوی و بەبێ هیچ هەوشکی دیبلۆماسیانە دەڵێت: ئێمە ناتوانین لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان بین، چونکە دەوڵەتێکی لەو جۆرە دژی بەرژەوەندیەکانی ئێمەیە یا دژی ئێمە کەکی لێ وەردەگیرێت، دەبوایە هەر لەو کاتەوە شێخ نەك تەنیا هەموو پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەلشەویکەکان بپچڕاندبا، بەکو هیچ هیوایەکیشی بەهاوپەیمانەکەی نەمابایە، کەچی شێخیان هاندا ئەگەر لە ئیمپریالیزمی ئینگلیز دابڕێت ئەوان ئامادەن یارمەتی بدەن، تەنانەت وایان لەشێخ گەیاندووە، ئەگەر کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی ئیمپریالیزمی بەریتانیا ڕزگاربوونی زۆر زەحمەتە، چونکە بەریتانیا دەوڵەتێکی زۆر بەهێزە، بەڵام ئەگەر لەچوار چێوەی تورکیادا بێت، کە لاوازە چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئاسانتر دەبێت.

مایەی سەرنجدانە نوێنەری شێخ بە نوێنەری سۆڤێت دەڵێت: حیجاز و فەلەستین و عیراق بەیارمەتی بەریتانیا و سوریا بەیارمەتی فەرەنسا گەیشتنە ئاوات و مەبەستی خۆیان، کەچی ئێمە پێنج ساڵە چاوەڕێی یارمەتی سۆڤێت دەکەین بۆ ئازادی نیشتمان و نەتەوەکەمان، دیارە شێخ لەمڕۆوە ئەم پەیوەندیەی هەبووە، لەگەڵ ئەواندا و ڕاپۆرت نووسی سۆڤێتی دەڵێت: ئینگلیزەکان ئاگادارن لەم پەیوەندیەی شێخ

مەحمود بەئ□مەوە.

پەیوەندی دوور و درێژی شێخ بەسەڤ□ت و تورکەکان و نووسینی نامە بۆ دەوڵەتان لە□□گای باڵوێزەکانیانەوە لەتاران و لەقاودانی ئینگلیز لەباشووری کوردستان شتێك نەبوو ئینگلیزەکان و فەیسەڵی مەلیکی عیراق هەستیان پێ نەکەن و زیاتر ئەو دووانە لەیەکتر نزیك بکاتەوە، بەوەی مەترسی شێخ و تورك بۆ سەر هەردووکیان هەیە، ئەمە جگەلە خراپە هیچی باشی نەبووە، هەروەك هەنگاوێکی تری شێخ بوو ئینگلیزەکانی زیاتر هاندا بۆ دژایەتی کردنی خۆی وگەلەکەی و سەرئەنجام کێشەی کورد و کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە بدرێتە دەستی مەلیك فەیسەڵی گو□ ایەڵی.

ئەوەی کەلە سەرەوە باسکرا مانای ئەوە نییە پاساو یا پاکانە بۆ ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی و □□کخراوی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دواتریش □□کخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و بە تایبەتی ئەورووپا و ئەمریکا بکرێت، کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم شایەتی کارەساتەکانی کورد بووون و تەنانەت نەیانتوانی یا نەیانویست بەهۆی ئەو پەیوەندیانەی هەیانبووە لەگە□ ژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، پشتگیری لە کارەساتە یەك لەدوای یەکەکانی کورد بکەن و لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و مافی یەکسانی و کلتوری ئەم گەلەی لەم وڵاتانەدا دەژی مسۆگەر بکەن، بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا کە دوو دەوڵەتی نوێیان لە عیراق و سوریا دروست کرد، و دوو بەشی کوردستانیان خستە چوارچێوەی ئەم دوو دەوڵەتەوە، بەرپرسیاری ئەو هەموو تاوانەشن کە ئەو ژێمانە لەبەرامبەر کورد کردوویانە، ئەوان دەیانتوانی کوردستانی بۆ شێخ و هاوبیرەکانی دروست بکەن.

□استە شێخ بەگوێرەی پێویست مامەڵەی لەگە□ ئەواندا نەکرد، ئیتر لەووی کەم ئەزمونی یا فریودانی دەرەکی، یا هەر هۆیەکی تر□وەبوو بێت، ئایا کارێکی □ەوا بوو گەلی کورد باجی ئەو دژایەتیەی نەوان شێخ و بەریتانیا بدات، و ببێتە قوربانی بەرژەوەندی یامشتومڕی ئەم و ئەو ؟ دەکرا شێخ یا کەسایەتیەکی تر لە باتی شێخ مەحمود دابنرێت، کە وێنەیان زۆر بوو لە کوردستان و لایەنگر و گو□ایەڵی سیاسەتەکەیان بووون، دەکرا شێخ دوور بخرایەوە یا دەستبەسەر بکرایە. دەکرا دیسانەوە دانوسانێکی لەگە□ بکرابا، بەتایبەتی پاش ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگە□ کەمالییەکان و بەلشەویکەکان بەبۆ ئەنجام کۆتایی هات و لای ئینگلیزەکانیش ئەم ئەنجامە ئاشکرابوو، ئەم□ نەك تەنیا گەلی کورد باجی ئەو سیاسەتە دەدات، بەکو

هاوپەیمانانیش بەتایبەتی ئینگلیز لەعیراق باجی هەڵەکانی ئابردووی خۆی دەداتەوە.
زۆربەی جار مەبەستی سەرەکی لە نووسینەوەی ووداوەکانی مێژوو بۆ وەرگرتنی پەند و ئەزموونە بۆ داهاتوو، ئایا سەرکانی کورد لەم ڕۆژگارەدا تاچەند دەتوانن سوود لەم ووداوانە وەربگرن، هەکاری شکست و تێشکانی شۆڕشەکانی ئابردوو بکەنە سەرمەشقی خۆیان، بۆئەوەی کورد تووشی کارەسات و شکست نەبێت، مافە بەدیهاتووەکان بپارێزن و دژە ڕەواکەی بگەیەننە دوا قۆناغی ڕزگار بوون.

ڕەسوڵ بەسکێنی

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە:

1- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، چاپی سێیەم، سلێمانی .2003
2- ئەفراسیاو هەورامی، پەیماننامەی شێخ مەحمود و کەمالیەکان لەبەگەنامەکانی سۆفیەتدا، یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006.

نغرۆبوونی کۆمەڵگای کوردی … کرمانج فەتاح

لە ئێستادا ، کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو ئاستەکانی ژیانیدا لە ترۆپی ململانێی دڕوونی دا دژیت ، هەر توژژەرێکی کۆمەڵناسی یان دڕوونی, گەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سیستەمی پەروەردەیی ئەم کۆمەڵگایە بکات ،بڕوونی بۆی دەرئەکەوێت،کە چۆن ئەم کۆمەڵگەیە نغرۆ بووە لە دووڕوویی دا .
ئەگەر لەسەر ئاستێ سیاسیەکێ و یاخود لە ئاستی پەروەردەو و خوێندنی باڵاشدا تەماشای بکەین، دەبینین زۆربەی سیاسیەکان و کاربەدەستەکان ڕۆڵەکی نەرێنیان بینیوە لەبەرهەمهێنانی ئەم دووڕوویەدا ، چونکە زۆربەی بڕپرسەکان لەناو خڵک و ڕاگەیاندنکان باس لەبەهاکانی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و چاکسازی دەکەن بە گوتار ، بەڵام لەکرداردا پێچەوانەن و ئاسڵان باوەریان بەم بەهایانە نی یە ، تەنها مکیاجێکی بەرامبەر

ناو میدیایە و هیچی تر .

ئامۆژگاریت لێم بابەتم دا تیشک بخەمە سەر چەند لایەنێک سەبارەت بە ئافرەت، وەک نمونەیەک بێن بە نغرۆبوونی کەمەندگی کوردی لێم دووڕوویی کە تیشکمان خستۆتەسەر.

ڕۆڵی ئافرەت لە هونەردا ئافرەت لە بواری هونەریدا ئامادەبونێکی قوڵ و فراوانی هەیە کە ڕەنگدانەوەی سمبولی ژیان و سروشت و جوانی و خۆشەویستی یە لەچەندین سیفەتی هەمەڕەنگ پێکهاتوو کە تێکەڵاو دەبێت بە ئایدیای هونەری و چەندین لایەنی جوانی دەردەخات ،لەگەڵ ئەمشدا ڕۆڵی ئافرەت لە هونەردا تەنها ئامادەبونێک نەبوو وەک ئایدیاو سمبولێک بەڵکو زیاتر بەربڵاو بوو تاکو ئافرەت بوبی خۆی بسەلمێنێت لە بواری گۆشەپەدانی هونەر و داهێنان ،ئافرەت بووە هونەرمەند،ئەدیب،بەرپرسێکی کاریگەر لە پرۆسەی هونەریدا.

ئەمەش وامان لێدەکات بە هەوەدان و گەڕان بە دوای تێگەیشتنی بونی ئافرەت لە پرۆسەی هونەری وە گفتوگۆکردن لەبارەی ڕۆڵی کاریگەری ئافرەت و سەلماندنی خۆی وەکو لایەنێکی کاریگەر لێم بوارەدا ..
کەوایە ئەوە پەیمان دەڵێت ناکرێت ئەمە قسەکردن و وەوژاندنی پرسێک لە نێو کەمەندگە تەنیا لە حاڵەتی گوفتارەوە جێ بهێڵین، بەڵکو پێویستە بکەردەوە کاری جدی بەبکرێت تا بتوانین ئاشتەوای کەمەایەتی بنینە کایەوە یاخود تاکەکی وشیار و بەفەرهەنگ و ئەدەب و هەتا دوای بنینە کایەوە. بەیە گرنگە وە پشقڕچوونی ئافرەت بەقەبارەیەکی گرنگ و پەیایخ لەکدانەوەی بە بکەین.

مافی مرۆڤ بە دەرکی ئەریک فرەم دەست پێ دەکەم کاتێک دەڵێت:
(بەڵێ ژیان گرنگە، بەڵام مردن لە پێناو ئازادییدا گرنگترە.)
کەوایە سەربەستی ئەوە ناگەینێت بتەنیا وەک مافێکی سەرتای تێ وەک مرۆڤ وبوونت هەبێت لەم سەرزەمینەدا بەڵکو ئازادی ئەوکاتە ڕۆڵی گرنگ دەگێرێت کاتێک مرۆڤ گوزارشت لە بڕچون و ڕایە جیاوازیەکانی ناخی دەکات، لەڕەدا ئافرەت بەو چەشنە ڕۆڵی هەیە تا بتوانێ گوزارشت لە حەز و خوێیاییەکانیدا بکات،بەڵکو نەخێر لە ئەنجامدا چونکە ئەمە هەشتا لە حاڵەتی نامۆی بوونداین سەبارەت بەپرس و مافەکانی ئافرەت پەیمان وایە هەرکاتێک ئافرەت گوزارشت بکات لە حەز وخواستەکانی (Abnormal) واتا لادەرانە دێتە بەرچاومان، بە دڕچووێک هەژمار دەکرێت لە کەسا کەمەایەتی وئایینی لای دابێت.
کەوایە لەڕ ماف ڕەڵەکی گرنگی پێندراوە لەپرسی ئافرەتاندا.

ئەم بچێتە حاڵەتی کرداری بوونی هەزو و ئیرادەی ئافرێت ڕووی گرنگی هەبێت. چونکە سەرتای وشیاری لە دایکبوونە دەست پێدەکات، دایکانیش ئافرێتن. ئەوش ئەتواندرێت لەڕێگای جەکردنەوەدا کە گونجاندن بکرێت لە گەڵ ئەزموونی نوێدا لەچوارچێوەی هزردا بوونی ئەم ئامادەیەکی دونیایەک بخولقێنین پێش بەر نەوگیری بکەوین ئاشنایەکی کەمایەتی بونیات بنێین لە نەوەندی خوێندی سەرتایدا. چونکە ماهیەت لە چوارچێوەی فکریدا دروست دەبێت. بەیە ئەم لە پەروردەدا ئەبە جێگا بە ئەم هەزرە بکەینەوە تا مناڵکانمان ماهیەت بدەن بەو چەمکانە کە لە سەرتاوە ئاماژەم پێداوە وەک ماف و دیموکراتی و هاتا دوای.

دەزووی ئەم ئـــــــــازارە بە دەرزییەکانی زەمەندا ناچێ! … شوان شەفیق

بەدیار پیاڵەکانەوە دەگری
زاخ لەسەر کۆمی جەناهەڵ ئازار!
ئاو
تاقەتی پاکردنەوەی چەکی نەماوە!
سۆراوی لە دەچەڕە ڕاستی!
تاڵ حەقیقەت!
تفتە بە گەروودا بچێتە خوار ڕاستگۆیی.

کووپەکان ئەوەندەیان تاڵی بەخشی
شیرین بوون!
پەکەکان ئەوەندە مەستیان بەخشی
ئالوودە بوون!
مەزگان قەپبوونەوە لە درێ!
شەرم ناکەین تکاوە ئابوو؟

لە ژوورەکی شپرزەدا دیل!
ڕۆی ئەکتەرەک دەگەڕە

دراما یەکی تراژیدیە!
سینارست لەکوەو تەماشا دەکا؟
قاقا پەمان پێدەکەنێ
ژووانگەی عاشق!

پەلە یەتی دەجەنگێ
گلاراویەتی لە گشت جێ
ئاژەڵەکان دەکووژێ
زەوی خاپوور دەکا
نەگریس مرۆڤ
لە کوێوە دەڕوا؟
لە کوێوە سەر دەر دەکا؟

درێی کام لاپەڕەی مێژوو بوو مرۆڤایەتی؟
نەفرەت لە ئادەمیەکان
یەک شەوبوون،
چەندین ڕەنگبوون
هەمە ڕووبوون!

ئازادی
وشەیەکی ئەکسپایرە،
مەرا
تاوێک بارانی بەهارە،
سەوز نابێتەوە شادی
ناچارێتەوە سەربەستی!

ڕەفەکان دەنگێ:
نووسراوەکان
درێبوون لەگەڵ تیانووس!
گەلبوون ڕەنگەکان!
پێنووسەکان دەشانەوە
پەتایەکی قورسی گرتووە
حەقیقەت!

چی وترا
چی نووسرا
چی دەنووسرێ
چی دەوترێ

داروک سمای پ دکا

قبد دستپکی ژگار
مغریب سفر ب مووحیبتو دکا
شویش شکی رژ دشکنن
بدنگ بدنگ ناز دکا
درزنکی شیرین!

چادرگیک
ل بن ئاگردانکو
دووکژ برز دکاتو
بنکرووزی ئسکوپرووسک دنرتن ئاسمان
درگا داخراو ب نزا…!

بگرینو
چاخی بردین؟
درزییکی جنجا
گباب ماندووی کردووین!

کتب… سرتا وشبوو.!؟ … سباح نجدر

[ب خوندنوی ئم کتب کلیکی ئربکن …]

کتب.. ب پیاو پووتکان …

حەمەسەعید حەسەن

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

با تێبکۆشین لە پێناو دەرکردنی تورکیای داگیرکەر … ئەحمەد رەجەب

چەندان ساڵە هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا خاکی باشوری کوردستانیان داگیرکردووەو بەوەش نەوەستاون و ڕۆژانە لە ڕێی تێپی جێراوجێرو هەڵکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگییەوە بەخەستی ناوچەکانی کوردستان تێپباران ئەکەن و ئەوەش ئەبێتە هۆی ئاوارەکردنی خەڵکی سڤیلی بێدەسەڵات و سوتاندنی ماڵ و سامان و ئاژەڵ و پوش و پاوان و دارستانەکانیان و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڵاتیان شەهید کراون.
نە هەر لە باشور بەڵکو لە باکوری کوردستان دەوڵەتی تورکیای ڕەگەزپەرست بە فەرمانی سەرۆکەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ناوچە کوردنشینەکانی وێران کردو، هاوڵاتیانی بەگشتی و سیاسی و ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان بەتایبەتی دەستگیر کردو، تا هەنوکە لە زیندانداون و، کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و، یەکێتی ئەوروپاو، نەتەوە یەکگرتووەکان و، حکومەتی عێراق نقەیان لێوە نایەت و، هەموویان بێدەنگن.

ڕژێمی تورکیای ڕەگەزپەرست لە ساڵی 2015 وە تا ئێستا بە فەرمانی سوڵتانە ئیسلامییەکەی عوسمانلییەکان ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سوپای تورکیا ئوپراسیۆن لە دووای ئۆپراسیۆن دژ بە کوردو کوردستانیانی باکورو باشورو ڕۆژئاوا بەڕێوە ئەبات و، تاوانی جینوسایدو قەلاچۆکردن ئەنجام ئەدات و، شارو گوندو ماڵی هاوڵاتیان وێران و خاپور ئەکەن و، لە لایەن جەندەرمەو سەربازانی تورك ماڵ و موڵك وسامانیان بە تاڵان بران و، ئەو کوردانەی لەدەستی سوپا ڕزگاریان

بووه بوونەتە کێچبەرو، ژیانێکی تاڵ بەسەر ئەبەن.

تورکیای رەگەزپەرست بەهێی داگیرکردنی چەندین ناوچەی باشووری کوردستان بووەتە خاوەن ماڵ و دەسەڵات و سەربەستانە هاتووچۆ ئێکات و، سیخورەکانی لەناو خاکی کوردستان بەاوکردووەتەوە، تەنانەت ژمارەی ئێندامانی میتی تورکی لە کەرکوک زۆر زیادی کردووەو، تورکیا پەیتا پەیتا و بە ئاشکەرا ئەفسەرو سیخور رەوانە ئەکات بۆ پاراستنی تورکمانەکان و. لە سەرەتای ئەم مانگەدا (تەموز) بە هۆی هەواڵگیری سیخورەکانی میت شەرشگێرێکی سەرکردەی { پارتی کرێکارانی کوردستان ـ دیار غەریب} و دوو گریلای هاوڕێی شەهید بوون و، دیارە پەیوەندی تورکیاو هەرەمی کوردستان لە خزمەتی تاقمی ئێردۆگانی ئیخوان ئەلموسلمینی سەرلەشیواوو، حزبەکەی ئاگپارتییەو، بە پێی بەرپرسانی تورکیاو کوردستان پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرەمی کوردستان، پەیوەندی غازو نەوت و دۆلارەو، بەختی تورکیا لە هەڵکشانە ، چونکە نەوت بە مفت هەرزان وەرئەگرێ.

سەرەرای شاڵاو هێرشی سوپا و جەندرمە بۆ شارو دێهاتی باکوری کوردستان و، تا ئێستا تورکیا لە شەرێکی ناوخۆیی سەخت و دوژواردایەو، بە ئاگرو ئاسن رەفتار لە گەڵ ماف و داواکارییە رەواکانی کورد ئەکات و، دەستی لە راونان و گرتن و زیندانیکردن و کوشتنی رۆشەکانی کورد هەڵنەگرتووە.
رۆجەب تەیب ئێردوگان خاوەنی هێزی چەکدارییە کە پێرەوی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد ئەکات و، نایشارێتەوەو راشکاوانە ئەڵێت: پێخۆشحاڵم بۆ هاوکارییە ئابوورییە گەورەیە لە نێوان تورکیاو (ئیدارەی کوردی) هەیەو، (ئەردۆگان و تاقمەکەی و هەموو دوژمنانی کورد قەت ناڵێن هەرەمی کوردستان) و، ئەڵێن ئیدارەی کوردی یان شمال العراق.

تورکیا لە سەر خاکی باشوری کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی گەورەیە (بە سنووره) لە بنکەو پێگەی سەربازی و، بەوەش نەوەستاوەو، خواکورکی داگیرکردو، بە شەفل و گریدەرو کەرەستەی ڕێگاوبان شەوو ڕۆژ خەریکی داربڕین و شەواندنی زەویی و زاری هاوڵاتیانن و، بەردەوامن لە لێدانی ڕێگای نوێ وقیرتاوکردنی بەرەو قوڵایی لە ناو خاکی باشوری کوردستان.
ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئەیەوێت خەلافەتی(دەوڵەتی عوسمانی) زیندوو بکاتەوەو، تورکیا وەك وڵاتێکی داگیرکەر هەلی بۆ ڕەخساوە درێژە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتان بدات و، لە رابووردوودا قوبرسی داگیرکردو، وبارگرژی لە گەڵ یونانستا دروستکردو، بە هۆی

دروستبوونی شەر لە سوریا، تورکیا بە یارمەتی تیرۆریست و چەتەکانی بەناو ئیسلام و شام و سوڵتان توانی بەشێك لە خاکی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان وەك جرابلوس و ئەلباب و عەفرین و بەشێك لە مەنبج داگیر بکات و، لە ئێستاشدا بێ لە مەگەو بنکە سەربازییەکانی لە ناو خاکی کوردستان لە خواکورك و سیدەکان خاکی کوردستان داگیر ئەکات و، بەرەو قوڵایی ناوچەکانی کوردستان پێشرەوێ ئەکات.

جێی شەرمەزاریە بەرپرسانی کوردستان هەر لە سەرەك هەرێم و سەرەك حکومەت و ئەنجومەنی ئاسایش سەردانی تورکیا ئەکەن و، پێشوازی لە بەرپرسانی تورکیاو شاندو هەواڵگیریەکانی بە گەرمی ئەکەن و، نەخشەکانی تورکیا بە فەرمانی ئەوان جێبەجێ ئەکرێن و، مەبەستی سەرەکی تورکیا کەنترۆڵ کردنی خاکی کوردستانە و، سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەت لە باتی ئەوەی تورکیاو هێرشەکانی ریسواو شەرمەزار بکات، پاساو ئەهێنێتەوەو، رووی تورکیا سپی ئەکات و ئەڵێت:
((ئەو کردەوانەی پەکەکە دەیکات نە لێژیك، نە ویژدان قبوڵی ناکات)) و، وادیارە ئەوەی تورکیا ئەیکات جێی قبوڵە و، پێشتر بەرپرسە باڵاکانی هەرێم و حکومەت چەندان جار ئەیانوت : ئەبێ میوانەکان، مەبەست (PKK) یە بڕێنە دەرەوە.

پێویستە سەرکی هەرێم و سەرکی نوێی حکومەت پێشڵکاریەکانی تورکیا لە ناو خاکی کوردستان ڕسوا بکەن و، بتوانن قەرەبوی ماڵ وێرانی هاوڵاتیان و شەهیدەکان بکەن و، داوا لێ حکومەتی تورکیا بکەن بنکە سەربازییەکانی و، هێزە چەکدارەکانی لێ ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەڵبگرێت و بڕەو تورکیا بیانباتەوە، چونکە مانەوەی ئەو بنکانە مەترسیدارەو ئامادەکاریە بۆ شەرکی گەاوو دژوار لە دژی گەلی کوردستان و، هەرلێ ئێستاوە ئەبێ گەلی کوردستان خێ ئامادە بکات بۆ شەرکی مان و نەمان لە گەڵ رژێمکی خوێنڕژو ڕەگەزپەرست.

10/7/2019

بۆ دیار غەریب! ... سەرکەش

هاوڕێم
من تەم قەت نەدی بوو
قەت گوێی بزە و خەندەی
جوامێرانە و
میهرەبانی تەم نەچنی بوو
قەت جارێ لە جاران
قەت هەژێ لە هەژان
هەر بە هێکەوت
لە شوێنێ
لە هێگا و بانێ
لە شەقامێ
لە سوچی کوڵانێ
لە کۆردەدێیەک
سەاو و
چاک و چێنی سەرپێیمان نەکردبوو
قەت وەک دوو مرۆڤ باوەشمان بە یەکترا نەکردبوو
قەت دەستی هاوڕیانەی یەکتریمان
نەگوشی بوو!
بەهام ئێوە یەک دوو هەژێ
ئاسمان دەبینم تاریک و
هووگرژ و مەنێ
دەگری و
دەگری
ئەستێرەکان مات و خامۆش
لە جریوە کەوتوون
کزەباش قوڕگی پێ هەنسکێ و
هەواڵی مەرگی شەهیدسوارەکێ
ئێویش تێی
لە لاپەڕەی هەر هاوڕێیەک
وێنێ و
ناوی تێ
بزە و خەندەی لێوی تێ
نیگای بوێرانە و
نەترساوی تێ

باس و
خواس و
یاد و
بیرەوەری و
مەرخاسی تۆ
تەم پێ ئاشنا دەکەن
ئێستا دڵێ
بە منداڵی لە کۆڵان و
لە پێڵی یەکەمی قوتابخانە و
لە سەر یەک کورسی فەر بوونا
دارا و زارامان خوێندووە
بە هەرزەیی و
تەمەنی لاوی هاوڕێ یەکتر و
ئاشنای یەکتر و
دوست و
دراوسێی یەکتری بووین
دڵێ ئەو چەندان ساڵە
کەس و کاری زۆر نزیکی منی
دڵێی کوێی هەمان خەزان و
کوێی هەمان گڵاک و
هەمان شار و هەمان دێهاتی منی!
دڵێ ئازیز ترین
ئازیزمی
بەیەکەستی ئەو مەرگە
تراژیدیە کتوپڕت وا وێرانی کردووم!

سەرکەش
ئوپسالای سوید 2019.07.9

میوان ... ستار ئەحمەد

چەپکە تاریکی دەدەم بەسەرما
دەبمە سێبەری چەە هەنارە

هۆلانەی ڕەحت لەسەر لقێکە
دەترسم مەلی خۆزگەت بتارێ
.....
ئاونگی دیدەم بەقەد لاسکەوە
تینووی مژێنی ماچێکی ڕووتە
چەند جوانە ترپەی ناخی دەڕوونم
لەگەڵ ئاوازی شەوانتا جووتە
.....
پاییزەو گەڵا نەرم نەرم دەبارێ
دەبنە کفنی خۆزگەو ئاواتم
من لەنسێی خەم تاسەم چنیوە
بەرەو پرشنگی عەشقی تۆ هاتم
.....
ڕستێك پەپوولەی تەمەن هەوەریو
ئەگریجەی ڕۆژەو دەیدەم بەشانتا
نەبادا زستان سەردانیت بکاو
بەفر ببارێت لەڕۆژی ژوانتا
.....
من وەك دیدەی ڕۆژ هەمیشە لاتم
لاسکێەی خەزان لەخێت ڕاماڵە
بۆنایەی ڕەزی دەم تەی بکەی
بۆ بەستەی حەزت جوانترین ماڵە
.....
تەمەن ڕێبوارە میوانی ڕێیە
دەترسم ڕۆژێك لەتۆ دابڕم
ژینی ژاکاوم لەگەڵ خەم ڕێی
تۆ نەبیت هیچ کەس نابێت بەهاوڕێم

شۆك ... نۆزاد بەندی

شۆك
باران
دەستم ئەگرێ و ..

ئەمبا لەگەڵ خۆی ..

ناهێڵێ
دوو کراسی دەقکراو
لەگەڵ خۆم ببەم
ناهێڵێ گەڕوییەکەم
لە پێ بکەم ..
تەنانەت
ناهێڵێ
خواحافیزیی
لە هیچ کەس بکەم ..
ئێڵێ خراکە ،
بە وا خاو ئێڵێی ؟!!

ئە تەیش
لە گەرمەی خەوای ..
دەرگا و
پەنجەرەی ژوورەکەت ،
کێم دراون ..
ناتوانم بتبینم ..
خەمم بێ نەخەی ..!

Nawazad Bandy

ئەکتەر پۆیستی بەناسین و شارەزایی لە تیرەکانی کەستی هەیە ؟ لەکاتی نواندندا !!

ڕێباز محەمەد جەزا

لەسەرەتادا بەنیاز نەبووم لە م بارەیەوە هیچ بڵێم ، بەڵام هیچ

لەوە ناخۆشترنیە کاتێك دەبینیت هەموان حوکم و بریار لە سەرباشی و خراپی ئەکتەر دەدەن لەکاتێکدا چەندین تیۆری هونەری و دەروناسیانەو فیکری و فەلسەفی و هتد … هەیە بۆناسینی کەسێتی کە پێویستن و ناکرێت بەباش و خراپ و گۆترەکاری ماندوو بونیان رەتبکرێتەوە یان پەسەند بکرێت . ئەمەش بۆ وەرگرو ئەکتەرو دەرهێنەریش مەترسیدارەو لەووی تیۆریەوە و پێویستە هەموان بزانن چۆن مامەڵەدەکەن و لە کوێدا دەتوانن سوود لە تیۆرێکی دیاریکراو وەربگرن لەبەرهەمێکی شانۆییدا یان پێَویستە کە قسەیان لەسەر بکات و کاریان لەگەڵدا بکات ، بۆئەم مەبەستە خوێندنەوەیکی خۆرا دەکەم بۆ کتێبی (نضریات الشخصیە) ی نووسەر "سیمۆن کلاپیە ڤالادۆن " کە " علی المصری " وەری گێراوەو بەرهەمی " المؤسسە الجامعیە للدراسات و النشر والتوزیع " و چاپی دووەمی ساڵی 1993ز

وەکو لە پێشەکیەکەی ئەم کتێبەدا هاتووە وشەی کەسێتی "الشخصیە-personalite " چەمکێکی پەیوەستە بەدەروونناسیەوەو زمانێکی مەحەکییە ودواتر ئەم زاراوەیە وەرگیراوە لە بواری قەزاو ئەدەب و هونەر و لاهووت و هەروەها لەفەلسەفەشدا . بەڵام ئێستا ئەم چەمکە بووەتە هەستێکی هاوبەش لەنێوان زۆرێك لە زانستەکاندا و لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا هەرچەندە مێژوو دەوڵەمەندە بەوەی کە بەخڕایی گۆرانکاری گەورە ڕووەدات لەڕووی واتاوە بەڵام وشەی "PERSONALITE" ی " فەرەنسی" ش ، لەوشەی "PERSONA" لاتینی وە رگیراوە بەواتای "دەمامك –قناع – ڕوپۆش " و لەسەر تەختەی شانۆ بەکارهێندراوە و واتاکانیشی جۆراو جۆر بوون لەوانە : " دامالینی سیفاتە بەشەریەکان لە خودا و نزیکبوونەوە لە بەرجەستەکردن" . وەکو دەروناسەکانیش جەختی لێدەکەنەوە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە کورت ناکرێتەوە بۆ پێناسەیەکی دیاریکراو بەڵام بەمەبەستی ئاشنابوون بە تێگەیشتنە جیاوازەکان نووسەری ئەم کتێبە چەند پێناسەیەکی هەڵبژاردووە لەوانە : "أ. ڤێکسلیارد " دەڵێت : " کەسێتی بونیادێکی یەکگرتووی تەواوە و ڕۆژەییە و پەیوەستە بەزمانەوە بۆ بیرکردنەوە ، کەوا دادەنرێت ئەوە تایبەتمەندی هەرتاکێکە و ڕۆگەیەکە لەشعورو بیرکردنەوەو کردارو پەرچەکرداردا هەیە لە پەیوەست بە هەستەوەرەکانەوە " و ئەو هەوڵە یەکگرتوانەش زۆرن و ئەوەی دەمێنێتەوە مێژوویەکی شایستەیە لە تیۆرەکان و قوتابخانەکان کە هەریەکەیان تێگەیشتن و تێروانێنکیان هەیە بۆ کەسێتی تابە جۆرێکی تایبەت و شێوەیەکی کامڵ و هاوسەنگ ئەدا بکرێن

و بەجۆرێك گشتاندنی بۆبکەن بۆ ئەوەی ببێتە چەمکێکی مەرکەزی و پشکە تووڵە شیکردنەوەو درککردنیدا . ئەگەر هەرتیۆرەیەك بەبەردەوامی چاوەی تیۆری و مەعقول بێت دەستنیشانکردنی دەیگەنێتە ئەوەی پێداویستیەکانی ئیدراك و تێگەیشتنی دەگاتە چارەسەری پزیشکی . ئەمەجگەلە رۆڵی دوانەیی تیۆرو ئەزموون ئەمەش هێندەی دروستە کە فەرمان بکات دەزە مرۆیەکان پێویستیان بە تێبینی و گەڕانەوە هەیە بۆی ئەوەندە شتێکی تر نییە . کە ئەم کتێبە گەشتێکی لەسە رخۆ پانۆرامییە لەم بارەیەوە .

تیۆرە دەروناسیەکان دەربارەی کەس پێمل نەبوون بە وێناکردنی کەمەایەتیانە بەکو توژینەوەو تیۆرەکانی کەس لەگەڵ مژووی بیری فەلسەفیدا یەکانگیرە و "IGNAG MERSON" هات بەشێوەیەکی تازە چنیەتی وەرگرتنی ڕشنبیری و گەشەسەندنە فراوانەکانی ئەدای بیناکردنی چەمکی کەسی کرد بەپێی پەیوەندی مرۆڤ و جۆرەکانی ئەو وێنایەی کە هەرچاخێك و کەمەگەیەك دەربارەی " کەس " دەماندات کەیەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی کەستی ، ئەوەش ڕسای بیناو تایپە وەکو "J.stoetzel" نووسی "فرەییە لە تێگەیشتن و کارەکانی کەس ، کاریگەری دەبێت لەسەر چاودێری هاوچەرخ . لە کاتێکدا لە ڕوانگەی سیینەی شێوەو بوون و تێگەیشتنی کەس لە چاوەی ئەزموونی ڕیشەیدایە ".

هەموو زانستی دەروناسی دەربارەی کەستی داوای ئەوەمان لێدەکات تێبگەین لەمرۆڤ و فەلسەفە دەربارەی کەس و ئەویش هەنگاوەکانی یەکسان دەبێت بە توژینەوەی فەلسەفی دەربارەی کەس کە بە درژایی چاخەکان لای قوبووتەوە ولەم ڕووەوە نمونەیەکی دەرخستنەکانی "مێنتانی " بۆ "کیرگارد" دێنێتەوە کە خودی نە بوون و پەیوەست بوون بە مەعریفەو تیۆرەکانی دەروناسی و فەلسەفە وە ئەی چۆن دەکرێت شانۆ لەمە دابڕین و جیای بکەینەوە لەو میراتە لەکاتێکدا هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆناسینی مرۆڤ و پێشخستنی ژیان و ئەو جیهانەیە کەتیای دەژی؟! گونجاوە دەست بەرداری ژیان بین بۆ ئەو دۆخە ناهەموارەی کە مرۆقی ئەم سەردەمە تیای دەژی؟! بەکورتی چەمکی کەستی لەدەروناسیدا بیناکردنی زانستیانەو پسپۆیانەی خستنەڕووی ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی دەرونی تاکە ئامانجی تیۆرە تازەکانە کە لەم کتێبەدا توژینەوە لەبارەی زۆربەیانەوە کراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکە و سنوردارکراوە بەهەوەشاندنەوەی سەرەتاو توخمەکان و پێکهاتەکانی ، بەڵام ئەوچەمکە فرە واتایەو پەیوەندی سەرسەختی هەیە بە قوتابخانەو هەوڵستی نووسەرەکانەوە لەبەرئەوەی

داشتنەوەو میتادەکانی توژینەوە جیاوازو فرە شێوەن و جیاوازن لە حەقیقەتی تاکدا بەڵام ناکرێت لە چوەی ئەم کتێبە پچوکەدا بە فراوانی تەواوی میتادەکان شیبکرێنەوە بەکو توژەری ئەم کتێبە بەسادەیی سەرنج دەبات بۆ لای پەیوەندیە هۆکاری و پاشکۆیەکان و ئامادەکاریان بۆدەکرێت لەلایەکی ترەوە .

منیش باوەڕم وایە کە شانۆکار بەگشتی و ئەکتەر بەتایبەتی ناکرێت بۆهەموو بەرهەمێك و بۆهەموو کارەکتەرێك یەك جۆر تێگەیشتن و یەك جۆر لێکدانەوەو تێگەیشتنی هەبێت و دەکرێت بەتوژینەوە لەکەستی بگاتە ئەو کارەکتەرەی کە پێویستە لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستە بکرێت . لەبەرەئەوەی خودو ناوەوە لەدەروناسیدا هاوشێوەی ئەو ئەزموونەیە کە ئامانجی جەنگینە لەگەڵ نەکیرەکاندا کە بەبەهانەی ئەوەی زانستی دەروونیەو پەیوەستە بە هوشیاریەوە کەئەمەش گەواهی دانە بەزاراوەیەکی نوێ وەکو " شعوری من " یان " هوشیاری خود" و ... هتد وە لەو ئەژمارو ئامانجەدا هەڵە و وێنەی چاوەڕوانکراو دەستدەکەوێت بە تایبەتی لە پشکنینی کەستیدا و لەو وێنانەدا دەروناسی ئەکادیمی نەهی لەوەدەکات کەناودەبرێت بە کیبیك و ئەزموونگەری و ئەو تێبینە دروستدەکات کەدەتوانین گۆرانکاری بکەین بەمیتادێکی وەرگیراوو بەرهەمهێن . لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زانین دەربارەی ناسینی کەستی گەشەسەندنێکی ڕاستەقینە وبێ بەکار هێنانی پێداویستیەکان ڕێگ گەلێکی تایەبەتی و زۆر هەبوون و لەئەنجامدا دیاردەیەك سەرهەڵدا کە بەپێی پێویستی زیندەوەران بەتەنهاو بە شێوەیەکی دروستکراو نمایشی تیۆرەکان و سەرنجدان و ناساندنی چەمکەکانی ژیانیان سەر ڕێگا دەخست .

لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەدەکات " واتا " لە تیۆرەکانی دەرون ناسیدا ئەوق نادرێت بەکو کەمەڵك لایەنی نزیکی هەیە لە کەستی و ئەگەری خستنە ڕووی یەکبوونی تێروانینەکانی دەروناسی و کەمەناسیە و منیش لێرەدا پەیوەست بە شانۆوە واتادەگەم کە پەیوەندی هەیە بەو پەرزە مادیانەوە کە کە تیۆرەکان کاری لەسەر دەکەن وەکو چۆن لای باربا (نیسبەتە بۆ یۆژینۆ باربا) باسی توژینەوەی ئەنترۆ پلۆژی دەکرێت لەشانۆدا و هەرئەوانیش بوون ڕێرەوکیان بۆشانۆی نوێ کردەوە و توژینەوە لەهەندێك لە و ڕەفتارانە و قوتاربوون لە هەندێك سادەگۆیی و تێگەیشتن لە چەمکەکانی "دڕخ و ڕۆڵ و هەوڵست" هەبوو واتادەگەم ئەم خاڵە زۆرگرنگە کەمن لێرەدا و لەم کتێبەدا بەیانی دەکەم . هەروەکو

(ب. ماینۆڤسکی) دەڵێت : " دیالەکتیکی فرۆیدی پابەندەبە دەزگا

کۆمەڵایەتیەکان کەکەسێتی بینادەکەن"لەنێوان تیۆرەکاندا کۆمەڵێك تێوانینی نوێ زاڵ دەبن لەگەڵ کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی هەچەکی وەکوئەوجەنگانەی کەناوەبرێن بە " جە نگە هەڵگیرساوە سایکۆلۆژیەکان . تۆژینەوەی جۆرەکانی ڕەشنبیری لە سلوکە مرۆییەکانیاندا و ئەوەی لە میراتی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا دەربارەی کەسێتی بەمان ماونەتەوە ، بێ ئاگایانە لە ئەنترۆپۆلۆژیاو ڕەشنبیری و هەکارە دیاریکراوە بیۆلۆژیەکانە. ئەمەش ڕەشنبیری شەتەك دەدات و هەرلەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەدەکات و بەگە دەهێنێتەوە لەبارەی شیانی گۆڕینی بەکارهێنانی وزە هەستیەکان بەپێی چاخ و کۆمەڵگاکان وەکو "ماکلوهان" ئاماژەی بۆکردووە بۆنمونە " جەخت لەسەر گۆڕگرتن لە کۆمەڵگا تەقلیدی و زارەکیەکاندا کە خاوەنی ئەلف و بێ نەبوون ، دەڵێت : چاخی چاپەمەنی سەردەمی گەشەسەندنی هۆشیاری زیاتر و بیرکردنەوەیە ….(لێهان) لەوە هۆاماوە کە کە معدلی گەشەسەندن و هەکارەکانی پەیوەندی وەکو هۆادیۆ و ئۆزگەی بیستن و و سیتسمی فەزاییەکان هەستین و بەخشینی گرنگیە بە گۆڕگرتن و جۆرە کە ئەوەش چاخی مارکۆنیە .

هەموتیۆرەکانی دەروونناسی جەخت لەوەدەکەنەوە ئەزموونی کۆمەڵایەتی گرنگن بێ بیناکردنی من و دەرکەوتنی بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەری منداَلی و نەرمی نواندن و دایکی نایاب و پەیوەندیە خۆزانیەکان و هەروەها پرسەی پەروەردە بە شێوە گشتی و فراوانەکەی ، ئەمە جگەلەوەی شێوازو ژینگەی ژیانکردن و ئیقاعی شوێنێك و کۆمەڵگەیەك بێ کۆمەڵگەکانی تر جیاوازن ، هەرچەندە ئەمانەش پشت بەستوون بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی و کاری کەسی پێگەیشتوو و گونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەدا و ئەمەش لەتیۆرێك بۆیەکێکی تر گۆرانکاری بەسەردا دێت . کەواتە هەڵەیەنمایشێك یان هۆوداوێك یان هەر هەڵوێستێك دابڕین لە پێوەرو پێودانگەجیاوازەکان و بەهەموو کاروبارێك پەنابە ینە بەرتێگەیشتن و هەست و بیروبۆچوونە کەسیەکانی خۆمان و پێویستە لە " پەرۆز –سیاق" ی خۆیدا خوێندنەوەی بۆبکەین و دوورکەوینەوە لە هۆتکردنەوەو پەسەندکردن ، بەکو بگەڕین بەدوای زمانی نوێ و تێگەیشتنی قوڵ و هەستی بەرزو هتد ..

"سندرس" لەم کتێبەیدا توژینەوەیەکی ئەنجامدا بەناونیشانی : (S.Clapier Valladon , "panorama du Culturalisme" Epi 1976) وەکو نووسەر "سیمۆن کۆاپیە" دەڵێت : "ئەم کتێبە گەاندمیەوە بۆ دووبارە ئەزموونکردن و کۆکردنەوە بەرەو شەپۆلی ڕەشنبیریی ئەمریکی

که هەموو وەرچەرخانەکانی بیستی (1920) دەگەیتەوە تا ساڵی (1955) و کاریگەری ئەوانە بە بیری ئەنتریە پیلاجی (فرانز بواس) و زمانەوانی (ئیدوارد ساپیر)دووبارە گەشەوە بە ناویان و بڵاوی(هەندبنەدت) و(میلد) و (لانتۆن) و (کاردینەر) بەناوبانگترینیان و پێویستە پاکژیان بکەینەوە" نووسەر لێرەدا ناوگەلێکی تر دێز دەکات کەمن خۆم بەگرنگم نەزانین دووباریان بکەمەوە لەبەر ئەوەی نامەوێت لەدێزە بنەڕەتیەکە دووربکەومەوە و بیرکردنەوەم لە دێزەجیاوازەکان بە جۆرێکە کە ئارەزووی ناوی زۆرناکەم تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت . نووسەر پاش ئەو ناوە زۆرانە دێتە سەرباسی(ڕێپ بندیکت) کە هاتووە بانگەشەی بێ چەمکی (ئایدیاڵ) ی یرشنبیری کردووە . وەکو تایپێکی ژیانی تایبەت بە هەرکەمەگەیەك و لێروانینی وەکو ئامانج و ووونکردنەوەی پانەرە تایبەتیەکانی هەر ڕشنبیریەك و ووونکردنەوەی پێوەرو ئاراستە ئەنتلجیەکانی تایبەت بەو دەروناسیە و جیاکردنەوەی نمونەی گەورەی ژیان : نمونەیەکی شەهوانی و ڕشنبیریانە دووڕووی ئەو ژیانەن و نوێنەری هەندێك لە فەلسەفەکانن دەربارەی کەس . ئەوانیش پێناسەدەدەن دەربارەی کەسێتی پەسەندکراولەڕووی کەمەایەتی و پشتگیری هەر ژیارێك بێ تاکەکانی و ئەو مەوادو کەرەستە خاوانەی کە پشت دەبەستن بە بیناکردنی ژیان و ێگەدان بە هەرگروپێکی مرۆیی کەوا پارچەیەك لە کەوانەی سلوکی مرۆیی شیاو دابێت و هەتا بێ بەرزکردنەوەی بەهاکەی و دوورکەوتنەوە لە دەربڕین و بەهاو ابوونەکانی .

بندکیت دەمانبەستێتەوە بە بەچەمکی نوێی ئەم چاخەوە " بەنایابی و لادانەکانیە" وە لەهەمانکاتدا جەخت دەکاتە سەر فرە جۆری ڕشنبیری گەورەو مردنی مرۆڤەکانی و گەانەوە بێ چەمکی نەرمی " المرونە" ی مرۆیی و گونجاندنی زیادەوەیی تاادەی ئەمەی ئێستا . ئەو لیونە لێکەریشە بێ ئەو ئاەزیە و بەراوردکاریەکانی و کێکردنەوەی کارو اهێنانەکانی لەکاتی گەیشتن بە تایپەکانی کەسێتی و ئەو بەشە زۆرەی کەلە کەمەگە نوێیەکانماندا هەن . دواتر "سیمۆن کاپیە" دێتە سەرباسی (ئەبراهام کادینەر 1891-1978) کەتیۆرێکی هەیە بەکەسێتی و هەوێکی زێندووە و باس لە ژیانی دەرونی و ڕشنبیریی کەسێتی دەکات و زۆربەکورتی کارەکانی کاردینەر لە سەربنەمای تیۆرەکانی کەسیًتی بە دوولایەن دەخەینە ڕوو :

– کەسێتی وەکو سەرچاوەیەکی زیندووی ڕشنبیریی .

– من وەکو ئەوەی دەکەوێتە ناو ئەو ڕشنبیرییەوە .

کارەکانی کاردینەر لەدەزگاکەمەڵایەتیەکاندا واتایەکی زۆر بەرفراوانی هەیە و کێشەی تیایە لە پاڵ لایەنە شکێیەکانی ڕێکخستنی ئامێرە کەمەڵایەتیەکان و جیاکاری بنەڕەتی لە لای ئەو " مەبەست کاردینەرە " دەکەوێتە نێوان دەزگایەکەمین و لاوەکیەکانەوە . کە ئەو دەزگایەکەمینانە پێشینەی مێژوویی دەبەخشنە تاك لەمندااڵیەوە بەڵام بەشێوەیەکە کە کارلێك لەگەڵ کەسێتیدا دەکەن بەڵام دەزگالاوەکیەکان بەرئەنجامی کاریگەری یەکەمینە لەسەر تاك. کەس چاوگی ئەو دەزگا لاوەکیانەیە وەکو ئەنزیمەی دینی و فۆکلۆرو تەکنیکی فکریی و ئایدۆلۆژیی و …هتد لێرەدا نواندنی وەڵامەکان و بەدیلەکانی کەسێتی بەڵای کاردینەر گەڵانە بەناو توێژینەوەی بونیادی "مـن" ی هاوبەش لەگەڵ تاکەکانی کەمەگا و بەرهەمهێنەرەکانی لەگەل یەکەمین میراتی ئەو بونیادە کە ڕیشەکەی لەویوە دێتە ناو دەزگا لاوەکیەکان .

لەگەڵ ناوەڕۆك و مەبەستی فیلمەکەدا یەکناگرنەوە. بۆ نموونە ئەو فیشقیات و تەشقەڵانەی کە لەگەڵ باوك و هاوڕێکانیدا دەیکات لە ڕووی ماناوە هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر فیلمەکە و ڕۆڵی کاریگەر لە ئاڵاستەی ڕووداوەکاندا ناگێڕێت. لەڕاستیدا ئەمە تەنیا ڕۆڵەکەی هیوا نییە کە بەمشێوەیەیە، بەڵکو کۆمیدی بوونی دایك و باوکی هیوا و تەواوی کۆمیدیای فیلمەکە لە پێناو کۆمیدی بووندایە.

کۆمیدیا لە هونەردا هەگەزێکە کە ئەکرێت زۆر
شتی پێ بوترێت و زۆر شتی لێوە دروستکرێت. بەڵام لەم فیلمەدا کۆمیدیا قسەی قۆ
و فڕتە فڕتە. هەر بۆ نموونە ئەوکاتەی مام بورهان ئەڵێت (ئەوە تۆ منیت یان
من تۆم). ئەم ڕستەیە کە مانایەکی فیکری و فەلسەفی هەیە لە کۆنتێکستی ئەم
فیلمەدا هیچ ئیش ناکات. سەرباری پاسیڤبوونی هەگەزی کۆمیدی، زیادەڕۆیی زۆریشی تێدا
کراوە کە لەگەڵ واقیعیەتی فیلمەکەدا یەکناگرێتەوە. دیمەنی گۆستانەکە
ئەوکاتەی شۆرزاد دەنۆژرێت، یاخود لە دیمەنی ئاهەنگەکەدا قسە بۆ سەر و بەرەکانی
مام بورهان و هیوای کوڕی زیاترە لەوەی کە ئەو دێخە ئەیخوازێت. بە کورتی کارەکتەری
هیوا خاوەن هیچ قوڵایی و کاریگەریەك نییە لە پەیکەری دێدا. ئەوە تەنیا هیوا
نییە کە بەزۆر خراوەتە چیرۆکەکەوە، خوشکەکەی هەڤاستیش ئەرکێکی زۆر کەم
و بێسودی بە بەراوورد بە دەرکەوتنی هەیە. ئەم کچە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی
خراوەتە خزمەت هەڤاستەوە و چاودێرێکی بێدەنگی ئەو پەیوەندییەیە بەبێ ئەوەی
هیچ بزانین لەبارەی خۆیەوە! یاخود دایکی کەویار، لیبێکێك کە لە هیچ جێگەیەکدا
کەمترین بەرگری لە کچەکەی ناکات! هەروەها جێکردنەوەی کارەکتەرەکانی بەیان
بۆمبا و دایکی شۆرزادیش جگە لە مەبەستی زیادکردنی بینەر هیچ بەهانەیەکی لۆژیکی
نییە بۆ ئامادەییان.

کێشەی سەرەکی ئەم سیناریۆیە جگە لە زۆر و
بڕی کارەکتەرەکان، بەکارهێنانی خراپی هەگەزی تراژیدی و کۆمیدی
پێکەوە. کێشەکە
هەر لە سەرەتاوە لەوێدا دروست ئەبێت کە شوان هیچ تێگەیشتنێکی
سەرەتایی بۆ
ئەم دوو هەگەزە نییە. نازانێت چۆن و کەی و لە کوێدا پێویستە
کارەکتەرەکانی
غەمگین یان شادمان بن، کەشی فیلمەکەی میلانکۆلی یان خۆشی ئامێز
بێت. وەك دیارە
هیچ تێگەیشتن و پلانێکی پێشوەختەی بۆ ئەم کردەوانە و ساتی
دەرکەوتنیان نییە.
لەئاستیشدا دەرهێنەری فیلمێکی بازرگانی نابێت چاوەڕێی ئەم ئاستە
لەبیرکردنەوەی
لێبکرێت. بەڵام کێشەکە لەوێدایە، شوان نەیتوانیوە تەمسیل و ڕیتمی
فیلمەکەی
بە نەرمی لەنێوا گریان و پێکەنین و بارە دەروونیەکاندا بجوڵێنێت.
بیربکەنەوە
لە دیمەنی گۆشت برژاندنەکە، کەویار چەند بۆڵێ لەو دونیا
بەرینەدا دەکەوێتە
دەروونی تەنگ و تاری خۆیەوە. یاخود هیوا کە لە جێگەیەکدا بەجێرك
پێدەکەنێت
و مێن دەبێتەوە سەر لە بینەر دەشوێنێت کە ڕوون نییە خۆشحاڵە یان
بێتاقەتە!
ئەم کەموکورتیانەی مۆنتاژ و دەرهێنان لە زۆر جێگەی فیلمەکەدا
دەرکەوێت کە
ناتوانێت پارێزگاری لە ڕیتم و هەگەز بکات.

گرێی فیلمەکە لە ململانێی دەروونی شەرزادەوە
بەرامبەر هەوەست دروست دەبێت، لەوکاتەوەی هەوەست و کەویار
هەموو جارێك،
ئەزمەڕ و گۆیژە وەکو شوێنی ژوانەکانیان هەدەبژێرن! خۆزانێك کە
هەر لە مناڵیەوە
ڕێگری لە کچەکەیان بکەن پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەبێت، سەیرە کە
کچەکەیان
ئەوەندە ئاسان ئەتوانێت هەموو جارێك بۆ یاختربن شوێن لەگەڵ ئەو
کوڕەدا بچێت.
ئەمە لاوازی دەرهێنانە کە جارێك شوێنی بەرکەوتنیانی نەگرتیوە. ئەم

ململانێ
و ڕۆگریەی شەرزاد بە بوونی باوکی کەویار ئەگەڕێت بۆ ترازانێکی کۆمەڵایەتی و دەرەئەنجام
هەوڵست و کەویار جیا ئەبنەوە و کەویار کە دیار نییە چۆن، ئازیدەبێت بە زەواجکردنی
لەگەڵ شەرزاد. ئەمە ئەو بازەیە کە نەدەبوو بەسەر چیرۆکەکەدا بدرایە.
دواتر و دوای مردنی شەرزاد، بەبێ حسابکردن بۆ ڕۆگر و بەربەستی سەرەکی کە باوکی
کەویارە، ئەو دوو عاشقە جارێکی تر لەیەکتر نزیك ئەبنەوە!

_____

(١)

/https://www.facebook.com/peykeridll/videos/2286177331605536
-_____

ماویەتی…

جوانییەکانی دونێ لە کۆمەڵەشیعری ئاونەکانی منداڵی هوردوهەڵبوون

سەدیق سەعید

وانزی

بگومان، سروشتی فیزیکییانەی ژیانە کە دەبێ مرۆڤەکان قۆناغەکانی ژیانییان لە منداڵییەوە ببڕن تا پیرێتی و سەرەنجام مردنیش.ئەوشەوە دینامیکیەی ژیان، ڕۆگایەکە نە بە ئارەزووی ئەمە دەوات، نە بە ئارەزووی ئەمەش ئاراستەکەی دەگۆڕێت. بەیە بەوام وایە ئەگەر مرۆڤەکان بیان بکرایە بگەڕێنەوە منداڵی، ئەوا

هەموویان گەورەییان جێدەهێشت. بیرم ناکەوێتەوە کێیە گوتویەتی:(مرۆڤەکان کە منداڵان حەزدەکەن گەورەبن، کە گەورەش بوون، خۆزگە دەخوازن منداڵ ببنەوە، خەونی منداڵەکان دێتە دی و گەورە دەبن، وەڵێ هەرگیزاو هەرگیز خەونی گەورەکان نایەتە دی و جارێکی دیکە منداڵ نابنەوە). دیارە تەمەنی منداڵی کە هێمای ژیانێکی پاك و سادە و جوانە، لای هەموو مرۆڤێك جوانی و بەهای تایبەتی [illegible].

بەو پێیەی مرۆڤ لە منداڵیدا هێشتا بە وەیشوومەکانی ژیانی گەورەیی ئاشنا نەبووە و هەرتەنها چەند خەونێکی بچووکی هەیە کەلە یاریکردنێکی سادەدا بەرجەستە دەبن. وەڵێ کاتێ گەورەبوو، گرفت و خەونەکانیش لە گەیدا گەورە دەبن، دەرەنجامیش بەر ژیانێك دەکەوێت، کە ئەنگە هەرگیزا و هەرگیز ویستی نەبووبێت. لەگەڵ شیعری (ئاوێنەکانی منداڵی هوردوهەابوون) ئێمە تاسەی قووڵی مرۆڤێك لە گەڵانەوەی بێ منداڵی دەبینین، کە هەموو خۆزگەیەکی بە ژیانی ئەو کات هەڵواسیوە و گەورەبوون وەك هێمای ژیانێکی ئازو پێ لە ویشوومە دەبینێت.

بە تایبەتیش لە زەمەنی ئێستادا، کە خەریکە تەکنەلۆژیا مرۆڤەکان لە سیمای مرۆڤانەی خۆیان دادەماڵێت. گەڵانەوە بێ منداڵی، پانتایەکی گەورەی لە شیعری ئیسماعیل بەرزنجی بە گشتی وئەو کەمەڵە شیعرەش گرتووە. بەڵام ئەو گەڵانەوەیە بێ منداڵی، جیاوازە لە گەڵانەوەی بەشێکی زۆری شاعیرانی ئێمە کە خەونی منداڵی لە چوونە قوتابخانە و یاری کێڵان وجەژن چەند دیاردەیەکی تردەبینەنەوە.

بەدەربڕینێکی تر، گەڵانەوەی بەرزنجی، گەڵانەوەیەکی خودگەرایانە نییە کە لەگەیەوە منداڵی خۆی بە بیرئێمە بێنێتەوە، بەکو گەڵانەوەیەکی سەربژێکتییە کە لە پەراوێزییەوە سیمای کەمەڵایەتییەکانی ژیانی دوێنێی کەمەلگای کوردی دەبینین. گەڵانەوەی بەرزنجی بەو قووڵییە لەو کەمەڵە شیعرەدا، بێ بیر هێنانەوە نییە، بەکو گەڵانەوەیەکە کە لە پەراوێزییەوە مرۆڤ سیمای ژیانی ئازو بێ بەهای ئێستا، بەراورد بکات بە سیمای ژیانی دوێنێ و جوانییەکانی ژیانی دوێنێ. ئێمە نابێ ئەوەمان بیربچێت کە هەموومان منداڵیمان دیوە و هەزاران یادگاری و بیرەوەری ئەو ئازانەمان لە خەیاڵدا ماوە، ئەو ئازگارانە بێ ئێمە خۆمان گوزارشت لە ژیان دەکەن نەك بێ کەسکی تر، بۆیە ئەگەر گەڵانەوە بێ منداڵی کورت بکەینەوە لە هەندێك خەسڵەتی منارانەی وەك چوونە قوتابخانە و یاریکردن وەك ئەوەی بەشێك لە شاعیران تری گەیشتوون، ئەوا هەموومان دەتوانین بگەڕینەوە بێ قۆناغی منداڵی و لە تێکستێکدا

نماییشی ئەو زەمەنە بکەین. بۆ من جیاوزکەوتنەوەی بەرزنجی وەکو شاعیرێك لەگەڵ ئەوانیتر لێرەدایە. چونکە بەرزنجی کە دەگەڵتەوە منداڵی، دەگەڵتەوەلای(هەرەلەیلەی شەمال سائیب و مۆسیقای چەمی ڕزان وقەڵەمی شیفەرو مستەفا پەژارو پیربال مەحمود و سینگ کوتانی ژنان لە سەر قەبران و ئامێری گێرەکردن)و دەیان دیاردە و بابەتی تریش.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، بەرزنجی بۆچی لە پەراوێزی گەڵانەوە بۆ منداڵی باسی ئەوانە دەکات و بەبیر ئێمەی خوێنەران بە گشتی و هەوڵێریەکانی بە تایبەتی دێنێتەوە؟بەرلەوەی لەسەر ئەو ڕوانینەی شاعیر وەکو خوێنەرێك بوەستین، دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم کە مرۆڤی ئەو چەرخە و بەرزنجیش وەك یەکێك لەوان بۆچی هێندە تامەزرۆی گەڵانەوەن بۆ منداڵی؟ لە کاتێکدا دۆنیاشن ئەمە جگە لە خەیاڵ و وەهمێك هیچی ترنییە؟ نکۆی لەوە ناکرێت تا ژیان بەرەو پێش بچێت، ئاَلۆزیش دەبێت. ئێمە ئێستا لە زەمەنێکدا ئەژین، کە زەمەنی خودگەرایی و کاڵبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بە بەهابوونی جوانییەکانی ژیانە.

لە زەمەنێکدا ئەژین، کە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و ئەو بەریەککەوتنەی مرۆڤ و مادەرنە، هەموو ئەو سیما کۆمەڵایەتییانەی ژیانی مرۆڤەکانی لە دۆنێدا لە جوانی و میهرەبانی و بەخشندەیی پێ دەناسرایەوە،بوونیان نەماوە. مرۆڤی ئەو سەردەمە بۆخۆی دەژیت.

ئەو تایبتمەندییە لە ژیانی مرۆڤی کورددا، هۆگێکی کولتووری و سۆسیۆلۆژی درۆژی نییە وەك ئەوەی مرۆڤێکی خرائاوایی هەرلە سەرەتاوە لە سەر بنەمای ژیانی خودی و تاکەکەسی خۆی پەروەردە دەکرێت، بەکو ئەو تەنهایە کوشندەیە و ئەو دابڕانە کۆمەڵایەتی و خودیەی ژیانی ئێمە، بەرمەبنای ئاڵزبوونی ژیان و دیاردە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمن. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشێك لە سیما سەرەکییەکانی ژیانی خۆی دەزانێت، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لە گەڵ ئەوانیتردا پەروەردە کراوە و گەورەبووە وژیاوە. کاتێ ئەو پەیوەندییانەش نەمان، ئیدی لە ئاستی بووندا هەست بە نامۆبوونکی قووڵ دەکات. ئێمە نابێ ئەوەمان بیربچێت کە یەکێك لەو هۆکارانەی وادەکات مرۆڤی کورد بگەڕێتەوە ڕابردوو، ئەو پەیوەندییانە بووە.

بە تێڕوانینی مرۆڤی کورد لە ئێستادا، ئەگەر جوانییەك هەبوو بێت،

ئەگەر پیرەزیی و چۆکی ژیان هەبووبێت(کەلەئاستیشدا وایە)ئەوا لە دونیا دابووە. بۆیە بەردەوام ئارەزوویی گەنەوە دەکات بۆ ئاوردوو،ئەگەرچی دنیاشە لەوەی کە ئەو گەنەوەیە، ناتوانێت ژیانی ئەو لە ئستادا بگێڕێت.لە تێوانینی زربەی هەرە زری مرۆڤەکاندا، ئستای ژیان، هەمایە بۆ ژیانکی بۆ ماناو بۆ بەهای دوور لە هەموو ئەو سیما جوانانەی لە ژیانی دونیدا بینیویەتی.

بۆیەشە بۆای وایە ئەگەر جوانییەك هەبووبێت لە ژیاندا، ئەوا لە ئاردوو بە جماە. لە کۆمەڵە شیعری(ئاونەکانی منداڵی هوردو هەئابوون)ئاردوو بە گشتی و منداڵیش بە تایبەتی ەنگدانەوەیەکی قووڵیان هەیە. بەرزنجی بە تاسەیەك دەگەڕێتەوە جوانییەکانی دونیە ، کە هەموو وێنە و دەربڕینە شیعرییەکان جرك لە هەستکی غەمگینی بە مرۆق دەبەخشن لە کاتی خوێنەوەیان. بە دەربڕینکی تر، ئەمە کاتێ ئەو شیعرانە دەخوێنینەوە، هەر تەنها خەونی گەنەوەی شاعیرك بۆ ئاردوو نابینین، بەکو لە گەیشدا ئاردووی خمان و منداڵی خمان دێتەوە خەیاڵ و هاوشوەی شاعیر غەمگین دەبین.ئەو گەنەوەیەی بەرزنجی شاعیر بۆ ئاردوو، هەر تەنها پەیوەست نییە بە جوانییەکانی دونیە، بەکو پاێنەری سەرەکی هەاتنە لە ئستا کە بە هەموو پوەرك هەگری ژیانکی ئاێزو بۆ مانایە. بەرزنجی کە دەگەێتەوە ئاردوو، دنیایە و دەزانێت کە ئەمە جگە لەوەهمك ، هیچی تر نییە.

وەڵ بەڵای ئەو، گەنەوە بۆ زەمەنی ئەوکات، زر لەوە ئاسوودەترە کە مرۆق لە ئستادا بژیت. ئاردوو، هەمایە بۆ ژیانك کە بەهەموو سیماکانییەوە نەك هەر جیاوازتر بوو لە ژیانی ئستا، بەکو جوانتریش بوو. بۆیە بەرزنجی کاتێ دەگەێتەوە ئاردوو، پەیامی ئەو لەو گەنەوەیەدا، هاوتاکردن و بەراوردکردنی ژیانی ئستایە بە دونیە لە هەموو ووەکانەوە. بەرزنجی لەو گەنەوەیەدا، مەبەستیەتی بە خوێنەرب سەرنج لە جوانیی و شکەمەندیی و پیرزییەکانی دونیە بدەن. سەرنج لە ژیانی سادە و ساکاری ئاردوو بدەن، ئەو سیمبولانەی بەرزنجی لە شیعرەکانیدا وەك ئاماژەیەك بۆ ئاردوو باسیان دەکات، دەلالەت لە جوانی و پیرزییەکانی سەردەمك دەکەن. بەرزنجی لەوێنەیەکی شیعریدا دەێت:

بیری هەرە لەیلێ وبووکی تازە و
کیژرە ئەسمەرێ و یاردیلێ دەکەم..

شاعیر لرەدا، دەگەێتەوە سەردەمك کە ئەو هونەرمەندانە، دەنگی دیارو بە چژی هونەری ئەو سەردەمەبوون. ئەو سەردەمەی هونەری

گرانی،جوانی و چژکی تدابوو، وەك ئستا گرانی کوردی بە بازاری نەبووبوو، تا ئەو ادەیەی هیچ نەتەوەیەك لە دنیادا، هندەی ئمە لەو هەرمە بچووکەدا گرانیبژی هەبت! شەمال سائیب و فواد ئەحمەد، کە ئستاش بە تاسەوە گو لە گرانیەکانییان دەگرین، گوزارشت لە هونەرکی پ لە چژو جوانی دەکەن. همانە بە سەردەمك کە گرانی وتن بەها و جوانی خی هەبوو، ئستا بەو هەموو لە شکرە گانیبژەوە، ناتوانن تاسەی بەرزنجی و من و هەزارانی دیکەش بشکنن.گەانەوە بە هەرە لەیە، گەانەوەیە بە زەمەنك کە هونەر بەشك بوو لە سیمای نەتەوایەتی و جوانییەکانی ژیان لەو سەردەمدا.

ئەوە ئەو جوانییە وا لە شاعیر دەکات سەدان گانیبژی ئستا لە بیربکات و بگەتەوە لای هەرە لەیلی شەمال سائیب.بەرزنجی شاعیر لە گەانەوەی بە ابردوودا، لە پا نیشاندانی هەر ونەیەکی ابردوو، لەئستادا اماندەگرت، گەانەوە بە ئەو هەموو ناو و دیاردە و شون و جگە و ووداو بە سەرهاتەکان، گەانەوەیەکە کە ژیانی ئستا بەراوردی دونە بکەین و لە پایشیدا بجوانییەکان بگەین. بەرزنجی لەو دەقەیدا، پانەامای ژیان لە شوەی شریتی فلمکی سینەمایی دنتەوە بەرچاو. کە ونەکانی هەر چەندە کن و تەلخ بوونە،وەل هشتا جوانن. بەرزنجی شاعیرلەو گەانەوەیەدا، هەموو سیماکانی ژیانی دونە، بە گەلك ئامرازو خەسەت دەبینت. تەنانەت باسی لە گرەکردن و مدللەکانی قوماش و سیمای پر شکمەندیی و بەریئانەی مرقەکان و ژیانی پشمەرگایەتیش دەکات. تا ئەو ادەیەی خونەر یەك بە یەك ئەو دیمەنانەی دنەوە بەرچاو، لە خەیالی خیدا ونایان دەکات.بەرزنجی لەونەیەکی دیکەی شیعریدا دەت:_

بیری کتبخانەی خمالی..
تامانەکانی جەودت ناجی و
شەپقە جوانەکەی ئەحمەد ئاکدەکەم.

شاعیرە لرەدا، س سیمای سەرەکی ژیان ئەو کات لەوکەسایەتی و شونانە بەرجەستە دەکات. ئەو کەسایەتییانە، دەلالەت لە بوونی دیاردەکانی زەمەنك دەکەن کە لە ابردوودا بوونیان هەبووە. کتبخانەی خمالی، بە تەنها هما نییە بە کتبخانەیەك، بەکو نیشاندانی زەمەنکە کە کتب و خوندنەوە و خونەری کتب، ئەو پەی بەهایان هەبوو. من لە بیرەوەری چەندین کەسایەتی هەولریدا ئەوەم خوندتەوە، کە زەمەنك خەکی هەولر لە بەردەم

کتێبخانەکاندا، ڕێزیان دەبەست بۆ کەینی گۆڤارو ڕۆژنامە، بە تاسەوە چاوەڕوانی هاوکاری و بەیانیان دەکرد.

بە هەموو پلەوڕێك لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەدا، خوێندنەوە و خوێنەری کتێب زۆرتر بوو لە زەمەنی ئێستا، بەرزنجی لە ڕووگەی ئەو کتێبخانەوە، دەمانگەیەنێتەوە سەردەمی خوێندەواریی و پیرۆزی کتێب،سەردەمێك کە خوێندنەوە بەشێك بوو لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان،تەنامانەکانی جەودەت ناجی و شەپقەکەی ئەحمەد ئاکۆش، گوزارشت لە مرۆڤی بەویقارو بیرکەرەوە دەکەن.

ئەو مرۆڤانە، نموونەی ئەو هەندە مرۆیەن کە لە زەمەنی ڕابردووا بوونیان هەبوو. زەمەنێك کە مرۆڤ پایە و پیرۆزی و پێگەی کەمەایەتی و پیشەییانەی بەرزی هەبوو، زەمەنێك کاتێ قوتابییەکان مامۆستاکانی خۆیان دەدیت، شەرم دایدەگرتن وخۆیان حەشاردەدا.چونکە مامۆستا ئەوەندە کارەکتەرێکی گەورە وپیرۆز بوو. بەڵام لە ئێستادا، مرۆڤ نەك تەنها بوونەوەرێکی گەورە و نزلگیراونییە، بگرە هەموو ڕۆژێك شکۆشی دەشکێنرێت لەلایەن هاوەگەزەکەیەوە.

مرۆڤی ئەو سەردەمەی ئێمە، کوا بیردەکاتەوە!کوا کتێب دەخوێنێتەوە! مرۆڤێك هەموو ژیانی ڕۆژانەی لە نوێچات و فەیسبووك و پۆبجی و بەندبۆژەکان بەرێتە سەر، چۆن دەتوانێت وەك جەودەت ناجی ڕابمێنێت؟چۆن سەلیقەی ئەوەی هەیە وەك ئەحمەد ئاکۆ شیکپیش و ڕۆکپیش بێت؟ ئەوانەی ڕادەمێنن و هەڵوەستە دەکەن، بیر دەکەنەوە، کەسانی ئەقڵانین.بەرزنجی لە ڕۆگەی ئەو وێناکردنانەوە، دەمانگەیێتەوە ئەو سەردەمەی کە ژیان بەهاو پیرۆزی هەبوو. کە مرۆڤەکان نموونەی ویقارو ڕێزوخۆشەویستی بوون. سەردەمێك کە تەنها سێزو خۆشەویستی و پەیوەندییەکی ڕوحییانە مرۆڤەکانی بە یەکتری دەبەستەوە، نەك بەرژەوەندی تایبەتی و کەسی. بە هەموو پلەوڕێك ئەو خەسڵەتانەی لە ژیانی دوێنێی مرۆڤەکان هەبوو، ئەمڕۆ بوونیان نەماوە. بگومان هەموومان دەزانین کە ژیان پشدەکەوێت و قۆناغەکان دەگۆڕێن،ئەوە ئاسایە و یاسای دینامیکییانەی ژیانە، بەڵام ئەوەی لەو نوێوەندەدا دەبێ شکۆ و پیرۆزی خۆی بمێنێت، ژیانی کەسەکانە.

گۆڕانکارییەکان، دەبێ بەرمەبنای جوانترکردنی ژیان و خۆشبەختکردنی زیاتری کەسەکان بێت، نەك لە ئاستی ڕوحی و دەروونیدا بیانووخێنێت.چ دیاردەیەك وەك تەکنەلۆژیا لە ئێستادا ژیانی ئێمەی ئاڵۆزو بێ بەهاکردووە؟چۆن بۆتە هۆکاری تێکدانی شیرازەی

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا؟ مرۆڤی ئەو سەردەمەی ئێمە لە کوردستاندا، هەموو شتێکی هەیە بەختەوەری نییە، بە پێچەوانەی دونیا کە مرۆڤەکان هیچیان نەبوو، سادە و ساکار دەژیان، بەڵام بە ختەوەربوون.بەرزنجی لە نیشاندنی سیماکانی ئابردووودا، ناشرینییەکانی ئێستامان دنیاتە بەرچاو، وامان لێدەکەت کە ئاخ بێ ژیانێك هەبکەشین کە جارێکی تردووبارە نابێتەوە.شاعیر لەو دەقەیدا، دەگەڕێتەوە سەر هەموو دیاردەکانی ژیانی ئابردووی ئێمە.یەك بە یەك دیمەنەکان دنیاتەوە بەرچاو. تا ئەو ئادەیەی خوێنەر کە دەقەکە دەخوێنێتەوە، واهەست دەکات لەهەمان ئەو زەمەنەی ئابردوو دەژیت، چونکە ئەوەندە قووڵ بە دیمەنەکانی ژیانی دونیا گرتمان دەداتەوە.شاعیر لە گەڵانەوە بۆ ئابردوو بەردەوام دەبێت و ئەمجارەیان دەڵێت:_

بیری بارانی سەرپەڵە و..
تکە تکە دڵۆپە و..
باگوردان گڕان و
دووکەڵی سۆبای دار دەکەم..

شاعیر لە خستە ڕووی ئەم ئامرازو وێنانەدا،شێوەژیانی کۆمەڵایەتی وئەندازەسازیی و بیناسازیی مرۆڤی کورد لە ئابردووودا دەخاتە بەرچاو. لەئابردووودا، ڕوخێکی گەرم لە نێو ئەو خانووە قوڕینانە هەبوو، مرۆڤگەلێك لەو خانووانە دەژیان، کە ژیانیان تەژی بوو لە خۆشەویستی و میهرەبانی. ئێستا وەرای ئەو هەموو ئاپرتمان و خانووە سەرنجراکێش و نەخشێنراوانەی بەردی مەرمەڕ، هیچ چێژێك لە ژیانکردن نابینین. ئەم خانووانە، وەك ئەوە وایە مرۆڤی مردوو لە نێویدا بژیت.خانووەکانمان گەورە و فراوان بوونە، بەڵام دڵ و ڕوحمان بچووك بوونەتەوە، ئەو دەمانەی تکە تکی دڵۆپە دەهات و بە باگوردان سەرخانووەکانمان دەگڕا، چێژێکی دیکەمان لە زستان دەدیت، پەیوەندییەکی ترمان لە گەڵ سروشت و دەوروبەر هەبوو. گوندەکانی کوردستان لە ئابردووودا، هەمای بیناسازیی کوردەواری و نەخشەی ئەندازەیی ئەقڵی کوردی بوون، ئێستا هەمان ئەو گوندانە نەك مۆکی هەسەنی گوندێکی کوردەواریان لە دەستداوە،بگرە کاتێ سەردانیان دەکەین هەر واهەست دەکەین لە شارێکی بچووکداین.

چونکە هیچ مۆك و سیمایەکی هەسەنی کوردەواری لەو گوندانەدا نەماوە. کێ ئێستا باگوردان لە گوند بەکاردێنێت؟ کێ ئاو ڕشێنی خۆی ژەر کە پرکی بەرخانووکی قوڕین دەکات کە بۆنی خۆڵ و بۆنی ڕەحان کاست بکەن؟ئەم دیمەنانەی دونیا لە گوند دەماندیت، کوا لە

ئەستادا بوونیان ماوە. لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی ژیانی ئەمە وەکو دۆنۆ نەماوەتەوە. هەمووی کەوتۆتە ژێر کاریگەریەتی و هەژموونی دنیای نوێ و تەکنەلۆژیا و مۆدێرنە. دنیایەك کە مرۆڤەکانی لە قاوغی خۆیدا قەتیس کردووە و کردوونی بە ڕەبۆتێکی قسەکەر. زۆربە دەگمەن ئەو خەسڵەتە جوانانەی مرۆڤەکان دەبینین کە لە ڕابردوودا هەبوون. بەرزنجی شاعیر کە بە کەڵك خەم و دنیایەك ئاخ و تاسەی قووڵەوە بیری ئەو هەموو جوانیانەی دۆنۆ دەکات، مەبەستیەتی لە ئێستایەك هەبێت کە هەمای ژیانێکی ناشرین و بێ مانایە بێ هەمووان ئەگەر خۆمان فریو نەدەین. شاعیر دوای ئەوەی هەموجوانییەکانی دۆنۆ دۆنێتەوە بیرخۆی، دواجار نزا لە خوادەکات و دەڵێت:_

ئەی خودای ئەڤین و جوانی..
حەوت ساڵان لە جێگەم بخە..
زمانم لە گێ بخە.
بەس بیرم لێ مەسێنە..

بێگومان، مرۆڤ لە ڕێگەی بیرەوە درك دەکات و بیردەکاتەوە، ئەوکاتەی بیرلەکاردەکەوێت، مرۆڤ توانای ژیانکردن و بیرکردنەوەی نامێنێت، ئەگەر هەموو ئەندامەکانی جەستەشی ساغ بن. شاعیر تەنها لە ڕێگەی ئەوبیرەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە جوانییەکانی دۆنۆ و یادگارییەکانی ڕابردوو. ئەو دەزانێت تازە گەڕانەوە بێ ئەو ڕێژانە بەجەستە مەحاڵە، بۆیە تاکە شتێك کە بتوانێت بە هۆیەوە بیر لەجوانییەکانی دۆنۆ بکاتەوە ئەوەیە، کە تەنها بە خەیاڵ و بیرکردنەوە بگەڕێتەوە ڕابردوو. بۆیە شاعیر نزا دەکات خودا ئەو بیرەی لە کار نەخات و نەیخافڵێنێ، بێ ئەوەی بتوانێت بیر لە ڕابردووێك بکاتەوە کەلای ئەو هەمای ژیانێکی زەرجوان و پڕبە هایە. شاعیر بەلایەوە ئاسایی خودا لە پەلوپۆی بخات و بیخاتە نێوجێگەوە، لە بەرامبەر ئەوەی تەنها نەخافلێت و بتوانێت بیر لە ڕابردوو بکاتەوە.

چونکە تەنها بیرکردنەوە لەو زەمەنە، لە ئێستایەکی ئاڵوزو ناشریندا ڕزگاریدەکات. کە بیرکردنەوە نەما،ناتوانێت جوانییەکانی دۆنۆ و یادگارییەکانی ڕابردوو،بێنێتەوە بەرچاوی خۆی. گەڕانەوەی بەرزنجی شاعیر بەو تاسە قووڵەوە بێ ڕابردوو، گەڕانەوەیەك نییە سادە و ڕاگوزەر وەك ئەوەی لە بەشێکی زۆری شیعری شاعیرانی تردەیبینین و بەزمانێکی میللییانە باسی دەکەن! گەڕانەوەی ئەو بێ ڕابردوو، گەڕانەوەیەکە بێ زەمەنێك کە پرسیارمان لادروست دەکات.

شاعیر لە ڕۆگەی ئەو وێنانەوە، لە بەردەم ژیانی ئێستادا ڕاماندەگرێت وناچارمان دەکات بەراوردی ژیانی ئێستا بە دوێنێ بکەین. پرسیاری ئەوەمان لادروست دەکات کە ئاخۆ ئەو جوانی و پاکی و میهرەبانییەی لە ژیانی دوێنماندا هەبووچی لێهات؟ ئەمڕۆ بوونی ماوە. بەرزنجی لە ڕۆگەی ئەو شیعرانەوە، بەراوردێکی وردی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی تاکەکان، لە ژیانی ئێستاو ڕابردوو دەکات. ستایلی ژیانی هەردوو زەمەنەکەمان پیشان دەدات.بەرزنجی شاعیر بە بۆای من وەك خوێنەرێك، مرۆڤی ئەو سەردەمە نییە، ئەومرۆڤی نێو تەکنەلۆژیاو ژاوەژاوەی ژیان و بەڕۆبەت بوونی مرۆڤەکان و کاڵبوونەوەی بەها جوانەکانی ژیان نییە،ئەو مرۆڤی زەمەنێك نییە کە بۆ بەهاترین سەرمایە تیایدا مرۆڤە.

ئەو دەیەوێت ژیانێك بژیت، مرۆڤ تیایدا ئاسوودە بێت. ئەو دەیەوێت هیچی نەبێت ژیانی هەبێت، پێچەوانەی ئێستای ژیانی تاکەکان، کە هەموو شتێکییان لە جوانترین و بەهادارتریان و دواترین مەدلەکانی ژیانکردن هەیە، بەڵام ژیانیان نییە و هەست بەبەختەوەری ناکەن.. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەزموونی بەرزنجی بۆمن وەك خوێنەرێك، ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشە و پێشتریش لە بارەی شیعرەکانیەوە دواوم. ئەگەرچی زمانی شیعری ئەو شاعیرە، زمانێکی زۆر سادە و ساکارە، زمانێك نییە نە لە ناوەڕۆك نە لە فۆرم ئاڵۆزو گران بێت، بەڵکو هەمان زمانی ئاساییەکە بەڵام زمانێکە دووخاسیەتی دیاری تێدایە کە ئەوانیش لەلایەکە خوێنەر ڕادەگرێت و پرسیاری لادروست دەکات، ئەوەی دووەمیان زمانێکە دەگەڕێتەوە سەر بچووکترین و پەراوێزترین دیاردە و سیماکانی ژیان و لە شیعردا تەوزیفیان دەکاتەوە، کە ئەمە یەکێکە لە ئەرکە بنچینەییەکانی شیعر، بەوەی کە وێنایەك بەرهەم بهێنێت، ئەوانیتر درکی بۆ نەکەن.

بۆواناکەم لەو هەموو هەوڵەدا کە ملیۆنێك مرۆڤ زیاتری تێدا ئەژیت، کەسێکی دیکە هەبێت جەودت ناجی بەبیربێت، گامێشەوانە عەرەبەکانی بیربێتەوە و لە تێکستێکی ئەدەبیدا باسیان بکات. من دوای خوێنەوەی ئەو شیعرە، واهەست دەکەم لەو زەمەندا ژیاوم و هەموو شتەکانم بینیوە، گەرچی ئەو کات من هەر نەشبوومە. بەڵام ئەوە چییە وات لێدەکات هەست بەو ژیانە بکەیت، بڵگومان شیعرە. شیعرێك کە خوێنەر ڕادەگرێت دەیگەڕێنێتەوە زەمەنێك کە پرسیار بکات و بەراوردی ڕابردوو بە ئێستاوە بکات و دواجاریش خەسڵەتەکانی مرۆڤی لەهەردوو سەردەمەکە بدەربکەوێت..

*ئاوێنەکانی منداڵی هوردوهەڵابووون/شیعر/ ئیسماعیل

بەرزنجی/لەباوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپکاری وەژەیی هەولێر/2018..

سەدیق سەعید ڕواندزی

پاوانکردن / هێمن ... زاهیر باهیر

پاوانکردنی [هێمن] تاك بە تاکی دیکە بناخەیەك بوو بە پاوانکردنی چینێك بە چینی دیکە یا بە چینەکانی دیکە ، ئەمیش بە هۆی خەی بەردی بناخەی دەوڵەتی دانا بە پاوانکردنی هەموو کەمڵە.
دەرککردن بەوەی سەرەوەش من دەگەیەنێتە ئەم سەرەنجامە :
یەکەم : کەمڵەی هیرراشیەت / قوچکەیی بناخە بووە بە دانانی کەمڵەی چینایەتی. واتە سەروەرێتی و باڵادەستی یەکەم قۆناخی کەمڵە بووە نێك سەروەرێتی چیانیەتی کە لە هەگای ئابووریەوە [ئامرازکانی بەرهەمهێنانەوە] بووە. بەم پەوەدانەش لەناوبردنی کۆشەی چینایەتی مەرج نیەە یەکسەر کۆشەی باڵادەستی و سەروەریی کەمڵەی قوچکەیی لەناو بەرێت.
دووەم: ئەگەر هیەرراشیەت دایکی کۆشەی چیانیەتیی بێت کەواتە هیەرراشیەت چوارچێوەیکی گۆڕیە و کۆشەی چینایەتیی بۆشکە و بۆشکی گۆڕیە لێیی . لەم بارەشدا بە لابەلاکردنەوەی کۆشەی چیانیەتی کە بۆشکی گۆڕیە لەناو ئەو چوارچێوەیدا مەرج نیەە کۆشەی تەواوی چوارچێوە گۆڕکە کە باڵادەستیی و سەروەریەە ، یەکسەر لەبەین بچێت.
سێیەم: ئەوەی کە ئەم کەمڵەی هەاوتەوە هەبوونی ئەو شەواز و ناوەرکەیە کە هەکخستنی تەواوی دەزگە و دامەزراوەکانی ناو کەمڵە کە لە بنەوەی کە بە خەزان دەستپەدکات تاکو سەری سەرەوە کە دەوڵەت لەسەر بناخەی هیەرراشیانە / قوچکەییانە دامەزراوە کە پایە و ڕاگەری گۆڕەی سیستەمکەیە . لای من ئەوەی کە زەبت و هەبتی تاکەکان دەکات و بەو شێوەیە دەیانهەێتەوە زەبت و هەبتی کار و سەر کار نیەە، بەکو گۆڕایەیی و بەجێهێنانە.
چوارەم: مەرج نیەە کە مەژوی بوونی کەمڵە ، مەژوی تەکەشانی یاخود

ململانێی چینەکان یاخود چینایەتیی بووبێت. یاخییبوون، ملنەدان ، بەگژاچوونەوەی سەروەرێتیی ، باڵادەستیی ، سەپاندنی ئاو فرمان [ئەمر] ، هەموو ئەمانە زەر پێش یاخیبوون سەبارەت بە ململانێی چیایەتی کەوتووە و ئێی خێی بینیوە .

زاهیر باهیر – لەندەن
03/07/2019

وێامی کورد بە هەرشەکانی ئەردەگان بە سەر باشووری کوردستان … ئاسۆ حامدی

ئەوەی حکومەتی ئاکەپە و مەهەپە دیاوەت ووون و ئاشکرایە و بە دیان ساێ حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی ئەقلیم (ئیران ، تورکیا، عەراق و سووریا) لە ستراتیژیاندایە و چەندین پەیمانی جیاجیایان مەرکردووە و لەسەر ئەو کەکن کە کورد لەم ناوچەیە جوگرافیایەی کە بە گوەرەی پەیمانە نێو دەوەتیەکان بە ویست و ئارەزووی کۆلۆنیالیزمی دابەشکراوە و ویست و ئارەزووی گەلی کورد ژەر پێ نراوە، ئەمەش هەڵی سوورە بە ئەوان کورد هەردەبە ژەر دەستە بە، ئەمەش هەموومان کار بە سەربەخێیی دەکەین. ئەوان هیچ ئازادیەک و ئاشتیەک و سەربەخێیی بە میللەتی کورد بەوا نابینن. تەنها لە کاتی ئاوگەی سەنگ و سووکە هەزە ناوخێیەکانی خێان نەبە ئەوە کاریان بە میللەتی کورد دەبە و بەکارمان دەنن. ئەمەش هەردەم وەکو چەکوشی ئامادە ئامادەین و دەخزەنە نێو فەل و تەوکانیانەوە.

ئەوەی لە ئوستەنبەل ووێدا و کورد و هەدەپە سەرکەوتنی ئیمام ئۆغلێیی یەکلاکردەوە ئەوە بە ئەتاتورک و ئەوانی تریش کراوە، چەن بە مالکی و عەبدیشمان کردووە. ئەمە کەی وانە لە هەوکانی خەمان وەردەگرین؟. لە هەمووی سەیرتر لەسەر ئەمە تووشی پارچە پارچەش دەبین بە مەرامی دوژمنەکانمان. یەکە دەوە کورد بە لایەن بە ویەکە دەوە کورد تەوە لە ئەردەگان و عەبادی بکاتەوە بەچی کورد لە خەمی ستراتیژیەتەکەی خێی نیە و هەر خەریکی ئەپراسیۆنەوە؟.

هەکاری ئەم هەموو جیاجیایە چیە؟ بۆچی ئەم هەموو قازانج و مسلحەتی کەسایەتی و حزبی زاڵ دەبێ بەسەر قازانجی بەرزی نەتەوەیی و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی؟. کەی دەتوانین وەکو گەل و نەتەوە ئەم دەورانە تێ پەڕنین و بەهێز و یەکگرتوو بەرامبەر دوژمنان و نەرم و نیان و بێ دیالۆگ کارکردن و گۆشەدان بە فرە کولتووری و پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆ بە کورتی و کوردی پێچەوانەی ئەوەی کە هەیە.
ئەم کۆشیە بۆای من پێیوندی بە کولتووری ڕەکخراوەیی و ستراکتووری کۆمەڵگا و هێمای گشتی کۆمەڵگاوە هەیەو ئەمش پێیوندی سەرکی بە پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگاوە هەیە. هەروەها ڕۆی ئابور و خودی ئابور لە کۆمەڵگا و ناوندی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاوە هەیە. ئەگەر ڕەخنەیکی زانستی و هەمەلایەنە و گشتی مان بێ ئەوانە نەبێ و تەواوی کۆمەڵگا بەشداری نەکات لە پیادەکردنی دا ئەوە هەروا دەمینێنەوە.

سەرەتا هەر گرفتێ پێش ئەوەی دەستمان بە جاکسازیکەی بگات دەبێ کۆشکێ بە کۆمەڵایەتی ببەتەوە و کۆشێ قووبکرێتەوە. ئەگەر وا قووێ بووە و بە کۆمەڵایەتی بووە ئەوە دەبێ چارەسەرکی ڕیشەیی بە بکرێت.
بەڵام ئەم کۆمەڵگایەی ئەمە زۆر سیرێ هیچ مەسەلەیەک نایهێژنە وەسەڵەی یەکلاکەرەوەنیە، نە ژن کوشتن و نە ووەاتفرۆش و نە خیانەتی ئابور و نە گەندەڵی و نە قەرخی حزب لەلایەن بنەماڵە و نە ئاوارەیی و دەربەدەری و داگیرکاری و گەنم سوتان وهتد. بەڵێ زەرجار مرۆڤ نا ئومید دەبێ و تووشی دەستەوەستان دەبێ.
بەنموونە مەسەلەی پەرتەوازەیی گەلی کورد و دوژمنایەتی حزبە سیاسیێ کوردیەکان یەک گرفتی سەرکیە و ئەوە سەدان ساڵە بە شێوەی جیاجیا دوژمنانی گەلی کورد بەکاریان دەنن و خودی خەیان هەر ڕۆژە و ساتێ بیانەوێ بەگژ یەکیانەوە دەنێن. حزب و سەرکردە کوردیەکان چونکە ویست و ئارەزووی جیاجیایان هەیە و هەردەم ئەم کەرەستە ئامادەیە بۆ دوژمنان.

وەڵامی کورد بۆ ئەردگانیەکان هەر وەستانەوەو بەرگری سەربازی نیە، بەڵکو ئاوەژوو بوونەوەیە لەم بیر و هزرە سەقەتەی سەدان ساڵە کە ئابوری حزبە ناسیونالیستە کوردیەکان کە خەیان دەکەنە داردەستی بێگانە و نەکەری داگیرکاری. هەردەم حزبە دەبێتە لایەنگری حکومەتکی ئەقلیمی بە خە زاڵ کردن.
وەڵامی کورد بە داگیرکەران هەماهەنگیە و پشتیوانی و یەکگرتنە نەک

دوژمنایەتی یەکتر. □□ک ئەوەی دوایی خودی هەڵە دڕندەکان خوازیارن. ئەمە لە گرتنی کەرکوک و ناوچەکاندا □□ویدا هەمان مەسەلە بوون. □□نگە گرتنی خواکورک بە هیزی سەربازی دوژمن ئەوەندە ئاسان نەبێ بەڵام مەحاڵ نیە و دەبێ لەم بارەوە کەسە سەربازیە شارەزاکان کەمکی هێزە بەرگریکارەکان بکەن بە مەسەلەی ستراتیژی جەنگ تا داگیر نەکرێن. داگیرکردنی قەندیل یانی داگیرکردنی کوردستان بە ماوەیەکی درێژخایان.

ئەو □ابڕیەی هەیە ئەو حزبە دەسەلاتانەی هەن ئەگەر وا کاربکەن ناتوانن ئەم فکر و هزرە ئاوژوو بکەنەوە. چونکە وا خەیان زەلیلی سیاسەتە چەوتەکان کردووە و هەردەم پشت بەستوون بە بڕگانە لەلایەنی ئابووری و فەرهەنگیشەوە ناتوانن وا بە ئاسانی لەم زەلکاوە دەرچن. بە سەرەتا دەبێ خەڵکی کوردستان کار بە ئەمە بکات ووەاتە یان هەرەمەکی بەرهەمهێن چەکەرە بکات و پشت بەستوو بێ بە خۆ. دەبێ کەمێگایەک هەم لە باری کەڵتووری و ستراکتووری دا گۆڕبکات و خۆی بتوانێ پێداویستیەکانی دابین بکات. ئەمەش گرفتێکی ئەوەندە سادە نیە و بە □□ژێک و دووڕۆژ چارە ناکرێ و سەبری ئەیوبی دەوێ و دەبێ هەموو کەمێگا کاری بێ بکات.

زۆر نموونەی زیندوو هەن کە کەمێگاکانی دونیا بەم شێوەیە گۆڕیان کردووە و پاش چەند نەوەیەک بوون بە سەرکەوتووترین کەمێگا، دەکرێ سەنگافورە بەنموونە وەربگرین یان ئەڵمانیای دوای شەڕی جیهانی دووەم یان یابان و دورگەی کەریا بەنموونە وەربگرین کە چ ئاوگەڵەکیان لە ژیان و گوزەرانیان کردووە. یان چین و چەندین ووەاتی تر یان هەندە دورگەکانی زەریای هەمن و دوورگەکانی کەناری بکەین بەنموونە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە □ابڕی حزبە کوردیەکان ئەم کەڵتوورە دەست بەردار بن کە هەیە، خۆ بە بچوک زانین بە بڕگانە و خۆ بە زلزانین بەرامبەر بە نەوەکانی خۆیان.

□□خنەیەک کە لەتەواوی کەمێگا بگرین بە چەپ و □استەوە بە بە ئیسلامی و مەسیحی و زەردەشتیەوە بە□ابەر و بنکەکانیانەوە ئەوەیە کە کەشی کورد لایەنی زەری کورد و □ابڕیەکایەتی ئینجا هێزە دڕندەکان، لە هەر شوێنە بە کورد ئاسان دوژمنایەتی خودی خۆی دەکات و زوو دەبەتە یەدگ بە سەنگ و سووکی هێزەکان. ئەمە لە پەرلەمانی عەراقی نا فیدراڵ و پەرلەمانی تورکیەی ئەردەگاندا هەیە و بەردەوامیشن. بەنموونە لە کەرکوک و لە □□ژئاوای کوردستان وا هەر ئەم کارە دەکەن. بوون بە داردەستی بڕگانە نەخشی موزمنی گەلی کورد وکە دەردی □ابڕیەکایەتی. لاوانی گەل دەبێ کار بە گەیینی

ئەم هزرە بکات.

چەپ لە کوردستانی باشوور بە هەموو لق و پۆپۆکنیانەوە بە ئەوپەڕی کەمئەندامی و پاسفیستیەوە مەسەلەی نەتەوەییان تەسلیم بە حزبە ناسیونالیستەکان کردووە و ئەوانیش بە کەیفی خۆیان شانۆبای پێ دەکەن. چەپ لە کوردستان کار لە سەر گۆڕینی زەین و فکری کەمئەگا ناکات کار لەسەر (تەما) دەستەواژەی جیاجیا ناکات، بەنموونە مەسەلە ستراتیژیەکان و چارەنووسی کەمئەگا و مەسەلەی بەرهەم هێنان و بە یاسابوونی کەمئەگا و دروست بوونی فیدراسیۆنی کرێکاری و کارمەندانی هەرێم ناکات، کار بە بەرگری لە هەرێم ناکات دژی دوژمنان، کار بە ئاسایشی نەتەوەیی ناکات و هەردەم باس لەمەسەلە کەمئایەتیەکان دەکات یان تەنها ڕەخنەی لە مەسەلەی قەرخی دەسەڵات دەکات یان مەسەلەی گەندەڵی و ڕەفزی تەواوی دەسەڵاتە دەکات کە بەبێ ئەوەی هێزی کاملی بە ئۆپۆزناتیڤی هەبێ.

چەپ لە کوردستان دەتوانی زەر کار بکات و جەماوەری زەریش کە بکاتەوە بە حوکمی ئەوەی ڕۆژی زەری گەلەکەمان هێزارە، زەربەمان کرێکار و فەرمانبەر و پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایش هتد کارمەندین، ئەمە خۆی لە خۆیدا زەخیرەیەکی گەورەی چینایەتی بەهێزە بەڵام بە شێوەی کارکردنی دروست ڕێکخراو دەکرێ نەک بە کاری پەداگری لەسەر پرنسیپ و کتێب. ئەمە کوشندەترین گرفتی چەپی ڕادیکاڵە لە کوردستانی باشوور. چەپ دەتوانێ بە تەمای وەک بەرگری لە ناوچەکانی ژیان و گوزەران خۆی ڕێکخراو بکات و ئەم هێزەش لە دەنگدانەکاندا پشتیوانی لەم ڕێوتە بکەن و کەمئەگا بە ئاقاری تردا بەرن.

وەڵامی نەتەوەکەمان بە داگیرکاری یەکەمجار پەیوەندی بە چاکسازی کەمئایەتی و فەرهەنگی خۆمانەوە هەیە، یانی ئاوەژوو بوونەوەی ئەم هێزەستەی کە یەکتر دژی یەکتر دەسوێ، یانی ڕابەریەک کە لە قازانجی گەل و وولات نیە ئیتر ڕابەر نیە، یانی کەمئەگای بەرهەمهێن و پشت بە خۆ بەستوو دورست ببێ یانی دەبێ پەروەردەو فەرکردن لە ئاستێ بە بتوانێ زانست ومەعریفی بە نەک لەسەر بنەمای گەندەڵی بوا. کارکردن بە زانست و مەعریفە جیایە و سەزی نەتەوەیی جیایە، خۆک لە کوردستان چونکە بنەمای ڕۆشنبیری زانستی نیە بەڵکو کەلکە مەلا و هەندە شاعیری هەن و هەبوون (لەگەڵ ڕێزم بیان کە زەربەشیان ناهەشیاربوون ویەک سەرچاوەی ئیسلامیان هەبوو) ئەوە هەر قوەی ئەوانە دەشێلین.

گەل بە زانست و پیشەسازی و داهێنان گۆڕە دەکات نەک بە ووشەی

ئەدەبی و سەز و حەماس، ئەوانەی دوایش پێ ویستن بۆیام ناتوانن کەمۆگا لێ کەشمێ کەشکانی دونیای ئێستا بێ پشتەوە ببن. لاوانی گەل دەبێ واز لێم کەپیێ فەرهەنگیێی کۆنێ بێنن، بۆکو ەوو لێ زانست و مەعریفەی نوێ بکەن و دەست بێ تەکنەلۆژیای نوێ و داهێنانێ ئەکادیمیێ جیهانیێکان ببن بێ ئەمەش دەبێ فکری زمانێ زیندووەکانی کەمۆگا جیهانیێکان ببن و بەشدار بن لێ گۆڕینی ناوەندی ڕەشنبیریەک کێ بێ ئەدەب دەستی پێکردووە، تا ناوەندی ڕەشنبیری گەلەکەمان ببێتە زانستی و دەکیومێنت و مەدێرن. ئەمەش ڕەفزی ئەو فەرهەنگ و کەلتورە کۆنانە ناکاتەوە بۆکو سەرچاوەیێکی تر ی زیادیێ بێ گەشەدان بێ فەرهەنگی کەمۆگا.

ئاسێ حامدی

زامی ئاب … نووسینی؛ ئیسماعیل سابیر

یادێک بێ هاوین

شار بێ قەرەباغیێکانەوە پڕ دەهاوێ، حەسانەوەی پشووەکان لێ ئەپارتمانێکاندا دەهێنێتە دەرەوە، لێ ەووخساردا زام خەفەدەبێت.
جەستێ وەک تەرمێکی تژی لێ برین بێپشتدا هاموشێی کرد، درێنگ هەستت پێکرد دووپشک، شاعیرێکی تەراوێ وەک دووکەڵ لێناو ەووخاوی کۆمانێکان زەر نامێنێتەوە.
هەناسەتەنگیم بۆڕێ ڕەشکانەوێ خووی گرتووە، نەخێشیم وەک ئەسپەک لێ خۆدا گەوزاوە، لێناو نۆینگەکاندا چارەسەریم وەک ئاژۆکی بریندار دەنۆنێ، تێ ئەی پێنگی برسی چیتر ئاسکەکەی تێ نیم، بێیێ بەدوای دەرمانەکانتدا لێ هیچ شوقامێکدا بەم مەگۆڕە.
قاچەکان ماندووی جەنگەکی پووچن، خوێن بێ یەخێی کورتەک و شەلوارەکان بەتێ ملوانکێ.
شەشگۆڕەکان یادەوەریان ئێتککرد، " سەد و بیستییان " بەووی گرانیێکاندا کردەوە تا سەرخێشیمان چیتر قیەتاوی شار شپرزێ نەکات.

دووکەڵی بزوێنەرەکان ئایدیای پشووکانمان دەخنکێنێت.
کاشینکەفکان بەووی ئەتەکەتی تووڕەیەکانمان لە ئامادەباشی دابوون. توند دەستیان بە پلەپیتکەی هەواوە گرتبوو. خەوکان لە کەمپەکاندا ناونووس کران. شەهیدەکان لە داخی گەرما خوێنکانیان لە پشتناو و قاچیان لەناو سەریان هەڵگرت، لە گەستانە ساردەکاندا بە پاڵتە، بوون بە پاسەوانی کوردایەتیمانەوە.
سەری بریندار لە شەقامدا کە تەنگە جەی نابەتەوە، هەنگاوەکانم کە گوتت خوارن، لەخن بوون، قاڵەنچەیەک کە هابردوو بوو، پیسایی کاتەکانمی کرژت.
بەدیار هاینی وەرزەکان، کارگەکان سووتان.
ژیان لە سەبەری باخانەکان، زوو وەزی لەهەسا.
دەرگاکان بەووی چاوەوانیمدا هەوەرین، گەرما سوبەکتی سەبەرەکی شەواند.
یادەوەریی بووخاری کردووە، حەسانەوەم جەینابەتەوە، نائارام وەک هەلکە دەلەمەیەک لەناو سکمدا دەلەقێت.
هەوا بەدەتەنگییمەوە فەی گرتووە و دەست لە پیاسەکانم دەوەشێنە.
شەقام قاچی کەسکی پەدا نەوا، مات و دەتەنگ دەگریە.
کاتە؛ قەرەوەلەکەت پەنجەرەکانی دادەخات، قریشکە بەردەبەتە سەر حەسانەوەی پەخەفکان.
هووکاری پەستم، بەدیار سەوزبوونی گوڵەبەڕۆیەکەوە لەچی کرد.
جەستەم لە دەرەوەی کاتژمێر دەکەوزێتەوە،
بیرکردنەوەم تینووە، لە سەبەرێک دەگەڕێت نەیسوونەت.
بەزاریم لەناو ئارەقەدا هەن هەن دەگریە…
جەستەم هەندە بەدیار بەرحمی خەرەوە گەرم داهاتووە، لەم نزیک بیتەوە وەک کارگەیەکی تەقەمەنی بەووتدا دەتەقێتەوە.

ماشێنەکان بەفڕنکی بەناو خەر و هەوادا پیاسە دەکەن،
لە قەراغی شەستەکاندا گەرما قرچەی دە و عاموود وەک زام لە یادەوەریمدا دەوەت.
کەس دیار نیە؛ لە جیات بووکەشووشە جنەو لەسەر شەقامەکان دەچنم،
گەرمی زامەکان لە کەگای سەفەردا سەفتەکەم، کات شەمەندەفەرەکە هابردووم دەباتە پیاسە. ئەو چەند جارەی کەلەسەری شەوکانت لە بەردەبەوە، سەر زەوی پە ببوو لە زەلکاو، هەسیف لە چاوکانتدا جەگای خاڵی بوو. لەسەر شەستەکاندا تەنیایی بەهەڵا بەبەرچاوی داغەکانت دەسووایەوە. هیچت نەکرد. دەتویست دەستی پەیەکانت بگریت و بیگەنیتەوە ناو کەرنەفاڵی وەنەکان. پەکەنینەکان هەند دوور هەیشتن تاقەتیان نەما بگەنەوە بە ناو دەستپەکی یەکەم

نیگای ئەو شەقامانەی کەوا "ئەربائیل" شارستانیەتی سەمەریکان و ئاشوریکان و بابلییە کۆنەکانی تەدا عەمبار کرد.
هەوای تاقەتپووکێن دەکەی بەر سیکانت دەکەوێت. هەناسەت غەمگینە بە زام. یادەوەری لەکدابڕانی سەدیەکی تەدا فیچقە دەکات. پێیکان بریندارن بەو پیاسە درێژانەی کەوا کەشران. شوێنپێکان وەک بەنی ئازەڵکی تەپیو لە حەسانەوەی لووتم دەچەقن.
بە یادی گەرمی هەنگاوەکانی هاتن کە هەمووکات لەسەر لاشانی ڕۆژ ماندووەکاندا قوورس دەبینرێن، پەڵاوەکان ئەتکەتی هاتنی کەسکم بیرم دەهێننەوە، چاوەڕوانیم زیزبووە، ڕۆژگار بەڕوومدا ئەقینەکی کاڵفام، خەریکە لەناو جانتەکەتدا دەڕک کە دەڕوا، هیوایەک بەردەبەتەوە !
هەمیشە کە دەستت بە پاکەتی گیرفانی لا چەپم بردووە ماچی خۆتوو لەناو زمانمدا کەپەی کردووە.
چزوویەک لە شوێی گوللە هەمیشە ئامادەیە ئاراستەی پیاسەکانت بگەڕێت. زەرت جگەرە بە یادی ئەو ڕۆژانەی وازت لە جگەرە هێنابوو، کەشا...
بیرت نەماوە کەتا جار کەی فەینی خۆنەکانت تەکشکێنرا.
بیرت چەتەوە سەبیلکەت لە کوە بەتاکراو وەک فلتەری جگەر لە قەراغی شەستکاندا فڕەدرای.
بەزەحمەت ئازاری ئەو ماشێنانەت دەتەوە یاد کەوا لە سەیرکردنت وەک خەر دەسووتان و بەخیلییان بە شەبوونەوەی گوارە و گەرمی سەر شانکانت دەبرد. ئەو دەستانەی وەک خەاتەکی گرانبەها لەناو قەتدا توند گرێ ببوون. گەرمای تاقەتپووکێنی ناو تەپڵینەکان کردینی بە خەووز. بەخیلی، سروشتم بیردێنەتەوە، سروشت کاتێ؛ وەک دەعبایەک لە مابەینی درەختەکان دەجولاو مەڕەی لە ماچکان دەکرد، لە داخان کورسی و ئاموسانی پەنا باخچەکانی دەڵەراندەوە.

غرور تەپڵی شکستی بە شەوگاری شەوەهای شەوی هەموو ئەو ژوانانە لەدا کەوا لە چاوەڕوانیمدا بەدەنگیان هەڵبژارد.
غەریبیم سواری هەموو ئەو ڕۆژانە بوو کەوا کات لە ئابردوودا پیاسەی پێ دەکرد.
تە بیرت چەتەوە ڕۆژگارێک کات قیبلەنمای شەوەهای شەو بوو، شەو تژی بوو لە ئەستێرەی قاوەیی، کە لە خەو هەڵدەستان خەواوو خۆنیان لە بەردەبەوە، ئایندەیان وەک باران بەسەر سالەکانمدا دەڕژاند.
وەلە ئەستا داهاتوو قیبلەنمای پاشکەشی
ئەو پەکەنینە مەیاکراوانەیە کەوا هەرگیز نابنە ئابردوو.
تە هەستی پەناکەی، بەنام من چاک دەزانم، کاتیش دەزانێت "

شکستەکان دەبن بە پێویستی سووتاو، بە نیشانەیەک، بە دەستکەوتێکی بڕژگار، بە درێژایی تەپڵەینی ساڵەکان وەک خەیان دەمێننەوە و بە نەو چەوانی ئایندەماندا دەبریسکێنەوە !"

ئاگری تەموز

وەک دوو تەرمی سارد تابوت فڕامۆشی کردبێتن، لەناو پێخەفی ئاژمەڕەوە بەدەنگ بەدیار سووتانی کاتەوە ڕاکشابووین.
هاوین بوو ئاستەرە وەک شارە مەرووڵە لە دەوری غەریزەکانمان ئاڵابوو. چڵەکەش لەدەوری سەرمان وەک هەڵلانە،
گوتبووت؛ ئەم پانتاییە نەفرەتلێکراوە، سەربازەکانی زوو دەخنکێنێت. هەواکەی بۆرگەی ساردی لەشکرەکان ناگرێت، ئەی دەن کیشەتی خەڵفاو زوو سوپای خوێنکانت کەکەوە، تاکو تازی ژێر پەی غروری پیاوەکان ئابی ساڵەکانیان هەراسان نەکردووە.
ئاژ نیە مەشوولەیەکی عەبەس جەستەی هەڵتەقیوم نەخنکێنێت.
ئاستەڕەی سەر شانی سەربازەکان وەک ملوانکەیەک لە ملی شکستەکانی ژیانمدا بوون بە خەڵات.
چەقەی ماچەکان یادەوەریەکانی بزمار ئاژ کردووین.
لەڕ گەر ئەتەکێت پێشیوە دەبێت خێت لە سوبەکتی سەبەرەکەم لادەی تا چەقەی زام و شەپۆ گووت بڕنەکەوێت.
گوتبووت؛ مەچەکی ژنانەم بە کپی غەریزە و دەڵقی پیاوانە مەبەوە.
گوتبووت؛ تەورێک لەناو مەعریفە دەربڕنە و سەری دەتەنگی و گورگە هارەکانمی پێ بقرتێنە.
گوتبووت؛ غەمگینی سەبەر و گەرمی جگەرە کەشانت لە وێنەکاندا، وەک خەرمکی تاقەتپەوکێن لەسەی پشووەکانم دەسووتێنێت، لەووڕەی دانەگیرسانی لەوەکان لەناو پێخەفدا، ئاژ نیە مەمکی ژێر ستیانەکانم نەکرێژێت.

مانجەنیق

ئەی هەناتووی ناو کیشوەرەکانی شکست، نشوستەکانت بەسەر ووخساری ئاژە جەماوەکان هەمەواسە. وێنەی سەربازە ئازاکان لەناو بەتانیەکەتدا دەربڕنە، وەک منااڵکی ترسنۆک سەرت لەناو سەرینەکەتدا مەشارەوە، دەوکان ئاژەک پشووەکانت دەفڕنن، سەدارە بە ملی چاوەڕوانی وێنەکانت هەڵدەواسن، تەوی خەکوژی مەشکی هەموو ئەو خوونانەی پە دەگە کەوایە بەتمایە سەرین لەسەر سەری دانێت و بخەوێت.

ژوورەکان لە دیار گرمەبوونی ترسەکان دەبن بە ڤیستیڤالی تارماییەکان، تا لە بەستەکی پێوەندیەکان بدوێ، با سەبری زیاتنی بەتریقەکان لەو زەمهەریرەدا مردارمان نەکاتەوە. تارمایی سەر دیوارەکان بە بەدەنگی خۆونی سەربەاوەکان لە قتوو دەنێن، بنمیچەکان وەک بوکانێک دەتەقن و شوناسی ئایدیاکانمان نوقمی خامۆشی دەکەن.
سەرینەکەت فرمێسکی ئەبەدی پیاوە تەنیاکانی مەمیا کردووە. هەندە بە بازدانی مەیمونەکان خەت فریومەدە، مەحالە قاچت لەناو ئەپارتمانەکان جێگای بێتەوە، تا کە هیچ شەقامێکت نیە خۆونی تێدا لێخوێی و هیچ ماشێنێکت نیە جانتای ڕەبوارەکانی تێدا سەرخێی، هیچ کافێیەکت نیە ئەتەکەتی ماچی تێدا نمایش کەی، ئەی بۆچی ئاوا زوو فریوی ئەو دڵە پە شەهوەتانە دەخەی؟ کەستەکێکی لە کەوکاندا ڕەقبوویتەوە، هیچ درەختێک لەناو تەزی ئازارەکانت سەر دەرناهێنێت. لە چاوەڕوانی عفریتەکان دەبیت بە غوبار، حوشترەکانی بیابان سەوزاییت دەخەن، بەڕەحمانە قاچ بەسەر سووتانی ڕۆژەکانتدا دەنێن.

دەزەخ

ئەو خەڵکی لەسەر شەقام ژەر پەی پیاسەکانی دەسووتێنێت، دەیبینی؛ ڕۆژێک دەبێت بە ڕووناکی بە داگیرسانی تاریکی هەسارەکان.
ئەوەی وەک پەڕەمیسیەس لە تاریکی ڕۆژکاندا ئاگری لێدزرا، باکی بە ئەشکەنجەی ئاب و وەحشیەتی عفریتەکان نەبوو. ئەو پشکێیەی دەندانە گیانی "حەلاج"ـی گە تێبەردا، باکی بەسووتانی مەتەکە و ئەو هەموو زیندەخەوە نەبوو. ئەو شەوانەی ئاکشانی سەر جەخەوکان وەک پووشوپەلاش لەناو تەپەینی کاتدا دەبرژان، کارگەکانی نەستالژیا تژی بوون لە خستنەوەی ژان، هەر دەمەو زەندیقێک پاشگەزدەبوە و قامچی لە جوانیەکان دەدا. وەک پاسەوانێکی خەواوو بە دیار زنجیری پەی دیلەکان گەمژانە ئایندەمان بردە ژەر بەتانی کاتەوە و خەوتین.
بەیانی ڕەنگە دابەانێکی درێژ بێت، کەاو خودکەی سەرت پەویستە مین ڕۆژ بێت بە ئیدیال و گومانی ئەهریمەنانە. کەوانەی ئەقینت پە بێت لە زەخرەفەی ئازار.
لە ترسی کەکوژی فیرعەونەکان وەک کەبەرێک ئەو شاخ بە ئەو شاخ خەونەکانت لە پشتنە.
ڕەیشتنی هیواکان بەسەر پشتی کیسەڵکی لاوازەوەیە، قەرارە ئاسوودەیی، دەست بەسەر شەستەکانەوە پرسە بگەڕێت.
بازدان بەسەر سەر بەردەکاندا پشووەکی درێژی گەرەکە، زەخیرەیەک تژی لە نیگەرانی لەناو جانتاکەتدا دەبێت چاک گرمەڵە بێت.

قاچت دەئێشی و سەرقاڵیت بە یادداشتکەوە ئاماوە. لە قەڕەباغی هەنگاوەکاندا سەبەر نابینرێت، بیرکردنەوە بە یادەکی دوور، برین دەستەمێی دەکات. شەهیدەکان چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەوشتانەیان دەزانی بۆیە زوو مردنیان لە باخەڵنا، ماندوو، بەبێ تەقە و ووبەوو بوونەوە بەناو چاوماندا تێپەڕبوون.

ئەی زامی ئەو هەموو ڕەیشتنە چیە هەنگاوەکان عاسێ دەکات و ماشێنەکان لە قوڵاودا دەچەقێنێت؟
لە پشوو، لە چاوگەڵاندا تاریکییەک خەی ڕووت دەکاتەوە، فوو بە قەڕەباغی یادەوەریەکاندا دەکات، بەدەنگی نامەکان قەتماغەمان دەکولێنێتەوە. تەفسیر و ئایندەی هەموو وێنەکان دەباتەوە بە پوچی، لە تێپەڕینی ئێستای کاتەکاندا خامۆشی داگیرساوە.
لەگەڵ هەڵکردنی فریوی شەرشگێڕەکان هیواکانیش وەک مۆم وردە وردە دەکوژێنەوە.
تەماحەک هەیە، تاریکی بە ڕەژەکان هەڵدەکا، فریوەک هەیە، شوێندەستی گەڵانکارییەکانی شار لە ڕووخساریەوە ڕا دەشوێنێت، سیحرەک هەیە نازانی هی چ جادوویەکە، شوەک دادگیرسە و گە لە کۆئابڕی ڕەژەکان بەردەدا، کە هەڵدەکا، گەورە دەبێت، بە ئەبەدیش ناکوژێتەوە…

باش … نەوزاد بەندی

ئیتر بە خەیاڵیش
داوای دوو قاوە ناکەم
هەر یەک قاوە و
تەواو ..

باش ..
ئیتر بە خەویش
دوو بلیت نابڕم
هەر یەک بلیت و
تەواو ..

باش ..

ئیتر بۆ سوعبەتیش
دوو نەفەر داوا ناکەم
هەر یەک نەفەر و
تەواو ..

ئیتر
قبوڵ ناکەم
تەنانەت سەبارەکەیشم
لەگەڵما بێوا ..
هەر خەم و
تەواو ..

نە
و
ز
ا
د
بە ن د ی

هـــاویـــن ... محەمەد بەرزی

هـاویـن وەرزی گـەرمـایـــە
مـیـوەی زەر خـۆشـی تـیـایـــە

کـاڵـەک و شـووتـی و تـــرێ
مـــەز و هـەنـجـیـر و هـەرمـێ

هـەوژە و قـەخ و قـەیـسـی
ئـــاڵ و ســـورە گـەڵاســی

تـیـشـکـی خـــۆرەکـەی تـیـژە
ڕۆژانـــی زەر درەـــژە

مـانـگ و ئـەسـتـێـرەی گـەشـە
شـــنـەی شـــەمـاڵـی خـــۆشـە

بە ئەم وەرزە زەر گەرمە
فەنکی دەە دەندرمە

٢٥ / ٢ / ٢٠١٨

بە قادری حاجیی عەلیی … کامیار سابیر

گەان، رەگرە ئەی کە رە دەکاتەوە؟

ئەم وتارە، راستەوخە رووی لە قادری حاجی عەلیی نییە، بەکو ئەو وەکو میتافەرێکی سیاسیی وەنە کراوە، رووی لەوانییە ئومەدیان لەسەر بییرکردنەوە و ئەکتە سیاسییەکانی قادر و هاوەکانی داناوە. ئەم نووسیینە بە ئەویە بە کورتیی، ئەو خت و نەهجە سیاسییانە دەست نیشان بکا کە لە دوای شکستی گەانەوە، کەمەگەی کوردستان بە گشتیی و ناوچەکانی سلەمانیی و گەرمیان بە تایبەتیی، لەگەە بئومەدییەکی زەردا، رووبەوو بوونەتەوە. بە واتایەکی تر، دەکرا ئەم وتارە بگییرانایە بە قادر و برادەرەکانی، بەام مەبەست لە بەاوکردنەوەی، ئەویە کە سیاسەت بە رای گشتیی و بەرژەوەندیی گشتییە، دەبە راستەوخە و بە راشکاوییش روو لە خەک بەت.

ئەگەر بە دیدە ئەفاطەنییەکیش سەیری سیاسەت بکین، ئەویە ئەگەر فەرامشی بکیت، یان بە زمانی سەردەم ئەگەر بایکەتی بکیت، لە لایەن "کەسانی نزم و بە ویقارەوە"، جەو دەکرییت. دیارە ئەم سەرکەنەکردنی ئەو بایکەتە نییە لە دوایین هەبژاردنی کوردستاندا کرا، بەکو ئەو بایکەتە بەرینە، بە هەی خوەییەتی ئەو ئەپزیسیۆنە، بە فیکر، بە روئییە، بە روئیا و بە نەهجەوە بوو کە لە پەناو پارە و چوونە ناو دەسەاتەوە، رەک "کەپی"ی حیزبی مافیاکانی نەوتی دەکردەوە و کردیشی. بە دەخی ئەمەی کوردستان و عەراق، ئەو هەموو مافیا جەراوجەر و میلیاردەرە دزانە، بە هەی موردیی ئەو دییان هەزار رانتخەر و موبایەعچییەوە، جەوی کەمەگەیان گرتووەتە دەست، چونکە چەندیین ئافیونی ئایدیەلەژیی(

نەتەوەیی، نەژادیی، طائیفیی و شەرعییەتی میلیشیایی شاخ) بە کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگە و دزیینی سامانی نیشتمانیی، بەکار دەهێنن. لە بەرامبەریشدا، بەشێکی زۆری ئینسانە باشەکان و ئەو نوخبانەی ویژدانیان ماوە، یان بەدەنگییان هەڵبژاردووە یاخود خۆیان لە سیاسەت بەلاسە کردووە و هیچ چالاکییەکیان نییە. لەم جوغزەوەیە، دەکرێ قسە لەسەر جوڵاندن و مەبەستایزی سیاسیی خەڵک بکرێ کە بەهۆی ئەپۆزیسیۆنێکی مردارەوە بووە، بەئومێدییەکی زۆر باڵی بەسەریاندا کێشاوە، یان وەکو قادری حاجیی عەلیی دەڵێ، ڕێگرێ!

ئێستا وەهمێک لە لایەن ئەوانەی کە بەتەمای پێست و پارەی ڕەیعی چوونە ناو دەستاتەوەن، تەخشان دەکرێ، گوایە هیچ هێزێک ناتوانێ گەندەڵی تێپەڕێنێت؟ لە ڕاستییدا و لەسەر ئەرضی واقیعی سیاسیی، بەبێ دروستبوونی هیچ حیزبێکی سیاسیی نوێ، گەندەڵی هەر تەجاوز کرا، بەکۆ ئەوەندە بە جەماوەر، هەرگیزا و هەرگیز بە یەک لەسەر چواری جارانیشی، هەناستەوە. ئەو بایکۆتە بڕیارنە، ڕێک تەجاوزی خورافاتە سیاسییەکانی گەندەڵی بوو، بەڵام میکانیزمی سیاسیی ئەم تێپەڕاندنە زۆر گرنگە لە لایەن هەر سیاسیی و حیزبێکەوە، ڕابەرایەتیی بکرێ. ئەم وتارە، تەنیا وەکو بەرکوتێک بە هەستەنگاندنی بییرکردنەوەی قادری حاجیی عەلیی تەرخان کراوە کە یەکەمیین چاوپێکەوتنی ڕەسمیی کردووە، دوای ئەوەی بە تەواویی لە گەندەڵانی ئێستا، دوور کەوتووەتەوە.

سیاسیی ئەم سەردەمە، بە تایبەتیی پاش فەشەلی گەورەی گەندەڵان و ڕەبینینی گەندەڵان وەکو پرۆکسییەکی پارتیی، دەبێ بەرچاوڕۆشن بێت، کەمێک مەعریفە، کولتوور و جەرائەتی(سیاسیی) هەبێت، بە ئەوەی بتوانێت بەرچاوڕۆشنیی بە خەڵک بدات لەو دونیا جەنجاڵەی سیاسەتی کوردییدا کە کەمێک مافیا، چەتە"گانگ-Gang" و دزی میلیاردێری کورداییەتیی، وەکو پییشە، سیاسەتیان لە ئابووریی چەتەگەرییدا تەوظیف کردووە. قادری حاجیی عەلیی لەو چاوپێکەوتنەیدا، ئاماژە بەوە دەدات کە گەندەڵان، ڕێگرە لە گەندەڵانکاریی! لەبەرامبەردا بە زمانی چەپە فەندەمێنتالیست و ئایدیۆلۆژیستەکان نا کە هەمیشە مەمەڵەی ئاتەرناتیف باس دەکەن، بەکو لە بری ئاتەرناتیفی ئایدیۆلۆژیی، باسی گوتارێکی ڕەشن، جەرییانە، نیشتمانییانە(نەک نەتەوەیی و نەژادیی)، ئازادییخوازانە نەک طائیفیی و مەذهەبیی، دەکەین کە بتوانێ وەکو بەدیل لە گوتارە ڕزیمۆکەی کورداییەتیی، جیاواز بێت. ئەگەر گەندەڵان ڕێگرە، ئەی چۆن ڕێ دەکرێتەوە و ئەم ڕێگرانە لەسەر ڕێگە ڕادەماڵرێن؟ ئەمەیان هەر بە پەپۆلیزمی

جۆبیی، بە حەماس، بە شیعارات و زەخرەفەی سیاسیی، بە کەفوکۆ و شیێە شیێە، بەڵوە ناچێت، بەڵکو بە پرەنسیپ، بە ئیرادەی سیاسیی، بە مەراق و فیکری سیاسیی، لەنگەر دەگرێت.

سیاسیی، بە ماوەیەکی زەر قسەی نەکرد و بییر لە گوتار و ئەکتەکی سیاسیی جیاواز بکاتەوە، بە تایبەتیی کە گەلان فەشەلەکی ذەریعی تووش بووە، دەبە زەر وردەکار، سیاسیی و عەقڵانیی، مامەڵە لەگەڵ رەهەندە لۆکاڵیی(کوردستانیی)، عەراقیی، ئیقلیمیی و جیهانییەکان بکاتەوە. دەبە زەر لە هەڵبژاردنی چەمکەکاندا ورد بێت، بە تایبەتیی ئەگەر وەڵامی پرسیارەکان بە نووسیین بێت نەک بە شەفەهیی، دەبێت لە بەکارهێنانی زمانی سیاسیی و کەنتەکستە سیاسییەکاندا، هەوڵ بدا کەمترییەن تەفسیر و تەئویل بە قسەکانی بکرێن. بە چەند خاڵێک، هەندە سەرنج لەسەر وەڵامەکانی قادری حاجیی عەلیی، لەرەدا بیان دەکرێن.

1. قادر و هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بەوشێوەیە سیاسەت بکەن کە لە پەنای ناو و کاریزمای نەوشیروانەوە رەخنە لەم گەلانەی ئێستا بگرن، سەرەنجام هەر هەموویان لەو سەرمایە مەعنەویییەی رەکخەری گشتیی(پێشوو) گەلان، هیچیان بەرناکەوێت. سەرمایەی مەعنەویی و ماددیی ئەو پیاوە لای کۆمەکان و رەکخەری ئێستا و ئەو خانەی راپەڕاندنیە کە هەموویان، غولام، موریید و سەرلەقەنی خەی بوونە. دەبە ئەمە بە خەڵک و بە هەوادارانی خەیشیان روون بکەنەوە، جەرییئانە و واقیعییانە قسە لەسەر ئەوە بکەن، ئایا خودی نەوشیروان خەی بەشەکی سەرەکیی و ماستەرماینەدی ئەم گەندەڵیی و ویراثە سیاسیی و دارایییەی ناو گەلان، نییە؟ خە هەڵاواردن لەم پرسیارە ریشەییە، نیشانەی بەرچاوڵییی و ترس لە هەیبەتی نەوشیروان نەبە، خەرەکی بە ئەوانە نابێت لە گەلان، دوور کەوتوونەتەوە. زەر بە رەشنیی، دەبە بە جورئەتەوە، باسی ئەوە بکرێ کە ئایا ئەو پیاوە خەی راستەوخە بەشدار نییە لە بە خەزانییکردنی گەلان و دەستگرتن بەسەر تەواوی دارایی گەلاندا،ئایا بەرنامەی عەلەنییی و مەخفیی خەی، نەبووە؟
2. لە باسی جیاجیکردنی ماددەی ١٤٠ دا بەچوونەکانی زەر جوان، ئینسانیی، عەقڵانیی و عەراقییانەیە (وەکو سیاسییەکی عەراقیی، نەک لۆکاڵیی کوردیی)، بەڵام نە دەبووایە بە ناوچە جیناکەکان بڵێ ناوچە دابەوکان؟

بارزانیی بە بیاری ژمارە ٢٦ ی سەرکایەتی هەرەم لە ساڵی

**٢٠١٢دا، شيعرێکی سياسيی و ديپلۆماسيی، حيکمەتێکی قانوونيی و تيۆريی گەورەی داهێنا! ناوچە جێناکۆکانی لە خيانەتانی ناسيۆناليزمی نيعەشيرەتييدا بە " ناوچە کوردستانييەکان لە دەرەوەی هەرێم" گۆڕيی. ئەوکات، لوطفيش دەکات کە سەرجەم وەزارەت و لايەنە رەسميی و فەلەکان، پەيوەی پابەند بن. ماليکيی سەرەست بە کۆکتێلی ناسيۆناليزمی عێراقيی و طائيفيی، هەر زوو وەڵامی دايەوە کە حەماسەتێکەی سەرکی پارتيی، ناقانوونيی و نادەستورييە. پاش ٧ ساڵ، بە تايبەتيی دوای فشە گەورەکەی ريفراندەم، بارزانيی کە برازاکەی(نێچيرڤان) دەبە بە سەرکی هەرێم، هەشت قسە دەکات و چواريان ئەوە دەبێت کە بەو ناوچانە دژە کشە لەسەر(جێناکۆک)، دەی مەبەستەکە ئەمەيە بارزانيی بە بيزنەس، دەزانێ لە کوێدا کێنتەکستی دروست بکار بهێنێت؟ بە هەرکەسێکی تر، لە دەرەوەی کەينونەی ئەم سەرەتانە ئايديالۆژييە(کورداياەتيی) سياسەت بکات، دەبە لە ئەدەبييەاتی کلاسيک و مەدەرنی ئەم کورداياەتييە چاوگرييە، دوور بکەوێتەوە. دەبە لە شيعر، لە پەخشان و ئەدەبييەاتی هەزيل و هەڵکەوزاوی کورداياەتيی، خەی بە دوور بگرێ. قادر، لەسەر کەرکوک دژە"ئەستا کە لە رووی سەربازييەوە لەدەستيشمان، داوە.." باشە ئەمە هەر هەمان ئەدەبييەاتی پارتيی و مەديا سەبەرکانی و ئەو ئەردووە زەروبەرەی نوخبە و عەوامی نەژادييە نييە کە دەبووايە کەرکوک، لەدەست خەماندا بمايەتەوە؟ خەمان، بە واتای هەموو کورد دێت و بە ناوی هەموو کەرکوکييەکانيشەوە(بە تايبەتيی کوردەکان)، قسە دەکرێت. خەمان، ئەو مافيا گەورانەی کورداياەتيی نابوون و نيين کە رۆژی واليان بە خەليفە ئەردەغان، دەگۆڕا؟ هەر ئەوانە نابوون کە لەگۆڕ داعشدا، ڕەديف و حەليف بوون؟ مەگەر کەرکوک بەس لە ژەر ميليشياکانی کورداياەتييدا بمايەتەوە، ئيتر لە دەستمان نەدەدا، چونکە خوێن و گۆشت و ئەسقانەکانيان لە نەژادی خاليصی کوردن؟

3. لە وەڵامی پرسيارەکدا دژە" چيتير دروشمی بريقەدارو کورداياەتيی موزايەف و قسەشتنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕيی وقودسييەتی هيچ کەس و بنەماڵەيەك، نابێت دەنگدەر بگەمژێنێتو هەڵخەڵتێنێ" باشە بۆچی کورداياەتيی موزايەف بکاردەهێنێت؟ ئايا، پەيوايەی ئەم عەمالەتە ئيقيلميەی پارتيی لە شەستکانەوە دەيکات و دواتر يەکێتيی لە کۆتايی حەفتاکان و هەشتاکانەوە، هەمان کاسبيی دەکات و تا ئەستايش بە فەرم و شێوازی جياواز، لە کورداياەتيی بەردەوامن، يان

ئەوانەی لە ئەپەزیسیۆندا بوون و کوردایەتییەکی خالیص و زاهیدیان دەکرد، مەگەر ئێستا هەموویان لەژێر دەواری مەرجەعی کوردایەتییدا کۆنبوونەتەوە؟ ئەو مەرجەعەی لە دوو گوچکەیەوە کە رووەوە، وەکو پرۆکسیی (هەزە ئیقلیمیی و دەسگای موخابەراتی جیهانیی)، مەئموریەتی پێ سپێردراوە؟ ئایا لەم بە ئاسایی، بە ئومەدیی و کەگایەی دەساتی مافیاکانی نەوتدا کە تا رادەیەکی زۆر، گیان بەرپرسە، دەکرێ جارێکی تر، دەست بە فەرمێکی بگەنی تری ئەم ئاودەستخانەیە(کوردایەتیی) ببڕێتەوە؟ ئەصڵەن، ئایا هەر موشکیلەی خەڵکی کوردستانی عێراق، کێشەی نەتەوەیی و نەژادییە، یان ئەم مەلەفە بەس بیزنسێکی گەورەیە و مافیاکانی کوردایەتیی، سەرمایەگوزاریی لەسەر دەکەن؟ لە واقیعدا، کێشەی خەڵکی کوردستان، نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، دزیی و تاڵانییە، نەک کێشەی نەتەوەیی نەژادیی و طائیفیی، ئەم دوو رەهەندیش تێکەڵ بکرێن، عاقیبەتەکەی ئەو پەپەلیزمە دەبێت کە گیانی بەم دەردە برد.

بە ئاراستەیەکی تردا، ئەگەر هەر سیاسییەک، رەخنەی سیاسیی و فیکریی لەم ئافیونە نەژادیی و نەتەوەییە(کوردایەتیی)، نەگرێ و لە ترسی تەخوینی تەپخانەکانی کوردایەتیی، جورئەت نەکات شتێک بڵێ، باشتر نییە خەی تووشی ئەم موراديفە سەیرو سەمەرانە نەکات(موزەیەف)/ بە ئەوەی لای کەم، کەسانێک بەو هەڵەیەدا نەبڕن کە گوتاری کوردایەتیی لەدەست ئەم مافیایانە دەربهێنرێت و بخرێتەوە سەر رێچکەی خەی، لە حەقیقەتدا، کوردایەتیی بە ساغیی و نەخۆشیی، بە کاڵیی و کۆماویی، بە میلیتانتیی و بە مەدەنییەوە، بە وەطەنیی و خیانەتکارییەوە، بە عەوام و ئەکادیمیستییەوە، هەموویان، بەشکن لە توراثی سیاسیی ئەو فەشەلە گەورانەی بە درێژایی ٨٠ ساڵ، بەسەر بزوتنەوەی سیاسیی کورددا هاتووە.

4- هەموو ئەو کەسانەی کە لە گیان بەڵەسە بوونە، جا رەخنەیان لەی هەبێت یان هەر هەکارێکی تر، بە ئەوەی گیان بە باشیی تێپەڕنن، دەبێ لە بە گوتاریی، پەپەلیزم و خورافەی کاریزماکانی شاخ، دوور بکەونەوە و گوتارێکی شەفاف و جەرییانەی سیاسیی نیشتمانییان بە ئەم بە ئومەدییە هەبێت؟ بە دڵنیاییەوە، ئەمە بەو لۆکاڵیزمە سیاسییەی گیان ناکرێ کە پێیوابوو لە سلێمانیی و پارلمانی هەولێرەوە، دەتوانرێ سنووڕێک بە ئەم چەتەگەرییە ئابووریەی کوردایەتیی دابنرێت. بە تایبەتییش ئەم برادەرانەی زیاتر کەوتوونە

ناوچەکانی سلێمانیی و گەرمیانەوە، بە بۆعدەکی عێراقیی، بە لکاندنەوەی سیاسەت بە بەغدادەوە، تەنیا شارەتی هەناری کوردایەتیی دەخەنەوە و سەری خەیشیان دەئێشنن و تەمەنی نەوەیەکی تریش لە گەنجانی کوردستان، دەدەن بەدەم لافاوی ئەم چەتەگەریەی مافیاکانی نەوتدا.

بە ئەم بوعدە عێراقییە، یەکەمین تەخوینی ذاتیی لە بیرکردنەوەی سیاسییە قەومییەکان و رەشنبیرە نەژادییەکانەوە، رەنگدەژ کراوە کە خەبەخە دەچەتەوە خزمەتی ئاشکەی پارتیی و کوردایەتییەکەی مالی بارزانیی، ئەویش ئەویە کە عێراق خەی گەندەیی دایزاندووە، بەرەو شەقبوون و پارچەپارچەبوون دەبات، طائیفییەت کەنتەرەی هەموو جومگەکانی عێراقی کردووە و ...دەیان بلۆر و بالەڕەی تری کوردایەتیی موحەسەن و موزەیەف، لەدەرەن. بە سیاسەتکردن، عەقڵانییەت و واقیعییبوون لەهەموو شت گرنگترن. راستە عەڕاق، کەمەڵ تەحەدای طائیفیی و گەندەیی گەورە تێیدا تەکان دەدەن، بەڵام وەڵای هەموو خراپییەکانی، ئەو واقیعی سیاسیی ئیقلیمیی و نەسودەوەتییە، فەرزی دەکات کە دەوڵەت عێراق نەک خەلانچکە خورافییەکەی ئەوانەی ریفراندەمیان کرد و دەیانویست بەشەک لە ویلایەتی موصڵی جاران بە سەر خاکی دایک(تورکیای نیعوثمانییەکەی ئەردەغان) بگەنەوە. بە کورتییەکەی مەلەفی نەوت و سامانە سروشتییەکان، تەنیا و تەنیا بە دەوڵەتی عێراق و هاوکاریی هەزە ئەپزیسیۆنەکانی کوردستان(ئەگەر بوونیان هەبێت) لەدەست ئەم مافیا میلیاردەرانەی کوردایەتیی، دەسنرێتەوە.

5- سەرەنجام، گەلان بەیە ڕەگەڕ، چونکە چووەوە سەر پلەتە ئەصڵییەکەی خەی کە کوردایەتییە، کوردایەتییش، دزیی، خەدەوەمەندکردن و ریسواکردنی کەشەی سیاسیی کورد. لە عێراقدا، شتەک نەماوە کە ناوی قەضییەی سیاسیی کورد، بێت. جاران هەبوو، بەڵام ئێستا گرفتی ئیداریی و ئابووریی نەوان شارەکان هەیە و کەشەی سیاسیی کەرکوک و ماددەی ١٤٠یش، وەڵای ئەوەی دەستوریی و قانوونییە، وەکو قادر خەی دەڵێ، کەشەکانی نەوان پارتیی و یەکێتیی بەم ڕەژیمان گیانەوە. فەشەلی گەلان، لەبەر ئەوە نەبوو کە سەرکردە کاریزماکەی مرد، بەڵکو بە دەرەجەی یەکەم لەبەر ئەوە بوو، خاوەنی گوتارەکی سیاسیی ڕەشن نەبوو. ئەصڵەن فیکری سیاسیی نەبوو، پەپەلیزم، کەڵ و کوڵی کردبوو. مەعدەنی ئەصڵیی گوتارەکەی گەلان جیاوازتر نەبوو لە گوتارە پەپەلیزمە کوردایەتییەکەی پارتیی و تا رادەیەکیش، یەکێتیی، هاوکات، سەرکردەکەی فەشەلی هێنا لەوەی ئەو

دەستپاکیی و نیەتپاکییەی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و چاکسازیی، بە شیعار و حەماسەوە باسی دەکرد، نەیتوانی تەرجەمە بکاتە ناو حیزبەکەی و خەزانەکەی خۆیەوە. لەرەوەیە کە مەحەتترین ئینسانە سیاسییەکان لە چەپ و راست لە عەلمانیی و لە ئیسلامیی، لە گەنج و لە پییرەکانی شاخ، لە شەهادەدار و لە هونەرمەندی گەعدە، لە دەوری گەلان ئاڵان، بە ئەوەی شەریک بن لە خواردنی شەکەلاتەی رەیع و ئەو هەموو پارە دزیینەی کەرتی نەوت، پارتییش، زەر بە سەخاوەتەوە، توانیتی زەریینەی رەهای قیادییە گەنج و پییرەکانیان، خوەندەوار و ئومییەکانیان، بە پارەی رەیع، خرپن و گشتن بکات. هەموو ئەمانیش بەسەریەکەوە، بووە بە هەی ئەوە کە گەلان، بە کردەوە، رەگر بێت. پارتییش، لە ئایندەی نزیک و دووردا، لە رووی لۆجیستیی و ماددییەوە، باشتر خزمەتی ئەم رەگریی گەلان، دەکات. ئەی ئەم رەگریە چەن لادەبرە؟ بە قەولی عەرەب، والایام بیننا.

کامیار سابیر

گەانەوەی بە زەد لە نەوان خالقی و هەمن دا … هیوا ناسیح

پێشەکی دەمەوێت دانی پێدا بنێم، کە یەکێکم لە سەرسامەکان بە دەنگی خالقی، ئەو یەکێکە لەو دەنگانەی کە مەستم دەکات و دەمخاتە سەر سەرمەستی شادی و باڵی پەریان. وەک چەن بەسنور سەرسامم بە هەنراوە و پەخشانەکانی مام هەمن موکریانی نەمر، بەنام دیارە سەرسامبوون بە بەهرەمەندان نابێت رەگری ئەوەمان لێبکات کە سەرنج و رەخنەکانمان ئاراستەیان نەکەین، چونکە ئەوان کەسانی دیار و بەناوبانگ و خەشناون، هەر رەفتار و هەڵوێستکیان شونەوار و کاریگەریی خۆی لەسەر ای گشتی شەقام و نێو جەماوەردا بەجێدەهێڵێت. هەربۆیە نابێت لە هەڵوێستی ناراستیان ببورین و بە سزدارانە لەگەیاندا بجوڵێینەوە. ئاخر دواجار ئەوان موکی خۆیان نین، بەکو هی نەتەوەکەیانن.

هەمن موکریانی نەمر شاعیرکی گەورە و بە هەڵوێست و خامە بەپێزی

کورده، ئەو کاتەك کە کۆماری دیموکراتی کوردستان بە سەرکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، شیعری لەو ڕۆژەسمەدا خوێندەوە، دوای ڕووخانی کۆمارە ساواکەی کوردستانیش کاتێك هەواڵی لە سێدارەدانی قازی محەمەدی بیست، خۆی گەیاندە باشووری کوردستان، تا ڕەوشەکە ئارام بووەوە، ئینجا گەڕایەوە گوندەکەی خۆی و ماوەیەکیش لە مهاباد ژیا. لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول هاتەوە باشور و چووە پاڵ شۆڕشگێڕان و لەدوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ دا، ماوەیەك لە بەغدا وەك دوور لە کەسوکار و زێدی خۆی لە بارێکی سەخت و دژوار و ناهەمواردا ژیا، لەو ماوەیەدا (نامەی جودایی) نوسی، کە بە هەزاران خوێنەری لەگەڵ خۆیدا گریان. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لە شوباتی ١٩٧٩دا، گەڕایەوە ناوچەکانی کوردستان.

پاش ئەوەی جیاوازی ناوبەچوونی لەگەڵ حزبی دیموکرات دروست بوو بەداخەوە زۆر ئازاریاندا و سوکایەتییان پێی کرد، تا گەیشتە تۆمەت بۆ دروستکردن و زیندانییکردنیشی، بۆیە دڵی بە یەکجاری لە شۆڕشی کورد ڕەنجا و بە ناچاری و بەو پیری و کەنەفتی و نەخۆشییەوە گەڕایەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زێدی خۆی لای کۆە تاقانەکەی خۆی (سەلاح)، لەوێش چونکە لە کورد و ئەدەب و زمانەکەی نەڕەنجا بوو، بەڵکو تەنها لە دیموکرات ڕەنجا بوو، سەرباری ئەوەی لەدوای گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵات تووشی کۆمەڵێك نەهامەتی و هەژاری و سەختی ژیانی ڕۆژانە بووەوە، بەڵام بەڵو حاڵەشەوە گۆڤاری سروەی دەرکرد، کە بۆ ئەوکات دیاردەیەکی ئەدەبی گرنگ و بەبایەخ بوو بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، ئاخر ئەو سەردەمە هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی کوردی لە ئێراندا نەبوو. ئەم توانی لەم ڕگەیەوە زمانی کوردی ببات ناو ماڵەکانەوە، سەدان کەس لێیەوە فێری کوردی بوون بە بۆ ئەوەی لە خوێندنگە کوردیان خوێندبێت. دواتر بەداخەوە لە ڕۆژی 17ی نیسانی 1986دا لە ورمێ کۆچی دوایی کرد. لە ڕۆژەسمێکدا تەرمەکەیان گەڕاندەوە مهاباد و لە گۆڕستانی بوداغ سوتان بەخاکیان سپارد.. هەموو تەمەنی هەمن بگەڕێ لەسەردەمی شای ئێران و کۆماری ئیسلامیشدا هەوڵستێکی نانیشتمانی و نانەتەوەیی و نامرۆڤانەی تێدا نییە. بۆیە خۆی گوتەنی (موحتاجی محەک نییە و کوردی بۆ غەل و غەشە).

مەزهەری خالقییش یەک لە مەزنترین هونەرمەندی کوردە، قسەمان لە دەنگخۆشی و بەبەهرەیی ناوبراو نییە، بەڵام دەنگی زۆر لەسەر ڕابردووی هەیە، کە سەروەختی خۆی سەربە ساواک بووە و خزمەتی ئەو

ڕۆژهەی کردوە. ئەمەش زیاد لە کەس و سەرچاوەیەک باسی دەکەن. دەکرێت تا ئەو ڕادەیەی هەردەنگ و پاگەندە بێت و بەڵگەمان نەبێت و راستینەی مەسەلەکە دەرنەکەوێت، چاوی لێبپۆشین و بورابێت، بەڵام کە بابەتەکە گەیشتە گەانەوەی ئەو بۆ ڕۆژهەات، بۆ ژێردەستی ڕژێمی سەدارە و دژ بە کورد، ئەو ڕژێمەی هیچ مافێک بە کورد و گەلانی تری غەیرە فارس بە ەوا نابینێت، ئەو دەستەاتەی ڕۆژ نییە، هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدکردنی کۆبەران و کاسبکارانی کورد لە ژێر دەستیدا نەبیستین، ئیتر بابەتەکە لە پێشین و بوورین دەردەچێت و هەوڵستەی گەرەکە.

ئاخر کەس وەک هەمن سوکایەتی بە خالقی نەکردوە، ناوبراو وەاتنامەی یەک لە خۆشترین و ئارامترین وەاتی ئەورووپای لە گیرفاندایە (بەریتانیا) ئەو لە باشوریشدا لە هیچی کەم نییە و زێر بە ئاسانی کەسوکاری دەتوانێت بڵن و بیانبینێت، ئەو لەلایەن سەرجەم حزب و دەستەلاتداری باشور و جەماوەر و هونەردەست و گەلی باشورەوە ڕۆزلێگیراو و خۆشهێنراوە، ئەی کەوایە گەانەوەی بۆ خەرهەاتی کوردستان لەم کات و ساتەدا بۆچی؟؟ کێ لێی سودمەندە؟ هونەری کوردی یان ڕژێمی ئاخوندی؟ با سەفەرەکەی بە کاتیی و بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت، ئایا ڕژێمی ئێران ئەمە لەراگەیاندن بۆ ئارایشتکردنی (کرانەوە و دیموکراتخوازی و بوونی ئازادی) بەکار ناهێنێت؟؟ ئایا چ هەکارێکی وا گەورە و گرنگ پاێی بەم هونەرمەندەوە ناوە بگەڕێتەوە و بەشداری لە قیستیقاێی ژێر دەستەاتی ئەو ڕژێمەدا بکات جگە لە خۆئاشتکردنەوە لەگەڵ دەستەاتی ئێران و ڕێگەخۆشکردن بۆ گەانەوەی یەکجارەکی بۆ ئەو؟؟ ئایا خالقی بۆ لەخۆی ناپرسێت، بۆچی داریوش، لەیلافروهەر، موعین ئەسفەهانی و چەندانی تر، کە چەندان ئەوەندەی ناوبراو ناو و ناوبانگ و ئارەزوومەند و هەواداریان هەیە، تا ئێستا ناگەنەوە بۆ ئێران؟؟ تەنانەت زێریان بە داخی زەدی خۆیان و دیداری ئازیزانیان لە غەریبی سەریان نایەوە و کۆچی دواییان کرد. ئایا خالقی لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا چی پێ دەکرێت و دەتوانێت چ داواکارییەک بکات تا سەرکوت و چەوساندنەوەی ڕۆژهەات کەم بکاتەوە؟؟

خۆزگە مەزهەری خالقی هەر لە ئەورووپا و باشور و ئاوارەییدا بووایە و لە دووەوە زەدی خۆی گرانی بچۆایە، نەک بگەایەتەوە ڕۆژهەات و لەوێ بەرپرسانی ئیتلاعات و ئۆستانداریی سنە پشوازی لێ بکەن، چونکە دواجار سەردانەکەی جگە لە تزێک چێژی کاتی بۆ خودی خۆی و کەسوکاری، هیچ سودێکی بۆ گەلی ستەمدیدەی ڕۆژهەات نییە، تەنها

پەتی سەدارەی پێ ئەستورتر و کراسی دایک و خوشکی شەهیدان و کاسبکارە بە ناهەق کوژراوەکانیی پێ رەشتر دەبێت.

حەیف ! … نەوزاد بەندی

هەور ئینیستیگرامی نییە
تا لێی بپرسم :
ئیجازەکەت کەی تەواو ئەبێ ؟

دوکەڵ
فەیسبوکی نییە،
تا بۆی بنوسم :
توخوا عەیب ناکەی
ناوسکی ئەو خەڵکەت هەڵشکردەوە ؟

لە مرۆڤکان نائومێدم
ناچار هەڵخنە لە تۆکەڵ گوڵەبەژێ ئەگرم
کە بۆچی فڕی فڕین نابێ و
تاکو تەنکەی خەڵکە هەڵنافڕێ ؟
هەڵخنە لە قنگێ جگەرە ئەگرم
کە بۆچی لەسەر شەقام لێی ئەکەوێ و
ناتوانێ وەک سەرباز زەحف کا و
تا تەنکەی خەڵکە نەوەستێتەوە ؟؟
هەڵخنە لە تف ئەگرم
لە هەڵنی ژاوی سیارێ
لە عەلاگەی نایلۆن ئەگرم ،
کە بۆچی قەت مەڵتە وەرناگرن و
بەینباخێ نابەستن و
گەشتی چەند وەاتەکی تر ناکەن ؟؟

لە گەرما و سەرما زەر عاجزم
کە بۆچی بە هەموو ماسولکێ و چەک و جبەخانەکانیانەوە
ئەدەن بەسەر وەاتەکی بێ کارەبا
و

قەرزار
و
پێ لێ هەژار و ملیاردێردا ؟؟

لێ تاوێر تووڵەم ..زێر ..
کێ ئێزانێ ئێو خەڵکێ
بێ ئیش و هەناسە ساردن ،

ئیتر ئێم چوونە هەورێی لێ چی ؟
بۆچی لێگەڵ پێلێ حاجی لێقلێقا مەمکێکێتی ژیانکونکۆرە
جێ ناهەڵ ..؟؟

زێر گلێییم هەیە لێ هەناسەدان
لێ زیندێ چالاکیی
لێ میتابۆلیزم ..
لێ DNA
لێ RNA
ئێ ئێوانێ هی خەڵکێکن
خاوێنی ئێمەڵن و
ئێزانن سبەینێ چی ئێکەن و ..
دوێنێ ڕووبەڕێک لێ شانازییان
بۆجەهشتووێ ..

لێ پێشاک زێر بێزارم
کێ واز لێم هەموو
تارماییێ ناهێنێ ..
کێ واز
لێم کەمەڵگا
مردووێ ناهێنێ
نازانم چۆن ناترسێ ..؟

نێوزاد بێندی
Nawzad Bandy

هاتنەوە بە ماڵی چڵیان بە ماڵ … ڕانانی: بەکر ئەحمەد

ناوی ڕەمان: ماڵی پشیلەکان
نووسینی: هیوا قادر.
ڕانانی: بەکر ئەحمەد
30ی ئەپریلی 2019

"ئەوەی کول نابێت، بەفر و سەرما و تاریکی مانگی یانیوریە، بەردەوام بەفر ئەبارێ و سەرما وەک چەقۆ هەڵدەکات. تاریکیش هەموو شتێکی مرۆڤەکان، بە ژیانیشیانەوە دادەپۆشێت". لە کێش و هەوایەکی ئاوا زستانانەدا پاڕەوانی (ماڵی پشیلەکان)ی هیوا قادر لە خەوهەڵدەستێت و لە شەشی یانیوریەوە تا پێنجی فێبریوەری هەمان ساڵ، بڕیاریە بە کارێکی زۆرەملە لە یەکێک لە ماڵی پشیلەکانی شاردا.

ئەو ناوی (یوسف موهەمەد)ە و تەمەنی چل ساڵە. لە دە ساڵ پێش ئێستادا، لە پاڵی خوێندنی فێربوونی زمانی سویدیدا، لەگەڵ خوێندکارێکی دیکەی تورکدا لەسەر ناوی کوردستان دەبێتە دەمەقاڵیان و دە ساڵ دواتر، لە باڵکدا ئەم کێنە دەمەقاڵیەی ناو پەڕە دێتەوە سەر شانۆ و لە بیکداهەڵشاخانێکی تا ڕادەیەک خوێناویدا ، یوسف ڕاپێچی دادگا دەکرێت و لە بری سزایەکی تووند، کاری زۆرە ملێی بە ماوەی مانگێک بە دەبەنەوە. جۆرێک لە سزا کە لە سوێددا بە "خزمەتگووزاری کۆمەڵگا" ناودەبرێت و کەسی تاوانبار لە بری چوونەزیندان، لە کۆمپانیەکی خێرخوازی و دەستگا قازانجنەبەرەکاندا بە پێی ماوەی سزاکەی ، دەبە کاربکات.

"ماڵە پشیلەکان" لە 315 لاپەڕە پێکهاتووە، سۆفیری هەمەڕەنگی یوسفە بە شوێنی کارەکەی و ئاشنابوونی ئەو بە شاشتین ، کارینا، پیا، زیباخانم، فریشتە شەریفی، گوونیللا، سۆفی و دیقید. کۆمەک ناو و دەمووچاوی دیکە دێنە ناو ماڵی پشیلەکان و جێگایەکی ئەوتە داگیرناکەن. بەڵام لە ماڵی پشیلەکاندا، لە ڕێگای ئەو کاراکتەرانەوە کە ڕۆیان دەکەوێتە ئەوە، خوێنەر شایەتی کۆمەک چیرۆک و سەرگووزشتەی جوان دەبێتەوە کە ناوەڕۆکی ڕەمانەکە پێکدەهێنن.
(ئەلێکساندرا پاسکالیدێ) لە کتێبی "تاکسی"دا و لە ڕێی ئاخاوتن

لەگەڵ شۆفێری تاکسیەکانی کەمەڵک وەاتدا، چیرۆکی ژیانی زیاتر لە بیست و چوارشۆفێر تامارداکات و دەبێتە پێنجڕیەکی وا بە زانینی گۆشەیەکی ژیان لەو وەاتانەدا. ئەگەر دانیشتن لە پشتی سووکانی تاکسیەکانەوە شۆنی گێرانەوەی حەکایەتەکانی هاوەاتیانی کەمەڵک وەاتە کە (پاسکالیدە) پێشکەشی خوێنەری دەکات، ئەوا مانی پشیلەکانی هیوا قادر، شانی گەڵانەوەی ژیانی کەمەڵک کاراکتەری جیاوازن کە خوێنەری لەبەرانبەردا ڕادەگیرێت.

بەڵام نەک هەر ئەم کاراکتەرانەی سەرەوە کە ناویان هێنرا، بەڵکە لە هەر بەشێکی ڕۆمانی " مانی پشیلەکان"ندا، خوێنەر ئاشنای کەمەڵک ناو و ڕەگەزی پشیلەش دەبێت کە سەروکاریان لەگەڵ ناوکانی سەرەوەدا هەیە.

مایا، ئەنگەڵی تورکی، فیندۆسی دارستانی نەرویجی و زیبای ئێرانی، مەینی کوون، پشیلەی وانی، ماناکی نیکە، لوسیفەر، بەشێک لە ناوی پشیلەکانن کە هەریەکە و خاوەنێک و تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. هیوا قادر لە گێرانیدا بەشوێن زانیاری تایبەت سەبارەت بە ڕەگەزی پشیلەکاندا، ماندووبوونێکی زۆر نیشانداوە و خوێنەر بە سادەیی لە تایبەتمەندیی و خەسڵەتە جیاوازەکانی ئەم پشیلانەدا دەکەوێتە ناو فەزایەکی دیکەوە کە بە کەسێک سەروکاری لەگەڵ پشیلەدا نییە، جیهانێکی سەرنجڕاکێش.

بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە، لە (مانی پشیلەکاندا)، ئەوە پشیلەکان نین کە لە سەنتەری ڕووداوەکاندان. ڕەنگە ئەمە ئەو فۆڕمە ئەدەبییە وەستایانە بێت کە هیوا قادر سەرکەوتووانە لە خوێنەری دەکات.

بەڵکو پشیلەکان لەوێن و دەکرێ لە وەسفکردنێکی سادەی چەند دێڕدا شوێنی خەیان چەبکێن بە خاوەنی پشیلەکان و چیرۆکەکانی ژیانییان. بە کورتییەکەی، پشیلەکان ئامرازێکی ئەدەبین و لە نیگاو ناو و تەنانەت ڕەنگیشیانەوە، خوێنەر دەچێتە ناو مانی ڕاستەقینەی ئینسانەکان و لە چیرۆکەکانی تەنهایی، بێوەفایی، خۆشەویستی، خیانەت و تەنانەت دۆزەمە دەروونییەکانی ناخی ئەواندا لە بەرانبەر چارنووسێکدا ئەقڕە دەگرێت.

بەیەش پشڵەی زیبای ئێرانی هێندە دەهێنرێتە سەر شانی ناو قۆفسەکانی ماڵە پشیلەکان، تا لە ڕەگی ئەوەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئاغای شەریفی و فریشتەی کچی و زیباخانمی خەزانیدا پەیدا بکەیت. بەڵام ئەم چیرۆکانەی خاوەنی پشیلەکان هێندە سەرنجڕاکێشەر و

سیحراویانە پشکشی دکرێت، خوێنەر حەزدەکات یەک بەیەکی پشیلەکانی مالی پشیلەکان بە ساتێک دڕگای قەفەسەکانییان بکرێتەوە و لە هەگای ئەوانەوە گوبیستی ئەو چیرۆکانە بین کە هیوا قادر لە مالی پشیلەکاندا خوێنەر کیشدەکاتە ناو مالێ بچکۆلانەکەی(سیمبا)وە کە هەژانە سێ کەس کاری تیادەکەن و چەندە مشتەری جۆراوجۆر هەویتدەکەن.

پالەوانی سەرەکی ئەم هەمانە، هێندەی(¬شاشتین)ی خاوەنی مالی پشیلەکانە، کەمتر لە یوسفی کورددا بەرجەستەدەبێتەوە، ئەگەر چی ئەوە کارکردنە رەژانەییەکانی یوسف و سەفەری ئەو بە ئەم مالێیە کە هەوداوەکان بەشوین خێیدا دەخوەقێنە.

هیوا قادر لە خوەقاندنی کەسایەتی شاشتیندا سەرکەوتووانە کەمەک تایبەتمەندی ئەم پالەوانە دەنەخشێنە کە بە جۆرێک نزیکایەتی بە کەسایەتی پشیلە و ئەو تایبەتمەندییەتییەوە هەیە کە ئەم ئاژەڵە لە کولتوری سویدیدا هەیەتی.

پشیلە لە زمانی سویدیدا بە ئاژەڵێک دەناسرێت کە خاوەنی کونجکووییەکی لە رادەبەدەرە. حەزی ناسینی خاوەنکەیی و خەتەرسووین و نزیکبوونەوە لەی بەشێک لەو پراکتیکانەن کە پشیلەی پێدەناسرێتەوە.

بەڵام دەکرێ تە خاوەنی مالی پشیلەکان بیت و ئەم کونجکووییەت تێدا نەبێت؟

ئەگەر ژێر سەقفی مالی پشیلەکان ئەو فەزاییە کە خاوەنی پشیلەکان کەدەکاتەوە لە کاتی وەرگرتن و جێهێشتنی ئەواندا، بەڵام ئەوە کونجکووی لەرادەبەدەری "شاتشتین" کە پالەوانەکان ناچاردەکات لە گێرانەوەی چیرۆکانی ژیانیاندا، سنوورەکانی کامە شەخسییە و کامە ناکەی ببەزێنرێت ، تا ئاستی بڕاندن و هەوتبوونە ببات و سیمای پالەوانەکان بە جوانی دەربخات. لەسەندنەوەی ئەم کونجکووییە وەک سیفەتێکی بەرجەستە لە شاشتین بە مانای دروستنەبوونی هیچ چیرۆکێک.

لە بەرگی ئەم هەمانەدا نووسراوە:" مالی پشیلەکان هەمانەکی کوردییە بە نەفەس و تەکنیک و گێرانەوەیەکی ئەوروپی. لەم رەمانەکەدا ، فەزا، شوێن، کات و چەنتی رووداوەکان هەمووی ئەوروپییە". ئەگەر ئەم دەربەینەی سەربەرگی کتێب وەربگیردرێتە سەر زمانەکی ئەوروپی، گۆشنیگاکان بە ئەم دەربەینە چۆن دەبن؟ چی

وادەکات ئەوروپی بێت؟

من بە پێویستی دەزانم ئێستەکی کورت لەبارەی ئەم دیاردەیەدا بکەم بە ئاوڕی هەندێ لایەنی دیکەی ئەم ڕەهەندە دیاربخەم.

لە ماڵی پشیلەکاندا، هیوا قادر هیچ دیارفەتێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە کە بەو نەفەس و تەکنیکە نەنووسێت کە پاڵەوانەکانی ناو ڕەمان خەیانی تیادەبینن‌وە. بە کورتییەکەی، ئەو ژینگە کولتووری و کۆمەڵایەتییەی ڕووداوی تیا دەسازێ، ئەو جۆرە ئامادەییە کە تەکنیک و نەفەس شێوازی ئاخاوتنی پاڵەوانەکان دەستنیشاندەکات. بەم جۆرەش گێڕانەوەی ئەوروپی و نەفەس و تەکنیکی هەڵبژێردراوی ئەوروپی ماناکانی خەیان لەدەستدەدەن.

ناکۆک شاشتین و ئاخاوتنی ئەو لاگۆ یوسف و گونیلادا کوردانە بێت بەوەی نووسەری ڕەمانەکە کوردزمانە. ئەوەی هیوا قادر لەم ڕەمانەدا دەیکات، خوێندنەوەیەکی بۆئاگاهانەی نووسەرە بە کەسایەتی و شوێنپێی پاڵەوانەکانی لەو کۆمەڵگایەی ڕووداوی تیا دەگوزەرێ. ئەم لایەنە هێندە وەک گوێپێدانی نووسەرە بەو کەد و ئاماژانەی کە پاڵەوانەکانی تیاسازێنراوە، ڕووچوونە ناو ناخی پاڵەوانەکانەوە وەک ئاوڕی لەم ڕەمانەدا دەبە ببێت، کەمتر لە ڕیعایەتکردنی (تەکنیک و گێڕانەوەیەکی ئەوروپییەوە) دەکرێ سەرنجی بدرێتێ.

باشترین نموونەیەک بە دەرخستنی ئەم لایەنە لە ڕەمانی ماڵی پشیلەکاندا، پێوەندی نێوان یوسف و کارینایە. ئەگەر ئیشکالییەتێکی گەورە لە ئاخاوتن و کومینیکاسیۆنی نێوان ئەم دوو پاڵەوانەدا تا کۆتایی ڕەمان ئامادەیی هەیە، هەکارەکەی بە بەوای من لە کەسایەتی کارینا دا شاراوەیە کە هیوا قادر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. هیچ خوێنەرێکی ئەوروپی لە هەستەنگاندنیدا بە پێوەندیی و مامەڵەی ئەم دوو کارەکتەرە لاگۆ یەکتریدا لەم ڕەمانەدا ناگاتێتەوە بە ریعایەتکردنی "نەفەس و گێڕانەوەیەکی ئەوروپی". بەڵکو هیوا قادر لە ماڵی پشیلەکاندا پێڕەوی سادەترین پرەنسیپەکانی پاڵەوانسازی ناو ڕەمانە کە لەم دەربەندە سادە سویدییەدا خەی کورتدەکاتەوە: لاگۆ جوتیاردا بە زمانی ئەو بپێڤە و لاگۆ قەشەدا بە زمانی لاتینی بدوێ!

نەفەسی ئاخاوتن و داشتنی هەستکان و دووركەوتنەوە لە زمانەکی بەلاغیی زۆر خەرهەڵاتییانە بەزەقی لە خوێندنەوەی ئەم ڕەمانەدا هەستی پێدەکرێ. هەر لەبەر ئەو هەکارە سادەیەیشی کە نووسەرەکی

کورد فەزای گەردانەوەی چیرۆکەکەی دەباتە وەتەکی ئەوروپییەوە و ئەم کارەیشی سەرکەوتووانە بە ئەنجامدەگەیەنێت.

خالێکی دیکە کە من لە پەیوەند بە (نەفەس و تەکنیک و گەردانەوەی ئەوروپی)دا دەکرێ ئاماژەی پێبدەم دوو کەرتبوونی شوناسی ئەو نووسەرانەیە کە لە تەمەنێکی گەورەییاندا وەتاتی دووەم دەبێتە شوێنی ژیانییان بە هەی کێچ و جەبرەکانییەوە. کەمگای دووەم نووسەرانی کێچکردوو دەخاتە ناو جەبرێکی قورسترەوە کە پرسیارەکانی ئینتیما، یادەوەری، قاچێک لە ناو دوو کولتووردا کە نووسەری کێچکردوو لەگەڵ یەکەمیاندا گرفتێکی ئەوتەی نییەو بە کەدە دەرکیی و ناوکییەکانی ئاشنایەتی هەیە، بەڵام لە گەڵ کەملگای دووەمدا کەمێک پانتاییەکی ناڕۆشن هەن کە ناوەرە دەستییان بە بەرە. بەیە لە دەخێکی ئاوادا، بەشێکی زەری نووسەرانی کێچکردوو، دەکەونە دەخێکی تایبەتی نووسینەوە کە دووبارە نووسینەوەی تاقیکردنەوەی کێچ و شووناسی تازە و یادەوەری ناوەرەکەی پێکدەهێنێت. کەم نووسەری کورد هەیە لە سویدا کە لانی کەم بەرهەمێک یان زیاتری سەبارەت بەم جەرە نووسینانە نەبێت. بەشێکی زەرییان تا زەمەنێکی دووریش لەسەر فرەشتنی حەکایەتەکانی کێچبەربوونی خێیان دەژین. ئەوەی لە کەمگا ئەوروپییەکاندا بە نووسینی نووسەرانی کێچکردوو ناویان دەبرێت، ناوهێنانی ئەم کاتیگەرییەیە لە کاری ئەدەبی.

مالی پشیلەکان ناچیەتە خانەی ئەدەبیاتی نووسەرانی کێچکردووەوە بەوەی سەرگوزشتەی کێچی تیادەنووسرێتەوە و پاڵەوانی رەمانەکە کورد و نووسەرەکەیشی کوردێکی کێچکردووە بە سوید. بەڵکو کەشێکی هەتا بەڕە سەرکەوتوانەی هیوا قادر وەک هەر نووسەرێکی دیکەی کەمگای سوید کە کەرستەی نوێ بە نووسینەکانی هەدەبژێرێت. هیوا قادر لە مالی پشیلەکاندا لە نووسەرێکی کوردەوە ، لە نووسەرێکی پەنابەرەوە دەبیتەوە بە نووسەر.
مالی پشیلەکان بە هیوا قادر بازدانێکی گەورەی شەخسییە و سەرکەوتووانە ئەم شوێنپەگەینەوەیە لە نووسەرێکی دیاریکراوەوە بە نووسەر ئەنجامدەدات.

لە شوێنکی ئەم نووسینەدا ئاماژەم بەوە دابوو کە لە مالی پشیلەکاندا ، پشیلەکان لە سەنتەردا نین. بەڵام لە پەراوێزدابوونیشیاندا، بە مانای نادیاربوونی ئەوان لەکنادرێتەوە. کاتێکیش دەربڕنە جوانەکەی ژنە شاعیری ئوستڕالی، پام بەاون لە بەرچاوبگیرێت کاتێک دەنووسە: بەچکە پشیلەیەکی وردیلە کارەکی وادەکات کە ئینسان نایەتەوە بە ماڵەکی چۆڵ، بەڵکو دەتەوە ماڵ.”

ئەوا ئەوسا هەستدەکرێت پرسیی کردنەوەی مالی چێ بە مانیان بە پێچەوانەوە، بە یەک بڕیکی پارەوانکانی مالی پشیلەکان ئامادەییکی گەورەی هەیە وئەم تابلۆیەی پکاسۆ زیانی ئینسان و ئاژەڵ، لە مالی پشیلەکاندا، پێدەبێت لە دەنگ و ڕەنگ و ژیان.

دەوڵەت ... نووسینی جۆزیف پرۆدۆن-11

دەوڵەت*:
نوسینی جۆزیف پرۆدۆن، P. J. PROUDHON
و: زاهیر باهیر
بابەتی دەوڵەت، سروشت و ئایندەی:
بەشی یازدە، کۆتایی:

بڕەنجام:

دەوڵەت دەستوورێك، دامەزراوەیکی دڕکییە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی.
دەستورکە لە پرنسپەدا وای فەرزدکات کە کۆمەڵ ئافرینەدەی مەشك و ئاوەز، بەبەشە لە خەسکەتی، لە بە تەنگەوەهاتن، لە یەکەتی، بەم هەکارەش خەڵکی بە کاروبارکانیان پەویستیان بە هەڵبژاردنی دانەیك یا زیاتر لە بڕبژڕکان هەیە، یاخود نوێنڕایەتیکردنیان لە ڕەگای میراتیی و جەگرتنەوەو، ئەمە گریمانەکی ناڕاستە کە بناخەی گەشەندنی ئابووریی کۆمەڵ هەروەها ڕەکخستنی مافی گشتی دەنگدان هاودەنگن لە نیشاندانیی ئەم ناڕاستیدا.
دەستورکەی دەوڵەت لەو زیاتریش دەسەپێنێت لە ئامانجیا کە دووژمنایەتی یاخود حاڵەتی جەنگ جەوهەریە و بارودۆخکە مرۆڤایەتی ناتوانێت خەی لە لادات، ئەو هەلومەرجەیە کە جیاوازی نەوانی بەهەز و لاوازی زڕوور کردووە، دەستوردانی زڕەملەی دەسەڵاتە بە کەتاییهێنان بە خەبات و تەکوشانیان بە بەکارهێنانی کەی هەموو جۆرە داپڵاسین و سەرکوتکردنێك. ئەمە لەم بارەدا پێداگریی لەسەر

ئەو دۆکەین کە پەیامەکەی دەوڵەت کەتایی هات لە ڕۆژگای دابەشکردنی کار و هاریکاریی ئەوانەی لە پیشەسازییدا کار دەکەن. ئارەزوومەندی و داخوازی خۆشگوزەرانیی و هەروەها یەکسانی دابەشکردن لە سەرمایە و لە سیستەمی باج، ئازادیی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی، ئەمانە دەنیایی‌یەك مسۆگەردەکەنەوە کە زیاتر لە هەر شتێك لەوانەی کە دەتوانن لە لایەن دین و دەوڵەتەوە دەستبکەوێت. هەرچیش سەبارەت بە گواستنەوەی ئەرێینانەی دەوڵەت، ئەمە وای دەبینین کە وەکو خەیاڵێکی ناکۆک لە لایەن تراديسۆنی حکومەدارێتی بە مێلی شۆشگێڕانە و توانای زیاتر پەسەندکردنی چاکسازییە ئابووریەکان. لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت ئەو ئازادییە بە تەنها کە دەسەڵات ڕێکدەخاتەوە کە لە هەنووکەدا هاوتایە یا یەکسانە بە دەرکردنی تەواوی دەسەڵات.

وەك سەرەنجام، یان شۆشی کۆمەڵایەتیی بوونی نییە، یان هیچی دیکە نابێت حکومەت هەبێت، ئەوش چارەسەری ئەمەیە بە گرفتی سیاسی.

.....

*لەم نامیلکەیەدا پرۆدۆن ڕەخنەگرنگەکەی دژ بە پێگەی سۆشیالیستە دەوڵەتیەکانی / دەوڵەتخوازەکانی وەکو Louis Blanc و Pierre Leroux دەخاتە ڕوو کە لە ژێر وەهمی گواستنەوەی دەوڵەتی- سەروەردا بوون کە سیحراویانە لایەن ئەوانەوە دەکرێت بە دەوڵەتی – خزمەتکار کە لە خزمەتی خۆکدایە، بگرێت. بە بەدبەختی، ئەم وەهمە بە فراوانی و بە زەری بەاوبووەوە و تا ئێستاش وەکو هەموو وەهمەکانی دیکە هەر لەگەڵمانایە ، ئەگەر بمانەوێت مرۆڤگەلێکی ئازاد و پێگەیشتوو و بەرپرسیار بین، ئەم وەهمە پێویستە ڕەتبکرێتەوە.
پرۆدۆن ئەم تێکستەی لە ساڵی 1848 دا بە فەرانسی نوسیوە و Benjamin R. Tucker لە ساڵی 1960 دا وەریگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی. منیش لە دەقە ئینگلیزیەکەیەوە گێڕیومە بە زمانی کوردی.
خوێنەر لە خوێندنەوەیدا پێویستە ئاگادار بێت کە هەندێك بۆگەن و وشە کە هاتون، هی خودی دوو نیارەکەی پرۆدۆنە و پرۆدۆنیش بە تەوسەوە بەرانبەریان، like Louis Blanc و Pierre Leroux ، بەکاری هێناونەتەوە. گەر خوێنەر تێبینی ئەو نەکات ئەوە ڕەنگە تووشی سەر لێبشێوانبێت کە لە کاتێکدا هەمان تێگەیشتن و چەمك لە لایەن خودی پرۆدۆنەوە و نیارەکانیشیەوە بەکارهێناون. لە وەها حاڵەتێکدا خوێنەر وا حاڵی دەبێت ، کە جیاوازییەك لە نێوانی ئەم دوو لایەنەدا نییە .

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێم تێکستێی پڕۆژەکە بە دیدی ئەنارکیستەکانی ئێستا خاڵی نییە لە سەرنج و تێخنە کە ئەمڕۆ لای ئەنارکیستەکان شتێکی ئاساییە، هاوکاتیش بوونی ئەو تێخنە و سەرنجانە لە ئەنارکیستیبوونی پڕۆژەکە کەم ناکاتەوە. بناخەی بیری ئەو و دژایەتیکردنی بە دەوڵەت و دەسەڵات و داکۆکیکردن لە خودی خەباتوبەریی و کاری هەرەوەزیانە و گەلکاریی و مافی تاك، تێسقاڵەك لە بایاخی نوسینەکانی پڕۆژەکە سەبارەت بەو پرسانە، کەمناکەنەوە. وەرگێڕ.

ئەلیمپ دوو گۆڕ ئەو ژنەی لە پێناو ئازادی ژنانەدا سەری پێندرا لە فەرەنسا

نووسینی: هەرمێ حەمە خالد ئەحمەد – مامۆستای زانکۆی پاریس.

بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ...

مەملەکەتێکی شکەت و هەوارێکی لێل ... ئارام ئازاد

حوکم کردن بە پێی ئایدەلۆژیایەکی دیاری کراو خراپترین جۆری گوزەران بۆ خەڵک فەراهەم دەکا, ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ پێی کارامەیی و لێهاتویی ئەوەی دەبێتە حاکم، بۆیە پێویستە بنەما و پرەنسیپ

رامیاریەکان بۆ ئاراستەیە بن کە خزمەتی رازی بە نەک رازی کردنی ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو.

هەمیشە خەمی خزمەتی ئەولەویەتی کارکردنی هەر سیستەمێک یا هەر ئایدۆلۆژیایەکی دەسەڵاتدار لە و روانگەیەوە دەکرێ وردبینی لێکدانەوە و بنیادنراندن بکەینە نزیکترین خاڵی بە یەکگرتنی بزوتنەوەی خەڵک و دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیادار وەڵێ لە پای خراپی هەریەک لەو سیستەمانەش ئیش کردن بە هەر یەکێکیان باشترە لەوەی سامانی وڵات فڕەهود بکرێ بە ساغبوونەوە بەسەر سیستەمێکدا، ئایا دەکرێ دەسەڵاتێک وەک دەسەڵاتی دووەمتانی ڕژەهەڵاتی ناوەڕاست هیچ سیستەمێک و ئایدۆلۆژیایەک (دووەمتانی پێویستی یەک فکر و ئایدۆلۆژیا لە ڕژەهەڵاتی ناوەڕاست لە پێنجەی دەست ئەولاتر نیە)کارتێکەری نەبێ و مەجالی هیچ جۆرە هەڵخزنە و پشنیارێک نەهێلنەوە بە چینێک لە ڕەخنەگران لەسەر ئەدای کارکردن و بڕەو پێش بردنی دووەمت لە ووی ئیداری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیەوە ئەو لایەنە سیاسەکشی لەلایەکی تر جێبەجێ چونکە هەڵی سورە و بە چاک و بە خراپ بە کەس نیە بچونیشی دەربارەی هەبێ ، هیچ هەڵی تە ناچێ کە بڕیت و ڕەخنە لە هیچ بگریت ئەوەش لەبەر ئەوە نا کە هیچ روی نەداوە و بابەتێک نییە بە هەڵخنەگرتن بەکەو بەهەی ئەوەی بابەتی هەڵخنەکە بە مەرالە و هیچ هیوایەک لە هەڵخنەگرتن نابینرێ.

شتگەلێکی زەرمان بیست و کەممان دیت ئەوەی لەم هەوارش دەگوزەرێ وەک هەبوو و نەبووی دەستپێکی حکایەتکانی منداڵیە لە قسەکردندا هەبووە و لە عەمەلدا نەبووە ، لە عەمەلیشدا بنیادنانی دیموکراتیەت لەسەر ئاسایی فەڵ و چواشەکردن ئەزمون لەناو دەبا، تەنها لەو پەناوەی ناوی بنەماڵەیەک یا ئاغایەک یا شێخێک لە حوکم دا بمێنتەوە ئەوە ناگەیەنێ بەن بۆ دیوە جوانەی ئەمڕ دیموکراتیەتی تەدا بەرجەستە دەکرێ لە دنیادا پیشانی کەمانی خەڵک بدرێ و کەمێک هیوا لە دڵیان دا بچێنرێ و تا بەرەنگاری دواهەمین هێزیان دەبنەوە بۆ هیوایەوە بژین ، لە میسر کاتێک شەرش دژی سیستەمی پاشایەتی لەسەر دەستی (محمد نجیب) و (جەمال عبدالناسر) دەستی پێکرد دروشمەکی دانایانەیان پێیەو کرد کە زەر ئامانجیان پێی پێکا (الدین لله و الوطن للجمیع) باوەداری بە خودا و نیشتیمان بە هەموان بۆپێی ئەو دروشمە هەموو کەسێک دەیتوانی ببێتە سەرێک نەک تەنها نوخبەیەکی پیاوانی ئایینی و لە هەمان کاتدا سیمای سەرێک تا ڕادەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن یا جوانەوەیەکی کەدەتایی تر دیار نەبوو کەشی ئەمڕ ئەوەیە سیستەمی

بەرەوبردن نە شەرشگێڕیە چونکە شێوەش دەمکە کۆتایی هاتووە و نە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و نە سەرمایەداریکی بنیادنەرانە و بزنس ، بەڵکو تێکۆشانێکە کە پەم وایە ئەو کەسەی حوکمیش دەکا خودی خۆی لەی تێنەگا ئەوە لەلایەک و سەرکی بیست ساڵی داهاتووش کە وەک هەوونی و ئاشکرا دیاربوونی خۆر لە ئاسمان دیارە کە لە کە و کە تێپەڕ ناکا.

دەتوانرێ لەو قالبەدا وەنای ئەو حەقیقەتە بکەین کە تە گرنگیت تا ئەو کاتەی داوای مافی گرنگ بوونی خۆت دەکەیت ئیتر گرنگ نامێنیت و نابیت هەر لەم دیوەدا هەندێک چین و کەس و بابەت گوزارشت لە هەموو شتێک دەکەن و لە هەمان کاتدا گوزارشت لە هیچیش دەکەن بە نمونە ژینگەپارێزێکی وەات ، ئەوەی کە ئەم و ئەو پیسی دەکەن ئەو پاکی دەکاتەوە لە هەمان کاتدا کە هاتە سەر مەسەلەی ئیستیحقاقاتی ماددی لە دواوەی دواوەیە و سفرێکی سادەیە.

دەبە مرۆڤ ئیمکانیەتی هەبە کە بڵێ (نا) ، ئەوان وشەی نا یان لا گرانە و گەر بە دەستیان بوایە هەر بە جارێک دەیانسریەوە چونکە ئەو وشەیە ئەوپەڕی کەمکی ناڕازایەتی نیشان دەدا ،ئەوە وەک ژیانی ژنیارێک دەتە پێش چاو کە ژنینەکەی لەگەڵ هەموو ئەو ئازار و نەهامەتیانە یەکدەگرنەوە کە لە ژیانی دا چێشتویەتی و ویستویەتی بە ژنین حەقی ئازار و ناخۆشیەکان بکاتەوە و دەتوانرێ بە ئاسانی هەست بە رووداوەکانی ژیانی ئەو کەسە بکرێ لە ڕەگەی ژنینەکەی لە هەمان کاتدا ئەو ژنینە پەیامێکی زۆر سادەتری ژنیار دەگەیەنە ئەویش ئەوەیە کە منیش ئینسانم و هاو بەچونم هەیە و ژمارەم لەم مەملەکەتە بەیە قبووڵی ناکا کە کەسێک بە و هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ئامێری ژنینەکەی بدا چونکە تاکە ڕەگەیە بە گەیاندنی پەیامە سادەکانی بە بەرامبەر.

کاربەدەستی ژیری گەندەڵ ترسناکترینە چونکە هەمیشە نوقسانی لە شتێکی پڕەفکت دەهێنێتەوە و بە بەشایی نەگونجاو پەی دەکاتەوە کە ئەو بەشاییە کەسێکی بە ئاگا و لاوازە بە ئەوەی کار لەسەر ئەم بەشە نوقسانە بکا و دەنگ و سەدای ڕەخنەگرانی بەشە نوقسانەکەش بەدەست بهێنێ و لە بەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە ، ئەمە بەشێکە لە فەلسەفەی ژیری کە بەهرێیە و پێویستی بە مەشکی کارامە هەیە ، وەرن سەیری دەوروبەر بکەین بزانین لە واقعی ئەمڕۆ ئەمە بەرجەستەیە یا نا؟ ڕۆژانە ناوی کەسانێک دەبیستین کە بونەتە دەماستی خەڵکی ناڕازی لە هەمان کاتدا کەمە دوورتر سەیری ئابردووی بکە بۆت دەردەکەوە ئەوەی لەبیر و هزری دا نەبووە خەڵک و موعاناتی خەڵک

بووە ، بۆیە پێویستە هەموو تاکێک پرسیاری ئەوەی لێلا گەالڵە ببێت کە بۆچی فلان کەس لەو فەترە زەمەنیە کورتەدا بووە بە مشورخۆری گەل ؟ دونیا لە دەقەیەک دا ئاوەژوو نابێتەوە بەڵام بیروڕای فیسار کەس لە دەقەیەکدا ئاوەژوو بوێوە بۆچی؟ دەکرێ وەڵامی ئەوانە و چەندان پرسیاری تر ئەم مەملەکەتە لە شەکەتی و ئەو ڕەنجی و قیرانە فیکریەی تێی کەوتوە دەربهێنێ و بەرگێکی تازەی پێ زانیاری بکاتە بەر.

ژن … شیعری هاوار تێیب … خوێندنەوەی ئیلهام هەرامی

[بە گوێگرتن لە شیعرەکە کلیکی ئێرە بکەن ….]

دوو چاوی … جەلالی میرزا کەریم

ژی تازە
لە خاك هەڵهات..
لە کوختەی پیاوی چەوساوە
لە تاریکی زیندانی ەش،
لەو دایکە ە کوژراوە
بەیانی نوێ
خێری هەڵهات
کام گوێ دوێنێ کە ژاکاو بوو
گەشایەوە
وەك خێری دەم ئاسێ سوور بوو
تێکەڵ بە ەنگی خۆناو بوو..
بەیانی، گەل

دەنگی ئەهات
قەڵای سەختی زەردار ڕووخا
هەزی سەرکەوت
گەلی عەراق
دوژمن تەفروتونا کرا
بەیانی سوور
پێ لە ئاوات
ئاواتی گەل و نیشتیمان
کورد و عەرەب
ڕزگاریان بوو
لەژێر دەستی داگیرکەران
بەیانی، گوێ
بزەی ئەهات
لەگەڵ خێری تازەی خەبات
پیرۆزبایی
ئا ئەم گوڵەش
ماچ بوو بەخوێ دای بە خەڵات
ڕۆژی تازەش
لە من هەڵهات
دوو چاوم تیایا بەدی کرد
نیگا مەست بوو
دوو گەمی مەنگ
هەزار یادم تیا بەدی کرد
یادی جوانێك
پێ کارەسات
خەباتی کرد، ئازاری چەشت
لەڕۆی زێری، وەکو منا
بێ نیشتیمان فرمێسکی ڕشت
دوو چاوم دی
جوان و شەرمن
جا نازانم، شەرمن لە من؟
یا هەر کفتن
کە تا دوێنێ
کراوە بوون ڕووە و دوژمن؟
دوو چاوم دی
نازانم چۆن
هێز بەمە خەم بیان دوێنم

چونکه هەزەك
ئەجووەنم
كە ەاستییە و یادە و خەبات

ئەی تازە گوڵ
ەەنگت جوانە
سەد كارەسات نات ژاكەنڵ
تۆ گوڵەك نیت
هەڵوەریو بی
گژەڵووكە بتفەڵنڵ
گوڵی سوورم!
گوڵم لێ گرە
زەرجار هاتم بۆنت بكەم
بەڵام ئاخۆ
ئەزانی كە
كەسپەك هەیە لەسەر ڕێگام؟
ئەویش دڵە
دڵێ تۆیە..
نازانم دووتوێی چی تیایە
ئاخۆ منی
لا مەبەستە
گوڵ ئەداتە ئەم هەڵبەستە
تا بۆی سازكەم
ئاهەنگی نوێ
پێ بێ لە گۆرانی و بەستە
گۆرانی یاد
بەستەی خەبات
بەستەی هەمیشە كەڵنەدان
هی ئەو چاوە
گەش و كاڵە
كە ئیلهامە بۆ شیعری جوان.

جەلالی میرزا كەریم

*لەم سەرچاوەیە گواستراوەتەوە:
گۆڤاری شەفەق، ژمارە 11 و 12. كانوونی یەكەمی 1958، كەركووك. ل:

20 تا 21.

ژیانی مامۆستا کامیل یەک ریگەی لە بەردەمدا ماوە! … ریبوار عارف

بەهادین جاجی بەکری دارتاش ناسراو بە ریبوار عارف

مامۆستا کامیل (م _ ک) ئەو کەسایەتیە کە ئەمرۆ بە سیمبولی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە دەناسیرێتەوە. ئاپورەی راپەرت و بەدواچوونەکانی ئەم رۆژانە لەسەر بارودۆخی ئەم ئنیسانە رەنگە قسەیەک بە کردن نەهیشتبێتەوە بە ناسینی حالەتەکەی ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ژیان و چارەنووسی ئەم ئینسانە روو لە کوی دەکات؟ وەک دەڵین هەموو ساتەکی هەناسەدان مامۆستا کامیل بریاردەرە بە مانەوەی لەژیانیدا. بەڵام ئەی ئۆگەر مەترسیەکان رۆژ بەرۆژ زیاتر بوو تا کەی دەکریت ئیمە رۆژمیرو شوکرانە ژمیری ئەم دۆخە نەخوازراوە بین؟!
ئیستە رۆشنە کەسەرئەنجام دکتۆرەکانی ئەلمان بەکەمالیک مەرجەوە بریای ئەوەیاندا کە نەشتەرگەریەکە بە بکەن… لەحاتلیکدا کە ئەم ئینسانە رۆژانە پیویستی بەکەسیکە بە هاوکاری کردن وپاراستنی لە هەمو ڤایرەسەک وهاوکات مەرجیکی تری فیربوونی زمانە … ئەوەی کە (م _ ک) تائیستە لە رۆگەی تاری کەمەلایتیەکانەوە لە رۆگەی کەمەلی کەسایەتی نزیەک و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و عێراقەوە ئەنجامیداوە هیچ ئومیدیک ناهیلیتەوە بە ئاورلیدانەوە. وەک خۆی دەلیت: ماوەی ٣٢ سالە من سالانە ٣٢ جار دەخنکەرم... تە بلی پاش ئەم دەریای وادەو بەلینیانە هیشتا هیوایەک مابیت بە ئاورلیدانەوەی دەسەلات بە ریگرتن لەمەرگی ئەم سیمبولەی شاری هەلەبجە؟؟؟
ئۆگەر تیپەربوونی 30 سال و لەدەستدانی هەموو خوشک وبراو دایک و باوکی نغرۆبوونی خیزان و مندالەکانی لە عەزاب و ناسۆری دۆخی

تەندروستی و دەرونی باوکیاندا کافی نەبووبیت بۆ وەدەنگ هاتنی دەسەلات و ئەنجامدانی کاریکی شایستە، ئیتر هیچ شتیکی تر کافی نیە. دەزانم سەرباری هەموو ئەم راستیانە هیشتا بەناچار زەربەی هەرە زەرمان سەرنجمان دەچیتەوە سەرئەوەی کە ئایا ئەم حکومەت و دەسەلاتە بۆ ئەوەندە خەساردو بی باکە لەبەرامبەر بە هاولاتیانی خۆیدا… بەلام لیتان ناشارمەوە من زەر دەمیکەیە لەو خۆشخەیالیە دەرباز بووم و ئەمەم بەرچاوشنی بە مامۆستا کامیلیش راگەیاندوە کە ئەو رەنگە بەناچار تا ئیستاش هەر هیوایەکی بە دەرکەوتنی تروسکاییەک مابیت لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە، بەلام لە چاوەروان مانەوەی زیاتر لە سی سالی ئەم ئینسانە کافیە بۆ ئەوەی کە ئیتر دلخۆشنکەین بەم خۆشخەیالیە، هیوادارم من هەلەبم و ئەم دەسەلاتە کاروباری پیویست بۆ (م _ ک) و خیزانەکەی ئەنجام بداتو ریگری لە مەرگی ئەم ئینسانە بگریت..بەلام کاتیک کە من ئومیدیکم بەو ئاگرانە نیە ئیتر ناکرێ پال بدەین بەهەمان دیواری داروخای بی بەرهەمەوە بە دەرباز کردنی ئەم ئینسانە لە دیوزمەی مەرگ، بۆیە پیموایە هیشتا تروسکەی هیوایەک بەدیدەکریت ئاگەر غەمخوارانی ئەم کێسەو هەر ئینسانیکی ئازادیخوازو بەتەنگەوچووی قوربانیای شاری هەلەبجە بینەمێدان .
بۆ من بی ئومیدم بەکارو بریاریکی لیبروانەی حکومەتی هەریم ؟!
هەقیقەت ئەوەیە کە بارودخی ئەم کەمەلگای وایلیهاتووە کە هەموو جوانی و ئەخلاقیاتیک بۆ تووتیلی بەرژوەندیەکانیاندا دەگوزریت، مرۆڤ واهەستناکات کەئیتر شتیک مایەتەوە بۆ باسکردن، کاتیک کە پاش تیپەربوونی زیاتر لە 30سال بەسەر کارەساتی کیمیابارانی ئەم شارەدا تیپەردەبیت، هیشتا بەشیک لە خەلکی ئەم شارەو دەیان کامیلی تر رەنج دەبەن بۆ هەلکیشانی هەناسەیەکی ئاسای ئیتر ناکریت چاوەروانیەکی زیاتر لەوەی کە هەیە بکریت لەم حزب و دەسەلات و کاربەدەستانە… سەرنج بدەن رۆژگاریک گەنجانی ئەم شارە بوونە قارەمانی زیندان و هیلکەی لە رانی سوورەوکراو بۆ بنبالیان دەشکاند، کەچی لەپاداشتی ئەو راوەستانەوە سەروەریدا ئەمرۆ بەدوای دوایین هەناسەکانی (ئایاری مەلا حەسەن)ەوە جەشداماوین، ئەوانیش سوویند بە رۆحی ئەو شەهیدانەی دوینی دەخۆن کە ئەمرۆیان دروستکرد، بۆیە ئیتر ناکریت هیچ چاوەروانیەکی زیاترمان هەبیت. کاتیک ''ژمارە یەکی'' سەیارەی پاریزگای هەلەبجە دەخریتە مەزاتخانەو پیشبرکیوەو کی چەند ملیونیکی زیاتریدا ئەوا خەلاتی ئەوی بکەن، چونکە گوایە بە پارەکەی رەنگە دوو پرۆژە بە ئەم شارە بکەنەوە ئیتر نابیت چاوەروانیەکی زیاتر بکریت… مەگەر وشیار بیاویلەی لەماوەی دەسەلاتداریەتی ئەواندا بەنرخی گیان لەدەستدانی چەندین ئەزیزی خۆی و برینەوەی هەردوو قاچی بە ئەندازەی هەموو

دەسەلاتکەی ئەوان و تەواوی ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا بە مین هەلگرتنەوە کاردەکەن گەلێک زیاتر مینی دەرنەهێناوەو ئەمنیەت و ئاسایشی بە پانتایەکی گەورە لە خاکی کوردستان و دانیشتوانی خەلکی ئەم ناوچەیە نەگیراوەتەوە، کەواتە ئەگەر بەهاو قوربانیدان و ماندووبوونی ئینسانەکان پیوانە بیت بە دەبیت ئەو ژمارە وەک ئاوردانەوەیەکی ڕەحی و ریزلینانێک بە قوربانیەکی وەک ئەو نەبیت، بەدەبیت کە مامۆستا کامیل پاش زیاتر لە 30 سال هیشتا لەو دەخەدا ڕەنج بەریت نەک هەر بەتەنیا بە هەلمژینی هەناسەیەک بەلکو بە لە ئامیزگرتنی منداڵکانیشی ….

کەواتەدەکری دەستبەجی چی بکەین؟

شەرمە بە کەسیکی وەک من گەر بلیم مامۆستا کامیل بەداخەوە لەدواین ڕۆژگارکانی خەیدا بەسەردەبات، کەچی چاوەروانی ڕووداندی کارەساتەکەبین.. ڕەنگە ئەزموونی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک کارکردنم لەبواری مافی پەنابەری و یاساوریساکانی وەرگرتنی ئەو مافەدا، ئەو هەقەم پێبدات کەشتیکی زیاتر بلیم لەمبارەوە… بەیە بگرنگم زانی لەم دەرفەتە بەرتەسکەدا ڕوو لە هەموو ئەو ئینسانانە بکەم کە بەکردەوە دەیانەویت (م _ ک) لەمەترسی مەرگ ڕزگار بکەین بەئەوەی لە ئاستیکی بالاتردا هەولێکی تر بگەڕبخەین کە پێموایە بتوانیت ئاراستەی دەخەکەو ئایندەی ژیان و چارەنووسی (م _ ک) بگۆڕیت. بەئەوەی کە خراپ حالی بوونیک نییەتە پێشەوە بگەڕنگی دەزانم کە هەولەکانی ئەم دواینەی ریکخراوی قوربانیانی کیمیابارانی هەلەبجە بەهەند وەرگرین، بەڵام بەبڕوای من بە وەڵامدانەوە بەنیازەکانی (م _ ک) کافی نیە. ئەوان دەکریت و دەبیت لەهەر هەوڵێکی خۆیان بەردەوامبن، بەڵام تا چنینەوەی بەرهەمی کارەکانی ئەوان دەترسم هەموو شتیک لە دەست بدەین. ئاخەر ئەوان بەناچار هەر خەریکن فشار بە دەسەلات بهێنن، بەڵام لە ڕاستیدا سەرباری ئەوەی کە پاش نزیک بە چارەکە سەدەیەک چاوەڕوانیمان لەم حزب و حکومەت و دەسەلاتە، ئێستە دەکریت ئاراستەی کارەکانمان بگۆڕین وجاریکتر ڕوو لەم وڵاتە بکەین کە مامۆستا کامیل داوای چارەسەرکردنی تیداکردوە.

بەدڵنیای زۆریکمان دەزانین کە بەدەستهێنانی مافی پەنابەری ریگەو ڕەوشتی خۆی هەیە سالانە لەو ئەلەمانەی کە(م _ ک) لێ دەیان و سەدان هەزار ئینسان مافی پەنابەری بەدەست دێنن ، بەڵام لە ریگەی هەندی یاساوریساو لە ریگەی گوشاری هەندی حزب وریکخراو کەسایەتی ئینساندۆستەوە لە ریگەی جوڵانی شەقام و ڕاوەستانەوە دەنگ هەلبڕینەوەو دواجار لە ریگەی ئەو پرۆتکول و ریکەوتنامانەی کە ئەم حکومەتانە خۆیان واژۆیان کردوە. کە من لێرەدا سەرنجتان بە

چەند خالیک رادەیشم .
یەکەم لە ئیستەدا کە (م _ ک) ئیقامەیەکی مەرجداری بەدەستهێناوە مافی ئەوەی هەیە کە یاسای یەکگرتنەوەی خێزان'' جمع شمل'' خوازیاری هێنانی خێزانەکەی بێت. ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی پەرتەکولە نیونەتەوەییکان حالەتی بەدەستهێنانی مافی پنابەری بەهەی حالەتی ئینساندۆستانەوە '' هومانیتارینن''وە بەدەست بهێریت، کە دەتوانیت حالەکەی (م _ ک) لەهەمان چوارچێوەدا بگونجێریت .
هەر لێرەدا زۆر گرنگە ئەوە بلین کە دیارە دەست بەکاربوون بە ئەم مەسەلە بەتەنیا ناتوانیت لە زەمنیکی گونجاودا ئەنجامگیری لبکریت. بۆیە دەبێت چەند کاریکی تر بکریت. کە ئەویش جاریکیتر بەپێی یاساوریساکانی ئەم ولاتانە هەر بابەت ومەسەلەیەک و هەر دواکاریەکی خەلک ئەگەر بتوانریت 50 هەزار واژەی بە کەمتر ئەوا لە رووی یاساییەوە چاو بەو برایاردە جەخشنەوەو بریاریکی تر دەدەن .
بە تایبەت ئەگەربیتوو ئەم کارە لەچوارچیوەی کەمپەینیکدا ئەنجام بدریت، کە ئیمە وەک فیدارسیونی سەراسەری پەنابەرانی عیراق ئامادەی دەست بەکاربوونین و دەتوانین بەخیرایەکی زۆر زیاتر کارەکانی بڕیوە بەرین و راستەوخۆی رووبکەینە حکومەتی ئەلمان لە ریگەی ریکخراو نیودەولەتیەکانی وەک دکتەرە بی سنورەکان، خاجی سوور، یونیسێف، ریکخراو ئینساندۆستەکانەوە ئەم کارە ئەنجامیکی سەرکەوتوانە بگەیەنین. لەبیرمان نەچێت لەجەرگەی ئەم دەست بەکاربوونەدا زۆرگرنگە سەرنجی میدیاکانی ئەلمان راکیشین بە پشگیری کردن لەم کێسە.
دواجار ئەوەش بلیم کە ئیمە چەند جاریک لەگەل (م _ ک) لەوبارەوە قسەوباسمان کردوەو بەلام ئەو بەهەی هەندیک سەرنجی تایبەتی خۆیەوە خوازیاری دەست راگرتن و دواخستنی ئەم جۆرە چالاکیبووە، من لە سونگەی بەرپرسیاریەتیەوە نەموویست ئەم باسانە تەنیا لە نیوان من و مامۆستا کامیلدا بمینیتەوە بۆیە هیوادارم کە پیشەوازی ئازادیخوازان لەم پیشنیارە بتوانیت بە زووی بمانگەیەنیت بە خالی دەست بەکاربوون بەهیوای نزیککردنەوەی مامۆستا کامیل لە ژیانیکی ئینسانی وبەدەستهێنانی مافی پەنابەری بەبی هیچ مەرجدانان و ئاستەنگیەک لە رووی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیداو ئەم دەروازە ئەو ئومیدەیە کە ژیانی مامۆستا کامیل دڵگەرینیتەوە بە باوەشی هیوایەک، هیوادارم لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیدبین بە بەتەنگەوەچوونی ژیانی ئەم ئینسانە!

بەیان نامەی حکومەت یان پاساوکی ئابووری ! ... شوانە حسن ابوبکر

ئەو بەیاننامەیەی ئەمڕۆی حکومەتی هەرێم دژی دەوڵەتی تورکیا بەهۆی بۆردومانی جاددەی کورتەک کە بووە هۆی کوژرانی ٤ کەسی سڤیل زیاتر لە بەیاننامەی میت یان سوپای تورکیا دەچێت.

شەرعیەتدان بە کوشتنی هاوڵاتیانی کورد لە ناوچە سنوریەکان بەناوەستوخەیی شەرعیەتدانە بە جینۆسایدی کورد و ئەنفال و کیمیاباران.ئەوەی بوە جێگەی نیگەرانی دوای سێ ڕۆژ حکومەتی نوستوو لەسەر ئەم مەسەلە هاتە دەنگ و هاتنەدەنگکەشی رسواکردنی میللەتی خۆی بوو چونکە ئاماژەی بەوکرد گوایە چەکدارانی پەکەکە هاتونەتاو گوندنشینان ئەمش پشتگیری کردنی دەوڵەتی تورکیایە و بەڵاستەوخۆی .

پەکەکە هەڕەکی ئازادیخوازی کوردیە کە بە مافەکانی کورد بەتایبەتیی و گەلانی تورکیا بەگشتیی تەدەکۆشێت، بەیە خەباتەکەشی ڕەوایە. پەکەکە دژی وڵاتانی سکاندناڤیا تەناکۆشێت، وەك داعیش نیە خەیی و ئایدیەلۆژیاکەی نەفرەت بن بە بەشەریەت.

پەکەکە هەڕەکە دژی دەوڵەتی تورك تەدەکۆشێت کە لەسەر خوێنی کورد و گەلانی ناوچەکە بونیادنراوە. دەوڵەتی تورك ١٠٠ ساڵە جینۆسایدی کورد دەکات. دەوڵەتکی جینۆسایدکارە. بەیە ئەوپەڕی شەرمەزاریە کە حکومەتی هەرێم شەرعیەت دەدات کوشتی خەڵکی بەتاوان. حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر حکومەتی پارتیی و بنەماڵەی بارزانیی، هەر هەندی حکومەتی سوریا و ڕژێمی بنەماڵەی ئەسەد نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکەن.

شوانە حسن ابوبکر

J + M = 10 … سەردار جاف

کە جەم دێی
تاریکی دەبێتە پرچەقەترانییەکانت و بە دەم شنەی شانەی
پەنجەکانمەوە
دەئاسکێ
وێنە هەنگینەکانت نمایش دەکا
تریفەی مانگ هەنگی کۆم و
ئەستێرەیش بە چاوەکانت
هەر لە گزنگی تارمایی
باڵات دەکاتە وەنەوشەو
گەردنی لامل کریستاڵ
خەون دەنگت دەهەژێنێ و
ئابوونی تەم لەنجەکانت
کە جەم دێی
بێ خەیشم نازانم لە چ مەملەکەتێ دەخولێمەوە…..
بای باوەشێنی هەناسەت
مناڵکی ئەوك پێی گریانمە
ونبوونکی بێ سەراغمە
دەرگای ماڵی نامبوونم
شەوە ڕووخسار لە خەیاڵم ساتی چێژ بەخشی ژانمە
دەبنە کەنار … قوڵایی ناخی پێ حەسرەت
ئاموسانەکەی گاردرمێین هێشتا شێتکی سەراسیما ونبوونمە
تەپڵی شەی ئیشقم دەکوتێ
جارێ زووە ئەو برین و ژانە کەمی نەکردووە و قەتماغکە و
لە قەراغمە
کە جەم دێی
جامی شەرابی ژیانم هەرگیز وەك ئێستا نەشکاوە
بە بارتەقای ونبوونی تێ
شێت بوون بە باڵام ئاڵاوە
تێ دەزانی
شەرم پێشتر وەك ئەمستا دای نەگرتم
خەمیش نەبووە خانەخوێی ماڵی شەواوم

چرکەی تەمەن نەبووە تاوی ژەهر نۆشینم
نەنرا بە شەوی بەراتم
کە جێم دێڵی
چرکەی وێنەی دیمەنەکان
جێ پەنجەی تیان گرتووە
نیگاکانم لە خەیاڵدانێ هەڵدەفڕن
لە نیگای چاوم بێ سینەت
کەشتی حەزم مت مت بووە و
ڕایگرتووە
کە جێم دێڵی
یادەکانت دەبنە سەرەتاتکەی خەمم
دەبنە مۆرانەی نێو جەستە و
بیری جەنجاڵی نێو سەرم
ئای کە ژانێکی پێ لە سۆی
دوا فەرهەنگی ئیشقمی و دوا ترپەی تەمەنی ڕۆمی
جگە لە تۆ
هۆگری شەوی هیچ ژنێکی تر نابم
دەپێم بڕێ
بەرەو کام لا بێ دەروازەی پێ لە هەتوان
پەنا بەرم
کە جێم دێڵی
وا نەزانی
دەم شڕێکی سەر شەقام و نێو کۆڵانم
پەنهانییەکانی نێوانمان
دەبنە سەربوردەی من و گۆ
ئەزیزەکەم
ئیتر مەحاڵە لە دوای تۆ
ڕۆگای ئیشقێکی تر بگرێ
چاو و هەناسە و بیر و دڵ

2019 / 6 / 27

سەردار جاف
ئەمانیا